# ڕاسکار


گۆڤارێکی وەرزیی
باس ولێکۆڵینەوەیە
4/2000


سەر نووسەر

صەباحی غالیب

نەخشەی بەرگ

عەلی مەندەلاوی

ناونیشان


105 Gladstone Park Gardens
London NW2 6JY ENGLAND

# دەستووری بڵاوکردنەوە لە [ باسکار ] دا

گۆڤاری ( باسکار ) بە تەواوی کامەرانییەوە رایدەگەیەنێ کە لاپەڕەکانی بۆ هەموو نووسەران و باسکاران بە جیاوازیی بیروباوەڕیانەوە کراوەیە .

باسکار گرنگی دەدا بە میراتی نەتەوەیی، بارودۆخی ئێستاو دوارۆژی کورد، پێوەندییەکانی کوردو کورد، کوردو میللەتانی سەردەستەو وڵاتە داگیرکەرەکان، کوردو نێودەوڵەتی. لە هەمان کاتدا مەبەستێتی پێتە بدات بەیەکێتیی کورد، ئازادیی بیروباوەڕو هۆیەکانی راگەیاندن، دادی کۆمەڵایەتی، گەشەکردنی ئێستاو دوارۆژ، سەربەخۆبوون لە بڕیاری سیاسیدا .

جگە لەو بنەمایانەی سەرەوە، بە پێویستی دەزانین، باسکاران و نووسەران پێڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١- تانەو هێرش و سووکایەتی بە بیروباوەڕو میللەتان و رێکخستنەکان و کەسان و نووسەران قبوول ناکرێ .

٢- بە شێوەیەکی زانستی باس و لێکۆڵینەوەکان ئامادە بکرێن. نێوی نووسەر، نێونیشانی کتێب و سەرچاوە، شوێن و کات و دەزگای بڵاوکراوەو لاپەڕە دەستنیشان بکرێن .

٣- پێوانەی بڵاوکردنەوە بە پێی زانستی باس و لێکۆڵینەوەکانە .

٤- چێتر وایە تایپکراو بن .

٥- بۆ شوێنێکی دیکە نەنێررێن بۆ بڵاوکردنەوە .

هەواڵنامەی کتێب

# باسكار

## ناوەرۆك

١-ئاسایشی نەتەوەیی کورد ........................ لاپەڕە ٥
صەباحی غالیب
٢-کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی ........................ لاپەڕە ٢٦
سەعید شەمس
٣-علمانییەتی تورك و ئەتاتورك ........................ لاپەڕە ٥٧
محەمەد ڕەسوول (هاوار)
٤-هەڵبژاردنی نموونە دەستەبەری کاری داهێنەرانەیە ........................ لاپەڕە ٧٦
فوئاد مەجید میسری
٥-ملوانکەی ستیل ........................ لاپەڕە ٨٥
محەمەد فەریق حەسەن
٦-ناساندنی کتێب ........................ لاپەڕە ٩٨
بەرگورد

صەباحی غالیب

# ئاسایشی نەتەوەیی کوردو لایەنە رووناکبیری و کۆمەڵایەتییەکانی

**"هێز بەتەنیا چەک نییە، گەورەترین هێزی پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی — نیشتمانی، یەکێتیی هێزەکان و ڕیزەکان و عەقڵەکان و توانستەکانە"**

**"ئەوەی لە نیشتمانە خۆزگەی دەرچوونێتی، ئەوەی گەیشتۆتە ئەوروپا، دەستی بە زاخا دەکرێ و بەهەشتی چاوەڕوانکراوی دەستناکەوێ"**

**هەندێ بیروباوەڕی سەرەتایی**

لایەنە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، لەگەڵ جیاوازیی و ساکارییاندا، لە بەرەبەیانی مێژووەوە، لە مرۆڤ و دەوروبەری نابنەوە. بۆ مانەوەو بەشادی ژیان مرۆڤ دەخوازێ خۆ لە دژمنەکانی سەرومالّ و شەرەفی بپارێزێ. ئەمە سروشتی زگماکی مرۆڤە. بۆیە هەر لەسەرەتاوە باوەشی داك و باب دەبنە جێی گەرموگوری دلئارامی و ئاسوودەیی. پەلاویشتنی بە ئاشتیی ژیان وای لێدێ نەتەوەو دەوڵەتیش دەگرنەوە. لەو روانگەوە ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکە لە دیاردە پێشینەکانی ژیان، بەپێی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەمیش لە گەشەکردن و چوونە پێشەوەدا بووە، تا لە نیوەی دووەمی چەرخی بیستەمدا گرنگییەکی بەرچاوی پێدراوەو هونەرومونەری بۆ سازکراوەو وەك زانستێك تاریف و یاساو دەستوورو جۆرەکان و قۆناغەکان و هەل و مەرجەکانی بۆ دانراوە، رۆژانە بە سەدان شێوە لێیەوە باس دەکرێ و پێتەی پێدەدرێ.

لە فەرهەنگی سیاسی—کۆمەلایەتیدا (ئاسایش) لای ئێمەی کورد چ لە لایەن داگیرکەرانەوە، چ لە لایەن خۆمانەوە بووبێ، هەمیشە بەمانا ناجۆرو نادروست و تۆقێنەرەکەی بەکاربراوە. ئەوی راستی بێ،



هەواڵنامەی کتێب

ناهەقی نەکراوە کە (ئاسایش) بەو شێوە لەبەرچاو تاڵو درێو بێ. چونکە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی کورددا، بۆ سەرکوتکردنی کوردو دارزاندنی میللەتەکە بووە.

لە چەرخی بیستەمدا دوای دابەشکردنەوەی کوردستان، لە کۆتایی جەنگی یەکەم، وڵاتە تازە دروستکراوەکان بە جۆرێکی شارەزایانەتر داوو دەزگای ئاسایشیان بۆ پێوەندکردنو لە پەلو پۆخستنی نیشتمانپەروەران دامەزراند. شۆرشەکانی شێخ مەحموود لە خوارووی کوردستانو بزووتنەوەکانی شێخ سەعیدی پیرانو پەیدابوونی کۆمەڵەی خۆیبوون وایان کرد (ئینگلیزو تورکو فارس) زووتر بیر بکەنەوە لە دروستکردنی پاتاڵخۆریی و کەسانی دەستنێژی خۆیان لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا. ئەمەش لە رێگای دەزگا سەرکوتکەرەکانی وەك: موخابەراتی عەسکەریی ئینگلیزی کە گشت ئەفسەرەکانی جاسووس بوون لە سەروو هەموویانەوە (مێجەر سۆن)ی باوەکوشتەی (مەلیك مەحموود)و کورد. تەحقیقاتی جینائی. ئیتلاعاتی ئێرانی، دەزگای موخابەراتی میللیی تورك. ئەمە جگە لە دەیان دەزگاو دووکانی لەو جۆرە لە پاشتردا هاتنە گۆرێ.

ئەو بۆچوونە کۆمەلایەتییە، سەبارەت بە (ئاسایش)، دژوارییەکی لەگەل مانا زاراوەییەکەیدا نییە. لە رووی سەرهەڵدانییەوە، ئاسایش وەك زاراوەیەکی سیاسی، لەگەڵ پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا هاتۆتە مەیدانەوە. بۆ پاراستنی دەوڵەت وەك قەوارەیەکی نەتەوەیی لە دەستدرێژیی دەرەکی راستەوخۆ بە شێوازێکی سەربازی—سیاسی خۆی نواندووە.

پێشکەوتنی مرۆڤو هاتنەبەرەوەی رۆژگارو دەرکەوتنی رۆلی ئایدیۆلۆژیو پەیدابوونی قەیرانە ئابووریو کۆمەلایەتییەکان بوونە هۆکاری ئەوەی حسێبێکی وردترو تێگەیشتنێکی فراوانترو گرنگییەکی بلاوتر بە ئاسایشی نەتەوەیی بدرێ. چونکە کێشە سەختە ئابوورییەکانو نارێکییە جۆربەجۆرەکانی کۆمەلایەتیو نەبوونی دادو یەکسانی لەنێو جەماوەراندا، هەرەشەی جەرگبڕ لە قەوارەی دەوڵەت دەکەن. زۆریش بووە، بێ دەستتێوەردانی راستەوخۆی بێگانە، مەسەلە ئالۆزە ناوخۆییەکان تەختو بەختی دەوڵەتی هەڵتەکاندووە.

## شیکردنەوەی مانای ئاسایشی نەتەوەیی

گرنگیی (ئاسایشی نەتەوەیی) کارێکی کردووە لە سەرانسەری جیهاندا، دەوڵەتان خوێندنگاو دەزگای بە توانستی دارایی و دەستەی لێزانی بۆ پێکبهێنن. شارەزاو پسپۆرو مامۆستاو ئەنجومەنی بۆ ئامادە بکرێو

یەکاوراست بەندین بە سەرۆك یا مەلیك یا سەرۆك وەزیرانەوە. ئەو بایەخدانە شارەزایانی هەڵناوە هەر یەکە لای خۆیەوە بە تێگەیشتنی خۆی لێکیبداتەوە.

عەبدولمونعیم ئەلمەششات لە تاریفی ئاسایشی نەتەوەییدا دەلێ: "پاراستنی دەوڵەتە لە مەترسی دەرەکی" (١). لەوەدا لایەنێکی مەسەلەکەی فەرامۆش کردووە کە مەترسی ناوخۆیە، تاریفێکی هێند ساکارە، گوێی بە ئامرازەکانی پاراستنی دەوڵەت نەداوە. حامید رەبیع، زیرەکانەو وردتر بۆی دەچێ و دەنووسێ: "کۆمەلێك دەستووری بزوێنەرە کە دەبێ دەوڵەت بۆ پاراستنی خۆی جێبەجێیان بکا واش لەو دەوڵەتانە بکا کە مامەلەیان لەگەڵدا دەکا چاودێریان بکەن، بۆ ئەوەی خۆی لە نێوەندە ناوچەییەکەدا پارێزراوبێ، بەو مانایەی لە گەوهەردا کۆمەلێك دابی نەتەوەیی لە پیادەکردنی سیاسەت و پێوەندیی ناوچەییدا لەبەرچاو بگیرێ، بەجۆرێك بتوانرێ خاڵە لاوازەکان کە سروشتی سنووری نەتەوەیی سەپاندوویانە زامن بکرێن" (٢).

بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، چەك و هێز هەمووشتێك نییە، بەڵکو دبلۆماسییەت و کۆکردنەوەی شارەزایی لە دەوروبەرو لە لایەنەکانداو لە خۆت و خەڵك تێگەیشتن، باری هێرش و دژمنایەتی کەم دەکەنەوە. زۆریش پێویستە خاڵە لاوازەکانی سروشتی جیۆسیاسی دیاری بکرێن، دیارە وا نا! پێشەکی فریشکت بکەوێ، واش نا لەسەرەتاوە سەرکەوتنی خۆت رابگەیێنی. گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندیت بپارێزی و بۆ مانەوەی خۆت ئاشتی بەرقەرار بکەیت.

خالد بن سولتان بن عبدولعەزیز ئال سعوود (ئاسایشی نیشتمانی) وا لێکداوەتەوە "کاروبارێکە لە سنووری تواناادا دەوڵەت بۆ پاراستنی قەوارەو بەرژەوەندییەکانی ئێستاو ئایندە دەیگرێتەبەر، ئەمە لە کاتێکدا دەبێ گۆرانکارییە نێودەوڵەتییەکان لەبیر نەکرێن" (٣).

دوای ماڵکاولی عەرەب (ئیمەش -ص.غ) لە جەنگی دووەمی کەنداوو بەسەرهاتە نێودەوڵەتییەکانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکان، لیژنەی تایبەتی سەر بە جامیعەی عەرەبی، تێگەیشتنی مانای ئاسایشی نەتەوەیی بەمشێوە لێکداوەتەوە: "توانستی نەتەوەی عەرەبە بۆ بەرگری لە ئاسایشی و مافەکانی و پاراستنی سەربەخۆبوونی و سەروەرییەتی لەسەر خاکی خۆی، هەروەها سازدانی توانستەکان و دەسەلاتەکانی عەرەبییە لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و رووناکبیری و کۆمەلایەتیدا. پشتبەستنە بە قودرەتی سەربازی و دیپلۆماسی، دەبێ پێویستەکانی ئاسایشی نیشتمانی هەریەك لە ولاتەکان خۆیان بە

سەرنج وەربگیرێن. لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی گۆرانکارییە ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتییەکان کە کار دەکەنە سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب". (٤)

لەو بۆچوونەی سەرەوە ئەم خاڵانە دەبینرێن:

١- کۆکردنەوەی گشت وزەو توانستە سیاسی و ئابووری و رووناکبیری و کۆمەڵایەتییەکان. هەرچی هەیە بە دەوڵەت و نادەوڵەتەوە. بە مانایەکی دی سیاسەتمەدار ناشێ (ئاسایشی نەتەوەیی) بەپاوانی خۆی بزانێ و ئیدی کەسێکی دیکە بۆی نەبێ هاوکاریی بکا.

٢- پاراستنی سەربەخۆیەتی و سەروەریتی خاك.

٣- لێکدانەوەی دۆخی نێوچەیی و نێودەوڵەتی.

هەندێك لە شارەزایان سەرچاوەکانی هەڕەشەی ناوەکی و دەرەکی لەیەکتر جیادەکەنەوە. دەرەکی بە سەرچاوە مەترسییەکانی دەرەوەی دەوڵەت ناودەبرێن، جا چ دەوڵەتانی دراوسێ بن یا دەوڵەتانی دوورتر کە بەرژەوەندییان بەو دەوڵەتەوە هەبێ... سەرچاوە مەترسییەکانی ناوەکی ئەوانەن کە لە ناوخودی دەوڵەتەوە یا نەتەوەوە پەیدا دەبن، وەك رێکخستنە گێرەشێوێنییەکان و کۆمەڵە سیاسییەکانی دژی دەوڵەت یا دەوڵەت خۆی کە بە زەبروزەنگ و دوور لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵك فەرمانرەوایی بەرێوە بەرن.

شتێکی سەرنجمان رادەگرێ ئەوەیە کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراسی و خاوەن ویستی نەتەوەدا، هیچ کاتێك مەترسییە ناوخۆییەکان ناگەنە ئاستێك هەڕەشە لە بوونی دەوڵەت و دەستکەوتەکانی خەڵك بکەن... بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئێمەمانان مەترسییە ناوەکییەکان، دژمنانی دەرەوە رادەکێشن و زەمینەی خۆل بەسەری خۆدا کردن ساز دەکەن.

ئەو رژێمە سیاسییانەی زۆردارن و لە هاتنە سەر کاریان، دوورن لە ویستی جەماوەرەوە، گرنگییەکی زێدە لە پێویست بە دوو هۆکاری راگرتنی خۆیان دەدەن.

یەکەمیان: زەبرو زەنگ و تۆقاندن، ئازارو راونان و نان برین و چاودێری و راپۆرت نووسین. زیندان و کوشتن و برین.

دووەمیان: راگەیاندن کە لەرێگای درۆو بیانوو هێنانەوەو هەڵبەستنەوە واقیع و راستییەکان قلْپ دەکەنەوە. مەبەستیان هەڵخەڵەتان و شێواندنی مێشك و تێگەیشتنی جەماوەرە. ئەوانە بۆ پاراستنی دەسەڵاتدارانە، نەك بۆ ئاسایشی دەوڵەت و نەتەوە.

## کوردو ئاسایيشی نەتەوەیی

ئەوانەی بە لێکدانەوەی ئاسایشی نەتەوەییەوە خەریکن بە توندی دەیبەستنەوە بە بوونی دەوڵەتەوە، دەوڵەتیش بەو مانایەی کەسایەتییەکی سیاسیی هەبێ لە جوگرافیایەکی دیاریکراوداو لەلایەن بنەماڵەی دەوڵەتانەوە بە رەسمی ناسرابێ. دیارە هەموو ئەو باسکارو شارەزایانەی باس لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، بۆ خۆیان خاوەنی دەوڵەتن. هەر بۆیە، لەو باوەڕەوە، دیاردەی قەوارەی سیاسی بە بناغەیەکی سەرەکی دەزانن. گومانی پێناوێ، ئەوان لەسەر هەقن لەم لاوە دەشێ ئێمەی بێ دەوڵەت و بێ قەوارەی سیاسی ددانپێدا نەنراو، ئاسایشی نەتەوەیی کورد ببەستینەوە بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردەوە، کە من پێم وایە دەبێ وابێ.

ئەگەر بیرۆکەی ئاسایشی نەتەوەیی وەك دیاردەیەکی سیاسی و ستراتیژی لە پێشکەوتن و گەشەکردن و نۆێبوونەوەدا بێ، ئەوا بێگومان ئاسایشی نەتەوەیی میللەتانی بێ دەوڵەت، بەشێکە لەو فراوانی و پەل هاویشتنەی ئەو بیرۆکەیە. هەر وەك چۆن بۆ مامەلەکردن لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپاو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبیدا پسپۆرانی ئاسایشی نەتەوەیی جۆرە پەیوەندییەکی نەرمی و چاولێداگرتنێك پیشان دەدەن، لە کاتێکدا کە نە یەکێتیی ئەورووپاو نە ئەنجومەنی هاریکاری بە مانا تەقلیدییەکەی دەوڵەت، دەوڵەتن، بەڵام هەردوکیان لە رێگای ویستی ناوچەییەوە کەسایەتی یاسایی و دامەزراوەییان هەیە. لێرەدا بنەمای ویست (الارادە) دەبێتە پارسەنگێکی قورس بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی. ئێمەی کوردیش وەك نەتەوە جۆرە کەسایەتییەکی سروشتی و دابی کۆمەڵایەتیمان هەیە بەڵام بە لاوازی. ئەگەر ویستی هەڵکردن و پێکەوەژیان و پاراستنی سەرانسەری رێکخستن و تاکەکانمان هەبێ، ئەوا نەخشەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکێشرێ و لەسەرخۆ هەم پێکەوە هەڵدەکەین، هەم لە جیهانی سەرفرازیدا حسێبێکمان بۆ دەکرێ.

نەتەوەیەك، دەوڵەتی هەبێ یا نەبێ، ئاسایشی نەتەوەیی مەبەست و رەوی ژیانێتی، بە قەناعەتی من، کارەساتی هەرە مەترسیدار لەووەوە دەست پێدەکا، وا بزانرێ میللەتی بێ قەوارەی سیاسی (ئاسایشی نەتەوەیی) نییە. دەبێ خۆمان بە تەنگ خۆمان و پاراستن و گەشەو بوونی خۆمانەوە بین. هەر ئەوەوا دەکا (ئاسایشی نەتەوەیی) بۆ کورد برێتی بێ لە: ویستێکی یەکگرتووی بەرپرسیاری ئارەزوومەندانەی سروشتی و پەروەردەیی رێکخستن و تاکەکانی کوردە لە ناوخۆو دەرەوەدا بۆ ئەوەی نەتەوە لە بوارەکانی دەروونی و پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، رووناکبیری، سیاسی، کارگێری و سەربازیدا هاوکارین و لە یەکالا

کردنەوەی مەسەلە چارەنووسی و بایەخدارەکاندا ، تا دەتوانرێ زۆرترین کەسانی بە توانست و کارامە و لێزان هاوبەشی بکەن. بۆ گەیشتن بە سەرفرازی و مانەوە، هەڕەشەکانی دژمن بە ڕێگایەك بێ، خاو بکرێنەوەو لە ڕووداوەکان و سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کەڵك وەربگیرێ. لەهەمان کاتدا رابوردوو لە بیر نەکرێ. بەڵام ئەوەی لە واقیعی ئێستای کورددا دیاردەکەوێ دابڕانی لایەنەکانی مێژوو، کولتوور، ئێستاو دوارۆژە. زێدەتر پێیان لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژ داگرتووە، بنەماکانی بەڕێوەبردنی کارگێڕیان هەمووی بەندن بە ئەمرۆوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵی کوردەواریدا، (من)و (ئەو) ، یا خۆیەتی و کەسی دیکە، کوردەکە هەر خۆیەتی، بە مانایەکی دیکە، بڕەودانی زۆرانبازی لە نێوان کوردو دەرەوەدا بۆتە کوردو کورد. دەوری ناکارو ناجۆری دژمن کە ئاساییە بەرامبەر کورد، تەنگی بە ڕەگەزەکانی بوونی هاریکاری و یەکبوون هەڵچنیوە. لێرەوە، هۆکارەکانی ناوخۆ، لە ڕابوردوو لەگەڵ دوا ڕۆژی سەرفرازی کاریگەرێتیان بۆ سەر (ئێستا) نادیارە.

لە گشت مەسەلە چارەنووسییەکاندا پێوەندیی ڕاستەوخۆو پتەو لە نێوان دەسەڵات و تاکەکاندا — دەوڵەت و هاونیشتمانییەکاندا —هەیە. هەڵبەت بۆ نواندنی جۆری پەیوەندییەکەو بەکارخستنی، بەرپرسیاریتی مێژووی و دوارۆژ لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە... بناغەی پێوەندیش بەندە بە تێگەیشتنی ڕۆڵی هەر لایەکیان و شارەزایی و کارامەیی و مەیدان خۆشکردن لە چوارچێوەی دەستوورو یاسادا .

لەم جێیەدا کۆمەلێك پرسیاری بایەخدارو مەترسیدار خۆیان دەسەپێنن و چاوەڕوانی وەرام دەکەن:

-ئایا پارتی و یەکێتی کە دەسەڵاتی ئەو بەشەی خوارووی کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە چۆن دەڕواننە بەرژەوەندیی نەتەوە؟

-پارتی و یەکێتی چ نرخێکی هۆشیاری بۆ جەماوەری کوردستان قایل دەبینن؟

-چۆن بەرژەوەندیی حزبایەتی لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوە بەراورد دەکەن؟

-بۆ ئێستاو داهاتوو، چ دینامیکییەتێکی لێکدانەوەیان بۆ نێوان پێکەوە ژیان و بەرژەوەندی هەیە؟

-وەرامی هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کوردستان بە هەموو ڕێبازو بیرێکیانەوە، چییان لە کورد دەوێ و چییان بۆ کورد دەوێ و چییان لە داگیرکەران دەوێ؟

-چی لە هاوکاریی کورددۆستان و مرۆڤدۆستان دەخوازن؟

-ئەوجا چ هەل و مەرجێکیان بۆ بۆچوونەکانیان هەیە؟

## دوو لایەنی لاوازی ئاسایشی کورد

پێشکەوتن و توندوتۆڵی پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان، بەندن بە سروشت و چۆنێتی خوێندەواری و رووناکبیری و گەشەکردنی ئابووری و حزبایەتییەوە. هەڵبەت نەبوونی ئەو هەل و مەرجانە بە شێوەیەکی بەهێز، بۆ بەرژەوەندی نەتەوە، دەلاقەیەکی گەورە دەخەنە ئاسایشی نەتەوەییمانەوە. دوو هۆکاری گەورە بۆ تێکدانی ئاسایشی کورد، سالآنێکی دوورو درێژە، پیادەکراون و ژیانی کوردەوارییان ئالۆزو شێواندووە: بەرژەوەندی و هێز:

١- دەرکەکردنەوە بۆ شەری کوردکوژی راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ مامەلە کردنی عەقڵ و تێگەیشتنی سەرکردایەتی بەرامبەر نەتەوەو چارەنووسی. ئەوان ئەوەی لەگەڵ خۆیاندا نەبن بە دژمنی خۆیانیان دەزانن. بۆیە ناکارن لە بوونی توانستی یەکسانی و داد لەنێوان پێکهاتەی کۆمەڵ و مافەکانیدا بکەن. لە نێوان بەرژەوەندی و هێزدا هاوئاهەنگییەکی تەواو هەیە، بە هیچ شێوەیەك بەرژەوەندی بە بێ هێز ناپارێزرێ. هێزیش، تەنێ چەك نییە. گەورەترین هێزی پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی-نیشتمانی، یەکێتیی هێزەکان و ریزەکان و عەقڵەکان و توانستەکانە... بە باوەری من، توانستی-هێز-لە فرەحزبایەتی و یەکێتیی بیروباوەرە جیاوازەکانەوە دێ: هێزی عەقڵ، هێزی تەکنیك، هێزی بیرکردنەوە، هێزی واقیع بین، هێزی خۆناسین، هێزی دژمن ناسین و... ئەوانەن رۆلی سەرەکی بۆ پاراستن و پێشکەوتنی ئاسایشی نەتەوەیی دەبینن، وە لاخستنی ئەو هێزانە لەکەڵکی کوردو ئاواتەکانیدا نییە.

٢- دەستتێوەردانی داگیرکەران لە کاروباری نەتەوە، دیارە لاوازی خاڵی یەکەم، زەمینە بۆ ئەمە خۆش دەکا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی حزب، پیرۆزێتی بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەیی پێشێل دەکرێ. وەك ئاشکرایە، یەکێتیی نەتەوە، بریتییە لە یەکگرتن و پێکەوە هەڵکردنی هێزو چالاکییەکانی حیزب و رێکخستن و کەسایەتییەکان و سەرجەم خێرخوازان لەسەر بەرنامەیەکی نیشتمانی یان نەتەوەیی. سازکردنی ستراتیژێکی درێژخایەن بۆ ئامانج و کارکردن بۆ مەسەلەی نەتەوە. ئامرازەکانی جێبەجێکردن بە پێی قۆناغەکان چ لەسەر ئاستی نەتەوەو پەیوەندی لەگەڵ داگیرکەران و وولآتانی دوورتردا دەگۆرێن.

ئەوە زێدەتر تێگەیشتنی نەتەوەیە لە قۆناغی رزگاریدا، دوای ئەوە، سەردەمی دروستکردنی حکومەت و ئازادی، دەبێتە سەردەمی گەشەکردن و دروستکردنی ئابووری و کۆمەڵ و رووناکبیرییەتی نیشتمانی. لەمانەی دوایدا بێ موعارەزەو نەیاری، بێ لێپرسینەوەو سزادان، بێ لیژنەکانی فرەجۆری سەرجەم

هەواڵنامەی کتێب

بوارەکانی ژیان، مەسەلەکان بەرەوپێشەوە نارۆن، بۆیە دەبێ دەستەی حکومەت و دەستەی موعارەزە هەبن، بێ ئەوەش قسە لەسەر دیموکراسییەت بەعەقڵدا ناچێ، جا باکەسیش نەتوانێ حەرفێك بڵێ! . بەداخەوە ئەو یەکێتیی دوولایەنەی نیشتمانی لە کاربەدەستان و موعارەزە لە مێژووی تازەی کورددا نییە. واتا لە کاروباری کوردەواریدا بەلایەنی کەمەوە، بەشی زۆرینەی عەقڵ و توانستی کورد کەنار خراون.

٣- لەبیرکردنی کارەساتەکان: لەمێژووی ئێمەدا، بەدەیان و سەدان کارەسات و رووداوی وا هەن، دەبێ بەبەردەوامی یاد بکرێنەوە و بەشێك بن لە بەرنامەی گۆشکردنی وەچەکان چ لە قوتابخانە و چ لە ماڵەوە و چ لە پەروەردەی حیزبایەتیدا، راگرتنی یادی زیندوێتی کارەساتەکان لە یەکەپچڕانی هەستی نەتەوەیی و یەك مێژوویی و یەك چارەنووسییە، لەناو کوردەواریدا ئەمە بەدی ناکرێ، نەتەوەیەکیش نەتوانێ یادگارە تاڵ و شیرینەکانی لە بیرو ویژدانیدا بپارێزێ، لە ئازادی و ئاشتی و سەرفرازی بەدوور دەبێ.

٤- بێ هیوایی: ماندوێتی و خەبات و قوربانی و ماڵکاولی، رژدی و دەستەنگییان لەگەڵدا ناکرێ، ئەگەر بەرهەمیان هەبێ و شەو کۆتایی بێ، مرۆڤ بە هیوا بۆ ژیانێکی باشتر و دوارۆژێکی روونا‌کتر دەژی، لە نێو کوردەواریدا، ئاوات و خۆزگە هەڵکەنراون. تروسکە نادرەوشێتەوە. خەڵك سەری خۆی داوەتە دەست قەدەر، ئەوەی لە نیشتمانە، خۆزگەی دەرچوونێتی. ئەوەی گەشتۆتە ئەورووپا، دەستی بە زاخا دەکرێ و بەهەشتی چاوەروانکراوی دەستناکەوێ.

## چەند بنەمایەکی سەرەکیی سیاسەتی نێودەوڵەتان

بچووکبوونەوەی جیهان بەهۆی پێشکەوتنی هۆیەکانی پێوەندی و تەکنیك و چەك و ئابووری، کارێکی وایان کردووە هەر رووداوێك لە بەشێکی جیهاندا کاردەکاتە سەر بەشەکانی دیکە. سنووری نێوان دەوڵەتان تا ئەندازەیەك بۆتە سنووری سەر کاغەز. ئەوە نەماوە نەتوانرێ سنوورەکان نەشکێنرێن.

لە سیاسەتی جیهانیدا دەبێ ئەو وانانەمان فێر بکەن کە بۆ بەرژەوەندیی خۆمان بتوانین مامەلەی سیاسی لەگەڵ رژێمی جیهانیدا بکەین. لەم بارەیەوە چەندان بنەما هاتوونەتە گۆرێ. سیاسەتمەداری ئاگادارو کارامە دەتوانن کەڵکیان لێ وەربگرن. لەوانە:

### ١- بنەمای مافی مرۆڤ

لەساڵی ١٩٤٨ەوە کە جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤ بڵاوکرایەوە، رۆژ بە رۆژ لایەنگرو چالاکی بۆ وەدیهاتن و

پاراستنی مافی مرۆڤ لە برەودایە، ئەگەر لەسەرەتادا ،زۆر فراوان نەبووبێ، بەلاّم ئێستا بەشێك لە بەرنامەی سیاسی و کۆبوونەوەکان لە سەرانسەری جیهاندا پێکدەهێنێ. لەو دەساڵەی دواییدا ، تێکرا لێپرسراوانی جیهانی لە بەردەم ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەریەکە لە روانگەی خۆیەوە باسی مافی مرۆڤ دەکا ، لە گشت پەرلەمانەکانی وولاّتانی ئەورووپاو وولاّتانی دیکە لیژنەی تایبەتی مافی مرۆڤ پێکهاتووە. بەکورتی مافی مرۆڤ بۆتە تێگەیشتنێکی جیهانی و پەرژینەکانی بەزاندووە.

سەبارەت بە بایەخی مافی مرۆڤ لەسەر سیاسەتی جیهانی، (دۆناڵد.ك. ئیمرسۆن Donald K. Emmerson) لە زانستگای ستانفۆرد، دەنووسێ و دەڵێ: "تا هێرش دڕندانەتر بێ و مافەکان پێشێل بکرێن، ئەوا دەسەلاّتی ئینسانییەت بە نیشانەیەکی گرنگتر تەماشا دەکرێ. هێرش ئازار زۆرتر دەکا. دیموکراسیەت ئەوەش دەگرێتەوە کە پارێزگاریی ئەو بوارە بکاو تووڕەیی بکا بە پەندو سیاسەت. رەوشتی مەردایەتی وا لێ بکا بۆ مەبەستی ئینسانییەت دەست وەرداتە کاروبارەکانەوە. لە نەمانی جەنگی ساردەوە دیموکراسیەت ئەو هەلەی فراوانترو پارێزراوتر کردووە" . (٥)

من وا دەزانم ئەو پشتیوانییە جیهانی و دەولەتییەی لە بەهاری ١٩٩١دا بۆ کورد سازبوو، تاقیکردنەوەیەکی سەرەتاو هەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی سیاسەتی پاراستنی مافی مرۆڤ بوو لەسەر ئاستی جیهانی. ساردکردنەوەی ئەو گرو تینە بە گفت و گۆ لەگەڵ رژێمی رەگەزپەرستی بەعس و بەغدادا ، کارێك بوو لە دەرەوەی بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی کورد.

**٢- دیاردەی ئاشتی**

لە وولاّتانی دیموکراسی و دامەزراوو پێشکەوتوودا زۆر چاك لەوە گەیشتون کە پێکەوە هەڵکردن و رێککەوتن لەسەر سنووری ئازادی بیروباوەڕ، دەسەلاّت و سامان و هێز بناغەی ئاشتی دادەمەزرێنن. چۆن شەڕو کوشتار، وێرانی و لە دەستچوونی ژیان رادەپێچێ. بەرقەراربوونی ئاشتی، خۆشیی دەروونی و دارایی و لەش ساغی و پێشکەوتنی گیانی و دڵنیایی ... دەهێنێ. بنەمای ئاشتیش، لە یەکگەیشتن و دیالۆگ و رەوابینینی بوونی لایەنەکانی دیکەیە. . نارەزایی دەربڕین و ئیمزاکۆکردنەوەو خۆپیشاندان و ئازادیی بیروباوەڕ دەربڕین و رەخنەو لێپرسینەوە، سەربەخۆیەتیی دەزگاکانی میدیا کەرەسەی خەباتی ئاشتین. مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئامریکا دەنووسێ: "لەم سەردەمەی ئێمەدا ، لە هەموو کات زێدەتر، نە دژمنەکان، نە فەرمانڕەوایان، هەتا نە ناوچەکانیش بە تەواوی بێ ترس نین و ناتوانن خۆ لە سیستەمی جیهانی هەڵبوێرن" . (٦)

لە شوێنێکی دیکەی وتاری (مەشقکردنی دەسەڵاتی دەرەوەی ئامریکا) دەنووسی و دەڵێ: "بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان، ئێمە پێویستە بەخۆ بکەوین، ڕێککەوتن سازبکەین، دەستوور بێنینە ڕوان، نموونەی وا بێنینە پێشەوە، لەسەر بنەماکانی دیموکراسی، بازاری کراوە، یاسا، ئاشتی بەرقەرار کردن، جیهان پتر لە یەکدی نزیك بخەینەوە". (٧)

بە واتایەکی دیکە، ئۆلبرایت ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەگەر ئاژاوەو شەڕ بکەوێتەوەو لایەنەکانی هەراو بگرەو بەردە بە زمانی دیالۆگ و تێگەیشتن کێشەکان چارەسەر نەکەن، ئەوا کۆمەڵگای جیهانی لێیان ڕازی نابێ و بەزۆر ئاشتییان بەسەردا دەسەپێنن. لەو باوەڕەوە هیچ کوڕو کۆمەل و دەوڵەت و ناوچەیەك دەرباز نابێ.

لە حاڵەتی کورددا، درەنگ یا زوو، دوو جۆر زۆریان لەگەڵدا بەکاردێ: یەکێکیان لە نێوان کوردو داگیرکەراندا، دووەمیان لەنێو خۆیاندا. لەهەردوو شێوەکەشدا، چێتر وایە ئاشتی خۆرسك و سروشتی و باوەڕو ڕەوشتی ڕۆژانە بێ. هەڵبەت ئەوەی ئاشکرایە کە ئاشتی بە ئازایەتی و دەروونخاوێنی و عەقڵی بەرزو تێڕوانینی واقعیانەو نرخێکی بەرز تەواو دەبێ. شەڕ بە ترسنۆکیی عەقڵ و خوێنەناسین و بەرچاوتەنگی، ئێگجار گرانتر دەکەوێ.

**٣- دابەشکردنەوەی جیهان و سەرهەڵدانی دەوڵەتانی نوێ**

میللەتان و دەوڵەتان و بزووتنەوەکان، بە ئەندازەی دەسەڵاتی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ستراتیژی و زانستی خۆیان ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە، هەریەکە لە سنووری لێهاتوویی خۆیان لە سیاسەتی جیهانیدا دەور دەبینێ. چ سەردەمێك دەگری، لەدوای تەقینەوەو ڕووداوە گەورەکان سوونەتێکی دیکە بە سیاسەتی جیهانی دەبەخشێ، ئەویش دابەشکردنەوەی نەخشەی سیاسی و تێکشکانی سنووری کۆمەلێك دەوڵەت و هاتنەمەیدانی کۆمەڵێك دەوڵەتانی دیکەیە.

لە جیهاندا دوو دەستوور هەن سنووری ناوچەیی بەڕێوە دەبەن. یەکێکیان بنچینەی مافی چارەنووسی نەتەوەکانە، ئەم بنچینەیە ئەوە ڕادەگەیەنێ کە گشت نەتەوەکان مافی چارەنووسی خۆیانیان هەیە.

بێ ئەوەی بکەوینە بگرەوبەردەی سیاسەتی دوور لە واقیع، مافی چارەنووس سەرخۆبوون و ئازادی و یەکسانی هەموو نەتەوەکانە. بناغەی دووەم ئەوەیە کە سنوورەکانی هەن، پیرۆزن و ناکرێ دەستکاری بکرێن. ئەم دوو بنچینەیە پێکەوە کۆ نابنەوە، ناوناوە پێکهەڵدەپرژێن. لە سەردەمی جەنگی ساردا، سووکە پەیوەندییەکیان بەکەڵەگایی لەنێواندا دروستکرابوو، بەڵام دوای ئەوە ململانێکە سەریهەڵدایەوە.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەهاتنەکایەوەی چەندان دەوڵەت ئەنجامی زۆرانبازیی دوو بنەمای مافی چارەنووس و مافی پاراستنی سنووره پیرۆزەکان وەدیارکەوت و چەندان دەوڵەت دروستکران.

لەدوای جەنگی دووەمیش، لە ١٩٤٥دا، کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکرا، (٥٠) ئەندام بوون. لە کۆتایی ١٩٩٩دا ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتنە (١٨٥) دەوڵەت. بە راستی ئەوە تێکشکانی سنووره پیرۆزەکان و سەرکەوتنی مافی چارەنووس و ویستی نەتەوەکان نییە؟!.

لەدوای جەنگی دووەمەوە، تا کۆتایی هەشتاکان، کێ دەیتوانی بیر لە نەمانی یەکێتیی سۆڤیەت و پارچە پارچەبوونی یۆگوسلاڤیا و چیکوسلۆڤاکیاو ... بکاتەوە ئەو نەتەوانەی ئازاد بوون، گەورەترین هۆکارێکی بەدەستیانەوە بووە، یەکێتیی سەرکردایەتیی سیاسی و نەتەوە بووە، ئەوجا قۆزتنەوەی هەل و مەرجی سیاسەتی نێودەوڵەتی. دەشێ ئێمەی کورد، کە درێژترین مێژووی بندەستی و دابەشبوون و چەوساندنەوەمان هەیە، هەمیشە لەگەڵ پارچەپارچەبوونی سنوورەکاندا بین.

سیاسەتی ناوچەیی یا نێودەوڵەتی تێکشکانی سنوورەکان، دەکرێ لە عەقڵی سیاسیی کورددا بەردەوام زیندوو بێ. لەو روانگەیەشەوە، ئەو دەوڵەتانەی بەلای داگیرکردنیان خستۆتە گەردنی خۆیان، هەرگیز لە تەك مەسەلەی ئازادی و سەرفرازیی کوردو میللەتانی دیکەدا نین - جا کێن؟ یا لە کوێن؟! بۆیە بەلای منەوە، لە پاڵ وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، چین و روسیا لە پێش ئەو دەوڵەتانەوەن کە پشتیوانیی کورد ناکەن، چونکە خۆیان ئەو کێشانەیان هەیە.

**٤- بڕیاری یەکدەنگی خەڵك (( نەتەوە ))**

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، روداوە گەورەکان دوو جۆر ئەنجام لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەکایەوە. یەکێکیان ئەنجامێکە کە نەخشەی وردی زیرەکانەی بۆ کێشراوەو بیری تیژی فرەلایەنەی لەسەرکراوە تا ئەندازەیەکی ئاشکراو هەست پێکراو بەر لە رووداوەکە ئەو ئەنجامە لەبەرچاو دەگیرێ.

دووەمیان ئەنجامێکە لە تێکەڵاوبوون و هاتنەکایەوەی هۆکارە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆیەکانی دەورو بەری رووداوەکە پەیدا دەبێ. بایەخی ئەنجامی دووەم بەندە بە قووڵی و فراوانیی ئەو بناغە نوێیانەوە کە لە سەر بنەماو تێگەیشتنەکان و ئامرازەکان دروست دەبن.

نموونەیەکی زیندووی مێژوی تازە ئەنجامەکانی داگیرکردنی کوێت بوون لەلایەن رژێمی شۆڤێنی و داگیرکەری خوارووی کوردستان دەوڵەتی عێراقەوە.پلانی سەرەکیی شەڕی دووەمی کەنداو، ئازادیی کوێت و وەدەرهێنان و لەپەلویۆخستنی عێراق بوو.
ئەنجامی دووەم راپەرینە چاوەڕوانکراوو چاوەڕواننەکراوەکەی خەڵکی ستەمدیدەی گەلی کورد بوو لە خوارووی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا.
لە ئاکامی پێشینێکی دوورودرێژی چەوساندنەوەی کوردو گۆڕەوشاردانی عێراق، راپەرینە جەماوەرییە فراوانەکە تەقییەوە، ئەوجا پەلاماری سوپای بەزیوی عێراق بۆ سەر تەواوی خوارووی کوردستان دەستی پێکردووە. دوا بەدوا، رەوی گەورەو بچووکی خەڵکی کورد بۆ دانەدواوەی رژێمی عێراق بەرەو چیاکان دەستی پێکرد. دروستکردنی (ناوچەی ئارام) و بریاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش لەپاڵ ویستی کوردو تا ئەندازەیەك ئاسانبوونی وولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هۆکاری بەهێزبوونی ئەنجامی نا راستەوخۆی شەڕی کوێت، بە بەرژەوەندیی ئازادی یا نیوە ئازادی خوارووی کوردستان تەواو بێ.
لەم حاڵ و بارەدا لەسەر ئاستی فراوانترین شێوەی جەماوەری، بە دەنگدانی گشتی و هەڵبژاردنی دیموکراسی و یەکێتیی سەرکردایەتیی سیاسی و گەل، بۆ دامەزراندنی دەزگاو رێکخستن و فەرمانگاو بناغەکانی دەوڵەت لەجیاتی دەزگاو دوکانی تەپیوی عێراقی داگیرکەر، شەرعیەت و مەزنییەتی بێ هاوتای بە تاقیکردنەوەی کورد دەبەخشی.
لەشەرعییەتی تازەی نێودەوڵەتیدا، دەنگدانی گشتی، رۆڵی کاریگەری هەیە، تا زەمینەی گۆڕانکارییەکان فراوانترین و زۆرترین خەڵك و یەك سەرکردایەتی بە توانست هاوبەشیان هەبێ. پتر شەرعیەت جێ دەگرێ. ئەوجا بەرەو ئەوە دەڕوا شەرعیەتی خەڵك دەکرێتە شەرعیەتی دانپێدانراوی ناوچەکە و نێو دەوڵەتان. ڕووداوەکانی کۆسۆڤۆو تەیموری رۆژهەڵات، دوو نموونەی یەجگار بەکەڵك و چاولێکەرین بۆ ئێمەی کورد، تا ئێستاش نەچوە بچێ. سەرانی سیاسیی کورد، حەق وایە بە جدی مەسەلە تایبەتییەکانی خۆیان وەلاخەن و بیر لە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی کوردو مافی چارەنووسی میللەتەکەمان بکەنەوە.
چاکترین هەنگاو، یەکێتی سەرکردایەتیی سیاسییە، ئەوجا دەنگدانی گشتی (ریفرەندەم) بۆ هیچ نەبێ..! بۆ چەسپاندنی فیدرالیی تەواو بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەوەو گۆڕینی سەرجەم دەستوورو یاسای داگیرکەرو دانانی بەرنامەی کوردایەتی پەروەردەو فێربوون و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بەگەڕ

خستنی خەڵك و نەهێشتنی بێکاری. دروستکردنی سوپای کوردستان و دامەزراندنی نوێنەرایەتیی یەکگرتووی دیبلۆماسی لە پێتەختەکانی وولاتانی جیهاندا.
ئەو چوار خالانەی لەسەرەوە باسکران، بەشێکن لە بنەماکانی سیاسەتی نێودەولەتان، کوردیش وەك هەر میللەت و بزووتنەوەیەك پشکی کەڵك وەرگرتنی لێیان هەیە، بەلام دەبێ ئەوە بزانرێ تا بوونی دوو کارگێری سلێمانی و هەولێر درێژەیان هەبێ و نەبێ بەیەك، مەترسیی گەورەتر بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەخولقێنن.

## لایەنی رووناکبیریی ئاسایشی نەتەوەیی

گۆرانکاری و پێشکەوتنەکانی جیهانی لەرووی ئایدیۆلۆژی و جیۆستراتیژییەوە کارێکی وایان کردووە مەترسی و کەلەگایەتی و کێشەی جوراوجۆریان بۆ مرۆڤ و نەتەوەی بێ دەولەت و دەولەتانی لاواز هێناوەتە گۆرێ، تایبەت بۆ مروڤ و نەتەوەی بێ دەولەت و دەولەتانی لاواز.
ئەگەر لەوەبەر، ئاسایشی نەتەوەیی لە گۆشەی سیاسی و سەربازییەوە تەماشا دەکرا، قوناغی نوێ، دەخوازێ بە سەرنجی وردەوە بۆ بایەخی لایەنی دیکەی ئاسایشی نەتەوەیی بیربکەینەوە. ئەوەی کە گۆرانکاریە ناوچەیەکان و جیهانییەکان سەپاندوویانن، ئەو کۆمەلانەی دووچاری دابەشبوونی رووناکبیری و کۆمەلایەتی و ئابووری بوون، لەلایەن دەولەتانی دەرەوە یا دژمنەوە زورتر دەکەونە بەر هێرش و پەلامار. دوو رەهەندی رووناکبیری و کۆمەلایەتی لەم لێکۆلینەوەیەدا لایەکیان لێدەکرێتەوە.
"رووناکبیریتیی کۆمەلێك لێکدانەوەو سەرنجی نەریتییە کە کردەوەی رۆژانەی تاکەکان لە کۆمەلێکی دیاریکراودا رێنموویی دەکا، ئەوە، یا لە دێرزەمانەوە ماوەتەوە یا لە ئەنجامی واقیعی کۆمەلایەتییەوە پەیدا بووە." (٨)
چاکترین شێوەی رووناکبیری لەرووی ئاسایشی نەتەوەییەوە ئەوەیە کە بتوانرێ رۆلێکی کاریگەر لە یەکێتی و پێکەوە هەلکردنی کۆمەلاندا ببینێ و بۆشاییە نەگونجاوەکان لە ریزەکاندا پربکاتەوە.
لە چەندان بواردا، ئەگەر رووناکبیری بە دلسۆزی و بەرچاو دوورییەوە بەکار نەیەت، ئەوا دەبێتە مایەی نادروستی و پەشێوی. نەمانی بەها کۆمەلایەتی و دارزاندنی رەوشت و نەریتە رەسەنەکانی کۆمەلایەتی کە هاوبەشی رێکخستن و خۆشکردنی باری کۆمەلایەتیان کردووە.



هەوالنامەی کێتێ

صەباحی غالیب

## ئەو کاتانەی رووناکبیری کورد دەستەوەستان دەوەستن

رووناکبیری کورد، تایبەت لەدوای راپەرین و هەڵبژاردن و دروستبوونی حکومەتی خوارووی کوردستانەوە، نەخشێکی ئەوتۆی نییە. لەکاتێکدا دەتوانرا ببێتە سەرپشك و دادوەرو نارازی و پاڵەپەستۆهێنەر بۆ سەر سیاسییە چەکدارەکانی کوردستان، بەڵام چەندان هۆ لەو بارەوە هەن کە نەتوانن ئەو کارە پیرۆزەی ئەستۆیان جێبەجێ بکەن. لەوانە:

<u>یەکەم:</u> دابەشبوونی رووناکبیران بەسەر لایەنە زۆرانبازییەکانی بزووتنەوەی کورددا. لێرەدا پەیامی رووناکبیر بزر دەبێ و دەبێتە بەشێك لە ململانێی بێ ئاکام و مەترسی.

<u>دووەم:</u> لاوازی و هاوبەشی نەکردنی رووناکبیرانی سەربەخۆ لە نەخشەی رووناکبیریتیی نەتەوەییدا ... ئەمەش بۆ هەندەك هۆ دەگەڕێتەوە:

١- کرنکی نەدان بە رووناکبیرکردنی کۆمەلانی خەلک. وا دەزانرێ خۆ رووناکبیرکردن کۆتاییەو ئیدی ئەوان باری شانیان سووک دەبێ.

٢- نەخوشیی دەروونی و هەریەکە خۆ بە هەموو شتیک دەزانێ، گیانی هاوکاری و کاری بەکۆمەلکردنیان تێدا نییە.

٣- لاوازیی باری ئابووریيان و دارایی شکنەبردن بۆ گەشت و کۆبوونەوە.

٤- پرکاری و سەرکەرمی هەندێکی کەمیان بۆماڵ و منداڵ بەرێوە بردن.

٥- سووکایەتیکردن بەیەک، بێ ئەوەی بناغەی هەبێ و بێ ئەوەی سنووری پیرۆزی بپارێزن.

٦- کەمبوونی فەلسەفەو رێبازی مەبدەئی و رێز لەخۆ گرتن، زۆریان لە هەموو سەردەمێکدا لەپێشەوەن و دەبنە رووناکبیری فەرمانبەر.

<u>سێیەم:</u> دەستبەسەرداگرتنی دەزگاو رێکخراوە پەروەردەیی و رووناکبیرییەکان لەلایەن هێزە سیاسییە چەکدارەکانەوە.

<u>چوارەم:</u> رێکنەکەوتنی رووناکبیران لەسەر ئەوەی کە هەرچی باوەرو رێبازی سیاسی و رووناکبیری هەیە، بۆ بەرژەوەندیی نەتەوە بێ، هەریەکە بە یاریی خۆیدا هەڵدەڵێ. ئیسلامی، نەتەوەیی، سۆشیالیستی

لیبرالی و هێندەی دەروونی یەکدی لێك دوورن. لەمەوە نەبوونی رووناکبیریتیی هاوبەش بە زەقی بە دیار دەکەوێ. لە ئەنجامدا:

١- هەوڵدان بۆ سەپاندنی بیروباوەڕێکی تایبەتیی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەسەر نەتەوەداو بچووککردنەوەی ژیان لە فەلسەفەیەکدا. مەترسی ئەوەیە هێند گۆشەگیری فیکریی خۆت بێت، نەتوانی پردی بیروباوەڕ گۆڕینەوە لەگەڵ فکری دیکەدا هەڵبەستی.

٢- دابڕانی مێژوویەکی دووردرێژی ئیسلام و کورد لەیەکدی _ بێ ئەوەی حسێبێکی وا بکرێ کە ئیسلام و کورد لەیەک دانابڕێن، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، نە لە کۆن و نە لە تازەدا هەوڵێکی جددی بایەخدار نەدراوە بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی کورد.

٣- پیتە نەدان بە پێشخستنی زمان و ئەدەبیاتی کورد. دەزگا ڕاگەیاندنەکانی هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کورد لەڕووی بەکارهێنانی دەستووری زمان و وشەی کوردییەوە تەواو وێرانن. ئەوەی یەجگار موخابنە، ئەوەیە کە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرایان بەرامبەر زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی نییە! ڕەنگە کورد تاکە نەتەوەیەک بێ لە جیهاندا، دوو شێوە زمان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەکار بێنێ. دیارە ئەمە کارێکی سروشتی و ئاسایی نییەو لە بەرژەوەندیی ئاساییشی نەتەوەییدا پەسەند ناکرێ.ئەم مەسەلەیە فرەبایەخدارەو دەشێ دەیان کۆنگرەو بیروباوەڕ گۆڕینەوەی زانستی و مێژوویی لەسەر بکرێ.

ئامرازی سەرەکیی روناکبیرێتی، زمانە. ئەوەی تا ئێستا کوردی وەک نەتەوەیەک هێشتۆتەوەو لە توانەوە پاراستوویەتی، زمانی کوردی و هەستی کوردایەتیە.

٤-پەیدابوونی بۆشاییەکی فراوان لەنێوان شارەزایی لە کولتوورو مێژووی کۆن و ناوەندو نوێی کوردەواریدا.

**مەسەلەی زمان**

یەکێك لە زیندووترین و گرنگترین دیاردەکانی کۆمەلایەتی (مەسەلەی زمان)ە. زمان گیانێکی وای تێدایە بەردەوام لە پێشکەوتن و دەست بەخۆدا هێنان و بەخشین و وەرگرتنە. مەسەلەی نەتەوەیی و دەوڵەت تەواو نابێ ئەگەر بێت و ئەو مەسەلەیە چارەسەر نەکرێ. بۆ ئەو مەبەستەش، بەپێی بەرنامەیەکی پێشکەوتووی فرەلایەنە، تێگەیشتنی نیشانە جیاوازەکان پێویستە کە باوەش بکا بەسەرجەم پێوەندییەکان و چۆنیەتیی بوارەکان دیاری بکرێن و بایەخی پێکهاتەی هۆکارەکان و ڕەهەندەکان لەبەرچاو بگیرێن.

## زمانی کوردی و بزوتنەوەی کوردایەتی

لە روانگەی سۆسیۆ-مێژووییەوە، داگیرکردن و دواکەوتن و پاشکۆیی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، لە بنەرەتدا دەگەرێتەوە بۆ ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کوردستان. پاشماوەی داگیرکردن، ئەنجامی نادروست و نابەجێ، لە تەواوی بوارەکانی گەشەکردن و گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەجێ هێشتووە.

لەنێو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا زمان بەلای نەتەوەوە، بۆ مانەوە و پاراستنی کەسایەتی و کولتوور و یادگاری پێشین مەزنترین رۆڵ دەبینێ. هەر ئەوەش وای کردووە داگیرکەران، بەر لەهەر شتێك دەیکوتنەوە و کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەر پێشخستن و گەشەکردنی، ئەگەر چی زمانی کوردی سیمای خاوێنی لە دەستوور و فەرهەنگی وشە و دەنگدا پاراستووە. لە هەندێ رووەوە پێشکەوتووە و دەوڵەمەند بووە، بەڵام بە ئەندازەی گرنگییەتییەکەی رێگای گەشەکردنی بۆ نەرەخساوە و خزمەتی پێویستی نەکراوە. زمان چوارچێوە و گەنجینەیە و سەرەکیترین ئامرازی رووناکبیرییە.

هۆکاریی یەکێتیی نەتەوەیە هەرچی بەهاو ئامانج و تێروانین و لێکدانەوە و بیرکردنەوە هەیە بە زمان دەر دەبررێ. هەر بۆیەش زمان کۆڵەکەی ناوەندیی کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و رووناکبیریەتی نەتەوەیە.

زمان دوو دیوی هەیە: دیوی قسەکردن و دیوی نووسین. لە هەر میللەتێکدا قسەکردن بە شێوەی زاراوەکانی دەگۆرێ و ئاساییە. دیوی نووسین کە پەیوەندیی کۆن و ئێستا و ناوەندو داهاتوو پێکەوە دەپارێزێ. شایانی خزمەت و هاندان و نەخشەی سەرەتاسەرییە. لە ئێستادا کە خوارووی کوردستان جۆرە ئازادییەکی هەیە، چاوەروان دەکرێ و لە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دەخوازرێ کە سیاسەتێکی زمانیان دەربارەی زمانی کوردی و کەلەپوورو ئەدەبیاتی کوردی هەبێ.

## بایەخی رۆڵی رووناکبیران

رووناکبیرێتی گیانی نەتەوەیە، خۆناسین و فێرکردن و ئامادەکردنی نەتەوەیە بۆ گرێدانی کاتەکان پێکەوە، کردنەوەی عەقڵ و دەروون و تێراونینە بۆ ژیانێکی باشتر. رێز لەخۆ و لەخەڵك گرتن، ئازادیی بیروباوەرو بەگەرخستنی توانستەکان بۆ بەرژەوەندیی گشت لایەك. رووناکبیریەتیی کوردی دەبێ لەسەر بناغەی مرۆڤی کوردو چارەنووس دابمەزرێ. مرۆڤ بنکەی دروستکردن و پێشکەوتن و شارستانییە. لەو بارەوە، گرنگی پێدان و ئازادی و پاراستنی و مسۆگەرکردنی هەل ومەرجی ژیانی پێویستن. رووناکبیریی کورد بەرپرسی راستەوخۆی رووناکبیریتیی کوردیە و دەبێ رۆڵی بایەخداری خۆی هەست پێبکات و وا بزانێ سەرەتای

گۆرانکارییەکان لە رووناکبیرییەوە دەست پێدەکا.
رووناکبیر مەرجە تێروانینی خۆی بەرامبەر مەسەلە چارەنووسییەکان و مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگا هەبێ. ئەمەش بە ئازادیی خۆی و رەوابینینی دەوری خۆی دەبێ، کە لە پێشەوەبێ نەك لە پەراوێزدا.

## لایەنی کۆمەڵایەتیی ئاساییشی نەتەوەیی

پێکەوە هەڵکردنی کۆمەڵانی نەتەوەو لە یەکدی گەیشتن و یەکسانی و داد ئەو هۆکارانەن ژیانی ئاسوودەیی دروست دەکەن. لەو لایەنەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو کارگێڕیی کورد پێویستیی خێراو فراوانیان بە هاوبەشی پێکەوەی تاکەکانی کۆمەڵ هەیە. هاوبەشیکردنی خەڵك لە مەسەلەکاندا، لەلایەکەوە مەترسی کەم دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەرپرسیارێتیی مێژوویی ئەستۆی کاربەدەستەکان سووکتر دەکات. لەگەڵ ئەوەدا دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانی خەڵك مەرجێکی دیکەی پەیوەندیی توندی تاکە بە کۆمەڵەوە.

لە هەر وڵاتێکی دیموکراسی و پێشکەوتوودا، دەسەڵات بە دەنگی لایەنگران و هەواداران دێتە سەرکار، بەڵام وەختێ چووە سەرکار، ئیدی لە مەسەلەی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایەتیدا بەرامبەر دەستەو کۆمەڵ و توێژی نەتەوە، بێلایەن دەبێ. هەموو لایەك لە بەرامبەر یاسادا، ماف و ئەرکیان وەك یەك تەماشا دەکرێ. جیاوازیکردن بە هەر بیانوویەکەوە بێ دروست نییەو دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیە.

لە رژێمی فەرمانڕەوایەتیدا، تایبەت ئەوەی لە خوارووی کوردستان دروست بووە، ئازاردان و چەوساندنەوە هێند حەساس و مەترسییە، هەر زوو دەردەکەوێ. چونکە گشت خەڵك، لە سەرەتاوە، وا هەست دەکەن کە فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی دەبێ، چاك و دادپەروەربێ، مافەکانی تاك و کۆمەڵ بپارێزێ. بۆیە جەماوەر چاوەڕوان دەکا دەزگای بەڕێوەبردنی خۆماڵی وەك دەستوورو ئەنجوومەنی نوێنەران و دادوەری سەربەخۆو رۆژنامەنووسی و راگەیەندنی ئازادو جڤات و رێکخستنی پیشەیی، کاروباری خەڵك بەڕێوە بەرن، هەر یەکەش ئەرك و مافەکانی خۆی بزانێ و پارێزراوبێ. لەو بارەوە:

١- پێکەوە کارکردن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بایەخی پێبدرێ.

٢- دیالۆگ و بیروباوەڕ گۆڕینەوە بە شێوەیەکی لەسەرخۆو لە سنووری رەوشت و پاراستنی حورمەتی گشت لایەک پەرە پێبدرێ، چونکە حەقیقەت و باوەڕو بۆچوونی چاک بە دیالۆگ زێدەتر دەردەکەوێ.

٣- دروست نییە پیرۆزی و پاکی بە لایەنێک ڕەوا ببینرێ و لەسەرو ڕەخنەو لێپرسینەوە بێ. پاکێتی و پیرۆزی موڵکی هەموو لایەکەو هەر کەسێکیش کاربەدەست بێ و کارێک بکا، دەشێ ڕەخنەی لێبگیری و دەشێ لەسەر هەڵە سزا بدری.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە کارگێڕییەك باوەڕی بە دیموکراسییەت هەبێ (٩)، مەرجە بیر لە مانەی خوارەوە بکاتەوە:

١- باوەڕی بە فرەلایەنی سیاسی و نۆرە لە فەرمانڕەوایەتیدا هەبێ.

٢- بڕیاری سیاسی، بەرهەمی پێکەوە کارکردنی لایەنەکان و کەسانی شارەزاو لێهاتووە.

٣- ڕێزگرتنی بنەمای زۆرینەی دەنگ لە بڕیارداندا.

٤- دەوڵەتی یاسا ئەوەیە کەدەستوور هەبێ و دەسەڵاتەکان لەیەک جیابن و هەموو لایەک پاڵپشت و گوێڕایەڵی یاسابن. کەس لە سەروو یاساوە تەماشا نەکری.

٥- پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادیی بیروباوەڕو دەربڕین و کارو پیشەو زانیاری لە هەل و مەرجی ئاساییشی کۆمەلایەتی و تاکەکانە.

٦- چاودێری لەسەر دەزگا کارگێڕییەکان دابنرێ و لێپرسینەوە لەسەر هەر هەڵەیەک و بەرامبەر هەموو لایەک بکرێ و سزای یاسایی بۆ هەر تاوانێک و هەڵەیەک و کەم و کەسەرییەک دابنرێ.

## مەسەلەی ژن لە ئاسایشی نەتەوەییدا

مەسەلەی ژن و پێوەندیی بە پیاوەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا تێڕوانینێکی روون و ئاشکرای هەبووە. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بوترێ: لە بنەڕەتدا تێڕوانین بووە بۆ مەسەلەی مرۆڤ.
پێکهاتەی نەتەوە یا دەوڵەت لە دوو ڕەگەزی ژن و پیاو دروستبووە. پێشکەوتن و بەختەوەریش لە نەتەوەو دەوڵەتدا، یەکێتیی مرۆڤەکانی و پەیوەندییەکانی نێوانیانە. ئەمەش دەبێ بە ئازادیی هەموو لایەك و پاراستنی کەسایەتی و پیرۆزی و کەرامەتی ئینسانی گشت بێ، لە ئازادی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتیدا بەهیچ پۆزشێك و لەژێر هیچ ناوو دەسەلاتێکدا دروست نییە جیاوازیی ژن و پیاو بکرێ مەگەر لە ڕوانگەی بایۆلۆژی و فیزیکییەوە بێ کە بەندە بە زگماکی و ئامادەیی لاشەیی سرووشتییەوە.
ئەگەر نێوانی ژن و پیاو دامەزراو نەبێ و لەسەر بنەڕەتی یەکسانی و دادپەروەری و ئازادی بەرامبەری

نەبێ، ئەوا ئاسایيشی نەتەوەیی دانامەزرێ و دەبێتە کاری نەکردە، بە ژن و پیاو خێزانی بەرقەرارو کامەران دادەمەزرێ. هەڵبەت خێزانیش خۆ ئامادەکردنە بۆ ژیانی ژن و مێردایەتی، دایکایەتی و باوکایەتی. ژیانی تێکەڵاوی گیان و خۆشەویستی و دەروون، تێکەڵاوی عەقڵ و سۆزو دارایی و لەش. لە کۆتاییدا خۆ ئامادەکردن بۆ منداڵبوون و گەشەکردن و پەروەردەکردن. بە باوەڕی من لە کۆمەڵگای ئینسانی خاوێن و بەختەوەرو سەرفرازدا، ناشێ منداڵ لە دەرەوەی پێوەندیی پیرۆزو شەرعیی داك و بابدا بێتە ژیانەوە. لە خستنەوەی منداڵی بێ داك و باب، ژن و پیاو بەرپرسیارن.

ڕێك و پێکیی پەیوەندیی ژن و پیاو، شارستانییەت و ئاوەدانی پەیدا دەکا، بناغەی ئابووری و دابەشکردنی سامان و پیادەکردنی رەوشت و بەرزێتیی مرۆڤ لە چوارچێوەی پێوەندیدا دروست دەبێ. مەزنیی ژن وەك مرۆڤ: گومان هەڵناگرێ. داواکردن بۆ ددان پێدانانی ژن وەك مرۆڤ، تێنەگەیشتن و سووکایەتیکردنە بە مرۆڤ کە ژن و پیاو دەگرێتەوە.

یەکێتیی ژن و پیاو لە رووی ئینسانییەوە، یەکێتیی ژن و پیاو لە رووی پێوەندییان و نرخ و بایەخیان لای خودا، یەك سەرچاوەیی پەیدابوون و ئامانجی بوونیان چ بەرامبەر یەك و چ بەرامبەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و رێکخستنی پێوەندیی ژن و پیاو لە هەموو بارو دۆخێکدا تێگەیشتنی تەواو هەڵدەگرێ. هەرچی کارێکی لە دەرەوەی پیرۆزی و مەزنیی ژن و پیاو بکرێ، پێچەوانەی ئیسلام و شارستانییەت و بەرچاورووونی و ئاسایيشی نەتەوەییە.

لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایەتیی کورددا لە خوارووی کوردستاندا، مەرجە حکومەتی کوردستان پێتەیەکی بەربلاو بە مرۆڤ بدا، بەرپرسیارن لەوەی مەزنیی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە رابگیرێ... جارجارە کە هەواڵی جەرگبڕی کوشتنی ژنێك بڵاودەبێتەوە هەموو چاوێکی هۆشیار، تارمایی بەسەردا دەکشێ و هەموو دڵێکی زیندوو، نوقمی پەژارە دەبێ و ئاسمانی کوردستان و مرۆڤایەتی خەم دایدەگرێ. چۆن دەکرێ ژنێك بکوژرێ و پیاو دادگایی نەکرێ؟! چۆن دەکرێ دایك و خوشك و هاوسەرو گیانی مرۆڤایەتی تیرۆر بکرێ و پیاو شەرمەزار نەبێ؟! ئاخۆ کەی سنوورێکی بنبەست بۆ سووکایەتیی مرۆڤ دادەنرێ و کەی هەل و مەرجی کوشتن و هۆکارەکانی هەڵدەگیرێن؟!.

حکومەتێکی بەتەنگ ئاسایيشی نەتەوەییەوە بێ، دەبێ بەر لە هەر کارێك، نەخشەی گرنگیدانی بە ژن لە بەرنامەی خۆیدا بێ. لەو نەخشەیەدا، پاراستن و یەکسانی و ئازادیی ژن و خوێندن و کار دۆزینەوەو برسینەکردنی و پۆشتەیی و ئامادەکردنی بەهەشتی ماڵەوەو دەرەوەی بە تەواوی تێگەیشتنەوە بۆ مسۆگەر

هەواڵنامەی کتێب

بکریَ ئەوجا دەزانریَ ژن چەند بە سەربەرزی و جوامیٚری و لیٚهاتوویەوە دەکاریَ خزمەتی کۆمەلَ و هاوبەشی پیٚشکەوتنی بکا .
لە کۆمەلَگای مرۆڤایەتی و شارستانیدا ، کۆمەلَگای پیاوسالاری و ژنسالاری جیٚی نابیٚتەوە کۆمەلگای مرۆڤ سالاری، تیٚگەیشتن و ئامانجی مرۆڤە ، دوور لە ئازارو چەوسانەوە، دوور لە سووکایەتی و رق و کینە، سەختیشە بیَ بوونی دەولَەتی سەربەخۆو سەرفرازیی نەتەوەیی ، مرۆڤی کورد بە ژن و پیاوەوە، ئازاد بیَ .

صەباحی غالیب

## سەرچاوەو پەراویزەکان:


١- عبدالمنعم المشاط، اللأمن القومي العربي: ابعاده ومتطلباته، معهد البحوث والدراسات العربيه، القاهره، ١٩٩٣، ص/١٨ .

٢- حامد ربيع، نظريه اللأمن العربي، دار الموقف، القاهره، ١٩٨٤، ص/٩٦-٩٧ .

٣- خالد بن سلطان بن عبدالعزيز آل سعود . الفريق اول ركن، امن منطقه الخليج العربي من منظور وطني، مركز اللامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجيه، ابوظبي، الطبعه ١، ١٩٩٧، ص/٦ .

٤- طلعت احمد مسلم، لواء متقاعد، الامكانات العسكريه العربيه، المستقبل العربي، العدد/٢٥٢،٢/٢٠٠٠، السنه الثانيه والعشرون، شباط/٢٠٠٠ ص/١٣٢ . ئەمیش لە (جامعه الدول العربيه، دراسه حول الامن القومي العربي، دراسه غير منشوره، القاهره، ١٩٩٣، ص/٣) وەرگیراوە.

**5- Donald k. Emmerson, Moralpolitik: The Timor Test. The National Interest, Number 58, winter 1999/2000, P. 64.**

**6- Medeline Albright, The Testing of American Foreign Policy. Foreign Affairs – November/December 1998.p.51.**

**7- The same Ref.p.53.**

٨- محمد الميلي — امين عام المنظمه العربيه للتربيه والثقافه، الامن العربي: التحديات الراهنه والتطلعات المستقبليه، مجموعه باحثين، مركز الدراسات العربي-الاوروبي، طبعه ١، بارس، ١٩٩٦، ص ١١٧ في الابعاد الثقافيه والاجيماعيه للامن القومي العربي.

٩- محمد فريد حجاب، ازمه الديمقراطيه الغربيه و يحدياتها في العالم الثالث، مجله المستقبل العربي، العدد/١٦٤، اكتوبر ١٩٩٢، ص / ٧٢ .

# میهرەجانی پیرەمێرد

پیرەمێرد وەک ڕێبەری تازەگەریتی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بیری نەتەوەیی بایەخێکی زۆر هەڵدەگرێ

بۆ پتر کەڵک وەرگرتن و پیشاندانی جێگای بەرزی ئەو کەڵە ڕووناکبیرە پێویستە دەکا دەیان لێکۆڵینەوە و سیمیناری لەسەر ساز بکرێ

گۆڤاری «باسکار»

بە کامەرانییەوە ڕایدەگەیەنێ کە لە یادی «٥٠» پەنجاساڵەی کۆچی دوایی ئەو جوامێرەدا میهرەجانێکی تایبەتی لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا بۆ ساز دەکا.

ئەم مامۆستایانە هاوبەشی تێدا دەکەن

ئەحمەد هەردی

محەمەد ڕەسووڵ «هاوار»

دوکتۆر مارف خەزنەدار

کاکەمەم بۆتانی

جەماڵ شارباژێڕی

عەبدوڵڵا پەشێو

صەباحی غالیب

دواتر، لە کات و جێگا، هەموو لایەک ئاگادار دەکرێ.

- باسکار -

هەولێرنامەی کتێب

سەعید شەمس

# کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

## بەشی یەکەم : ناسیۆنالیزمی رەسمی

چەند تێبینییەک:

ئێران، بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، چوارچێوەی وڵات و سنوورەکانی لە ئەنجامی دەستێوەردانی هێزەکانی ئورووپیدا ساز نەبووە یا وەک وڵاتێک بەرهەم و ئەنجامی کێشەیەکی رزگاریخوازانەی دژی کۆلۆنیالیزم نەبووە. ئەم وڵاتە ماوەیەکی درێژ بەر لەم گۆڕانکارییانە و هاتنی ئوروپییەکان بۆ ناوچەکە، خاوەنی دەوڵەتێک بووە، کە سەرەڕای لاوازی و کەم دەسەڵاتی، حوکمڕانی بە سەر چوارچێوەی جۆغرافیایی ئێستاکەیدا کردووە. ئێران سەربەخۆیی نیسبی خۆی لە سەدەی هەژدەیەم بەملاوە، هاوکات لەگەڵ پەرەگرتن و ئامادەیی ئورووپییەکان لە ناوچە و لە سێبەری هاوسەنگی ستراتێژیکی نێوان ئیمپراتۆری بریتانیا و رووسیادا، پاراستووە.

ئەم هەلومەرجە و بوونی ئیمپراتۆریە کۆنەکان ( بەر لە هێرشی عەرەبەکان و ئیسلام) لەو سەرزەمینەی کە ئێستا بە ئێران دەناسرێت، بۆتە هۆی بەهێزبوونی وەهمێک لای هەندێ مێژووکاری ئێرانی. ئەوان چەمکی ئێران و ئێرانییەتی بە شێوەیەکی گشتی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە شێوەیەکی تایبەتی، بە دیاردەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ یا بە ئەنجامی پەرەگرتنی کاپیتالیزم و چوونەژووری ئێران بۆ نێو پێوەندیە نێونەتەوەییە نوێیەکان نازانن. بە پێچەوانە، ئەوان ئەم دیاردانە بە دیاردەیەکی تەواو ئێرانی دەزانن و مێژوویەکی هەزاران ساڵەی بۆ دادەتاشن. بەڵام گشت فاکت و بەڵگە مێژووییەکان، ئەم بۆچوونانە رەت دەکەنەوە و پێچەوانەکەی دەسەلمێنن. بە واتایەکی دیکە، ئێران و چەمکی ئێرانییەت دیاردەیەکی مۆدێرنن و تەنیا لە چوارچێوە فراژوون و پەرەگرتنی مۆدێرنیتە لە ئێراندا شیاوی تێگەیشتن وشیکردنەوەن.

# کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

بۆ باشترناسینی ناسیۆنالیزمی ئێرانی ، پێویستیمان بە دەستپێک و ڕوانینێکی تیۆرییانەیە کە بتوانێ لە شیکاری هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەم ناسیۆنالیزمە بە هەموو خەسڵەتەکانییەوە بە هانامانەوە بێت. ئێستا زۆرینەی خاوەن ڕا و لێکۆڵەرەوەکان لەوەدا هاوبیرن کە نەتەوە بە مانای ئێمرۆی خۆی، دیاردەیەکە لە ئەنجامی زانینی نوێ، وەرگرتن ئاوەزی نوێ و هەستی هاوپێوەندیی کۆییدا شێوەی گرتووە. ئەم دیاردەیە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بەدواوە لە ئەورووپا و دواتریش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە وڵاتانی تری جیهاندا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو و سیاسی. ئاڵۆزی هاوجووتی (انطباق) تیۆری مۆدێرنیزاسیۆن لە چوارچێوەی تایبەتیی ئێراندا، ڕیشەی لەوەدایە کە وشەی نەتەوە و دەوڵەت، لە ئەدەبی فارسی و لە نووسراوە و بەڵگە نامە سیاسییەکاندا بە واتای جیاواز لە واتای ئێمرۆیی کەڵکیان لێوەرگیراوە. لێرە بەبێ ئەوەی بخوازم خۆ لە وردەکاری ئەم باسە بدەم، ناچارم بۆ درێژەدان بەم باسە سەرنجتان بۆ هەندێ تێبینی ڕابکێشم.

تا بەر لە شۆڕشی مەشروتە و بەتایبەت لە دەورانی قاجار بەملاوە، وشەی دەوڵەت لە بەڵگەنامە و سەڵتەنەت، سەرۆکی دەوڵەت و وەزیرەکانی دەربارەوە هاتووە و بەم مانایانە(Nationنووسراوەکاندا بە واتای ) کەڵکیان لێوەرگیراوە. هەروەها وشەی نەتەوە (میللەت)، زۆر جاران مانای شەریعەت یان خود ڕێڕەوانی شەریعەتێکی تایبەت لە مێشکدا خولقاندووە. بۆ وێنە ناسرەدین شا (ناصرالدین شاه) لە ماجەرای بایکۆتی تەنباکۆ(١) لە لایەن میرزای شیرازیدا، نامەیەکی توند و تیژ بۆ میرزا دەنووسێ و سەبارەت بە خۆتێهەڵقورتانی ئەو لە کاروباری دەوڵەت (سەڵتەنەت)دا هۆشداری پێدەدات. میرزا لە وەڵامدا دەڵێ: "... دوعاکەری ئێوە پێشتر بەتەما بوو [...] سەبارەت بە سوپاسی گەورە و شاهانەی ئێوە لە گشت ڕەعیەت و سەناخوێنەکانتان، بەتایبەت بنەماڵەی بەڕێزی عولەما کە گەورەی دین و میللەت و هەڵگری شەریعەتن، عەریزەیەک بنێرێتە خزمەتی موبارەکتان."(٢)

لەم نموونەیەدا، جیاوازییەکی واتایی ئاشکرا لە نێوان گشت ڕەعییەتەکان و عولەمادا شاراوەیە. هەروەها بەکارهێنانی وشەی "گەورەی میللەت" لەبری موجتەهیدان و عولەمای شیعە ئەم واتایەی تێدا ئاشکرایە. لە بەڵگەنامە سیاسییەکانی ئەوسەردەمەدا لە لایەکەوە ڕاستەوخۆ باسی میللەتی ئیسلام، جوو و ئەنسار کراوە کە مەبەست، ڕێڕەوان و لایەنگرانی ئەم ئایینانە بووە، لە لایەکی دیکەشەوە کاتێ مەبەست خەڵک بە گشتی بووە کە لە باری پێوەندییەوە لە ژێر سەرپەرشتی وقەیومییەتی دەوڵەتی ئێراندا بوون، کەڵک لە وشەی "گشت ڕەعییەتەکان" یان "هەموو ڕەعییەتەکان" وەرگیراوە. بەم پێیە چەمکی نەتەوە (٣) هەتا پێش شۆڕشی مەشروتە بە هیچ چەشنێ واتای مۆدێرنی ئێستاکیی نەبووە کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی هەڵدانی سەرمایەداری و شێوەگرتنی بازاری میللی و پەرەگرتنی پێوەندییەکان بووە. وشەی "گشت ڕەعییەتەکان" کە مەلیکولشوعەرای بەهار (ملک الشعرای بهار) لەبری "اجماع رعایا"ی بەکاری هێناوە، تێکرای خەڵک بە موسلمان و غەیری موسلمانەوە دەگرێتەوە. هەر ئەم وشەیە لە ڕەوت و گۆڕانکارییەکانی دوای شۆڕشی مەشروتەدا، بە واتای ئەو خەڵکە هاتوە کە وابەستەی دەوڵەتی ئێرانن. هەروەها بەر لەو نەتەوە، ئەم وشەیە بەگشتی بەواتای ڕێڕەوانی شەریعەت هاتووە و بە شێوەیەکی دیاریش بە واتای لایەنگرانی شەریعەتی شیعە کە پەیرەوی عولەماکانن، بەکار هێنراوە.

دەستەواژە ی "اجماع رعایا"، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە پەیتا پەیتا لەتەک چەمکی نەتەوە، بە شێوەیەکی

لێڵ و نادیار گرێ دراوە و بۆتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم ناتەباییەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە تا ئێستا بەرۆکی بەرنەداون. لە سەرەتای شۆڕشی مەشروتەوە، وشەی میللەت بە شێوەیەکی دیار لە لایەن رۆشنبیرە ئێرانییە ناسیۆنالیستەکانەوە بە واتای قەومی ئێرانی و دانیشتووانی سەرزەمینی ئێران کە خاوەنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتین یا دەبێ ببن، کەڵکی لێوەرگیراوە.

## سەرەتای مۆدەرنیەت لە ئێراندا

بەشداربوونی ئێران لە پێوەندییە نێونەتەوەییە نوێکاندا کە بناغەی لە سەر ساختار و بنەمای دەوڵەت - نەتەوەیی(٤) مۆدێرندا دارێژرابوو، بەر لەهەموو شت ریفۆرمیستە ئێرانییەکانی خستە بیری مۆدێرنیزەکردنی ئێرانەوە. نیاز بە مۆدێرنیزاندنی (مۆدێنیزەکردنی) (٥) ساختاری دەوڵەتیی ئێران لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە بەر لە هەموو شت خۆی لە بواری مۆدێرنیزاندنی هێزەکانی سوپایی و دامەزراندنی سۆپایەکی مۆدێرن دەرخست، بەتایبەت دوای ئەوەی ئێران تامی شکستە قورسەکانی شەری لەتەک روسیادا چێشتبوو. (ئیمپراتۆریەی عوسمانیسش هەر لەم روانگەیەوە هەندێ ریفۆرمی ئەنجام دابوو.)

جیا لە سوپا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە، یەکەم وەزارەتخانە بوو کە نیاز بە مۆدێنیزەبوونی تێدا هەست پێکرا، ئەم وەزارەتخانەیە لە راستیدا یەکەم دەزگای دەوڵەتی بوو کە لە زەمانی ناسرەدین شاوە تا رادەیەک ساختاری پێژەیی (٦) و جیاوازی بەرپرسییەکانی تێدا پاراسترا بوو.

یەکەم هەنگاوی جیدی لە ئاستی ریفۆرمی نیزامی، لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئازەربایجان کە گۆرەپانی شەر لەگەڵ روسیا بوو، لە لایەن عەباس میرزا (٧) و قایم مەقامەوە هەڵگیرا کە لە ریفۆرمە نیزامییەکانی سوڵتان سەلیمی دووەمی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە ئیلهامیان وەرگرتبوو. ئەم ریفۆرمانە لە ئەنجامی شکستی قورسی ئێران لە روسیا (لەساڵی ١٨٢٧دا) راوەستا و پووچەڵ بووەوە. شەپۆلی دووەمی ریفورمی دامودەزگای نیزامی و بۆرۆکراتی ئێران لە سەردەمی سەڵتەنەتی ناسرەدین شاوە و لە رێگای سەرۆکی وەزیران ، واتە میرزا تەقی خانی ئەمیر نیزامەوە لە سالانی ٥١ - ١٨٤٨دا دەست پێکراوە. تەوەری ریفۆرمەکانی تەقی خانیش هەروەک عەباس میرزا، دووبارەسازدانی هێزە نیزامییەکانی وڵات و دامەزراندنی سوپایەکی مۆدێرن بوو. ریفۆرمەکانی تەقی خان هەندێ سەرکەوتنی بەدواوە بوو، بەتایبەت سازدانی هێڵەکانی تێلگراف، پەرەیەکی بەرچاوی بە دەسەڵات و ئاوتۆریتەی دەوڵەتی ناوەندی دا. دوای وەلانانی تەقی خان، ئەو ریفۆرمانەش بە شێوەیەکی کاتی راوەستان، بەلام مۆدێرنیزاندن دووبارە پاش ماوەیەکی کورت دەستپێکراوە.

شەپۆلی سێیەمی مۆدێرنیزە کردن بە دانانی (یاخود) میرزا حوسێن خانی موشیرولدەولە بۆ کورسی وەزارەت لە ٧٣ - ١٨٧٠وە خرایەوە گڕ و دووبارە گرانایی ناوەندی خرایە سەر مۆدێرنیزاندنی دەزگا بۆرۆکراتی و نیزامییەکانی ئێران.

بەلام هەموو ئەم هەولانە لە ئاکامدا تووشی شکستێکی بەرچاو هاتن. بەتایبەت شەپۆلی سێیەم لە بری مۆدێرنیزاندنی دەوڵەت، قەرز و قۆڵە و کەموکورییەکی گەورەی بودجەی لە دوای خۆی بە میرات بە جێ هێشت. ئێران لە سەرەتای شۆڕشی مەشروتەدا، نزیکەی هەشت سەد هەزار پۆند لە بریتانیا و سی و دوو میلیۆن و نیو روبڵ بە وڵاتانی روسیا و بریتانیا قەرزدار بوو. ئەم قەرزانە سێ قاتی بودجەی ساڵانەی ئەو کاتەی ئێران بوون و

# کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

دەوڵەت توانای قەرەبوو کردنەوەی ئەم قەرزانەی نەبوو. هەر بۆیەناچار بوو هەموو ساڵێ ئیمتیازێکی زۆری تیجاری و ئابووری بدا بە دوو دەسەلاتداری روسیا و بریتانیا. ئەم کارە هەستی توێژەکانی بازرگانی شار و روناکبیرانی ریفۆرمیستی زۆر بە قووڵی بریندارکرد و بووە سەبەبی یەکگرتنی ئەوان لەگەڵ بەشێ لە روحانییەتی (مەلاکانی) شیعە لە شۆڕشی مەشروتەدا.

## شۆڕشی مەشروتە

لێکۆڵینەوە لە شۆڕشی مەشروتە لە چوارچێوە و مەبەستەکانی ئەم وتارە بەدەرە. بەلام چونکە ئەم شۆڕشە سەرەتای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە، ناچارین ئاماژەیەکی سەرپێیی هەندێ لە رەهەندە گشتییەکانی ئەم شۆڕشە بکەین.

شۆڕشی مەشروتە لەلایەن زۆربەی مێژووکارانەوە هەم وەک شۆڕشێکی نەتەوەیی و هەم وەک شۆڕشێکی دیمۆکراتیانە هەڵسەنگێندراوە. ئەگەرچی ئەم هەڵسەنگاندنانە لایەنێکی زانستیان تێدایە، بەلام لە هەمان کاتدا ئەم شێوە هەڵسەنگاندنانە دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ خراپ تێگەیشتن لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرەتا، ئامانجەکان و شکستی ئەم شۆڕشە.

ئامانجی بنەرەتی و سەرەکی زۆرینەی رێبەرانی فیکری، سیاسی و کۆمەلایەتی شۆڕشی مەشروتە، ریفۆرم لە دامودەزگا دەوڵەتی و ئیدارییەکاندا بوو. واتە هۆی سەرەکی هەڵگیرسانی شۆڕش، دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەسەلاتدار بوو کە بتوانێ دواکەوتوویی کۆمەلایەتی و ئابووری ئێران قەرەبوو کاتەوە. ئامانجێ کە شۆڕش نەیتوانی بیپێکێت. ئەم ئامانجە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لە لایەن بەشێ لە بنەماڵەی قاجارەکان و بۆرۆکراتە ریفۆرمیستەکانی دەزگای دەوڵەتیی ئێران بەرجەستە بووبووەوە، بەلام بە ئەنجامێکی سەرکەوتووانە نەگەیشت. راپەڕین و شۆڕشی مەشروتە بەر لە هەموو شت ئەنجامی ناهومێدی ودڵساردی قووڵی توێژە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگا لە بێ هێزی و ناکامی سەڵتەنەتی قاجار لە وەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا بوو. (٧)

شۆڕشی مەشروتە دەکرێ بە دوو قوناغ دابەش کرێت. قۆناغی یەکەم لە ساڵانی ١٩٠٥وە تا ١٩٠٨ درێژەی هەبوو کە سەرەتای جوڵانەوە و دامەزراندنی مەجلیسی یاسادانانی نەتەوەیی (مجلس شورای ملی) بەدواوە بوو. دوای دەورەیەکناهێمنی و پرۆتێستی سیاسی لە ١٥ ئاگۆستی ١٩٠٦ ناسرەدین شا فەرمانی خۆی لەمەڕ دامەزراندنی مەجلیسی شورای میللی راگەیاند بە سەرۆک وەزیر. هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس دەسبەجێ دەستپێکرا و مەجلیس لە ئۆکتۆبری ١٩٠٦دا کرایەوە. لە سییەمی سێپتامبری ١٩٠٦دا یاسای بنچینەیی ئێران لە لایەن مەجلیسەوە پەسند کرا. پەسندکردنی یاسایی بنچینەیی وەک سەرکەوتنی یەکجارەکی و بە ئامانج بە شێوەی دیمۆکراسی گەیشتنی شۆڕش هەڵسەنگێندراوە، کە مەبەست پەرەپێدانی کۆمەڵگای سیاسی نوێنەرایەتی و پرەنسیپی حکومەتی یاسا و دەسەلاتداری نەتەوەیی. بەلام لەم قۆناغەد و بە تایبەت لەمەڕ پەسندکردنی یاسای بنچینەیی ئێراندا، هێشتا کێشە و ململانییەک لە نێوان مەجلیس (کە نوێنەرایەتی دەسەلاتداری خەڵکی ئێرانی دەکرد) و شای تازە (محمد علی شاه) لە ئارادا بوو. لە پاڵ ئەم دوو جەمسەرە سەرەکییەدا، ئالۆزییەکی بەرچاویش لە بەرەی مەشروتەخوازەکاندا لەسەر کارکرد ن(٨) و بەرپرسیتیی هێزی یاسادانان و بەجێگەیاندن و دادوەری(مقننە و مجریە و قضاییە) (٩) و ئەنجومەنە هەرێمییەکان کە لە

## سەعید شەمس

زۆربەی شارەکاندا بووبوونە ناوەندێکی بەهێزی دەسەلات، لە ئارادابوو. بوونی ئەم دوو ڕەوتە بووبووە تەگەرەیەک لە ڕێگای بەجێگەیاندنی ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕش کە ڕیفۆرم بوو لە دەزگای دەوڵەتیدا. قۆناغی دووەم: لەحوزەیرانی ۱۹۰۸وە دەستپێکرا کە هاوکات بوولەگەڵ سەرکوت و داخستنی مەجلیس، ئەنجومەنە هەرێمییەکان و هەروەها بۆمبارانی مەجلیس بەدەستی محەمەد عەلی شا. ئەم قۆناغە بە قۆناغی شەڕی ناوخۆنێوزەد کراوە.
دوای بۆمبارانی مەجلیس و هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنە هەرێمییەکان، ئەنجومەنی هەرێمی تەورێز لە دژی محمد عەلی شا و بە داکۆکی لە شۆڕش و ئامانجەکانی ڕاپەڕی. لە کانونی دووەم-حوزەیرانی ۱۹۰۹ دووبارە ئەنجومەنی هەرێمەکانی ئیسفەهان، هەمەدان، ڕەشت و شیراز دەستیان بەکار کردەوە و بە گرتنی تاران لە لایەن مەشروتەخوازەکانەوە، محمد علی شا لە سەڵتەنەت لابردرا و مەجلیسی شورای میللی دووبارە کرایەوە.
بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە شۆڕشی مەشروتە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم شۆڕشە لە دابینکردنی ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیدا واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن و بەدەسەڵات، ناکام بوو. بەپێچەوانەی ئەم ئامانجانە، ئەوەی لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا روویدا، دووبارە زیندووبوونەوەی تۆتۆکراسی، شەڕی ناوخۆیی و لە کۆتاییدا داگیرکرانی ناوچەی باکووری ئێران لە لایەن رووسەکانەوە بوو. لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئێران تەنانەت خاوەنی دەوڵەتێکی بەناو یەکپارچە نەبوو. ئەنجامی زۆربەی شۆڕشە دیموکراتییەکان کە لە دژی سەرەڕۆیی و پێوەندییەکانی بەرلە سەرمایەداریدا ڕاپەڕیبوون، دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەدەسەلات و مۆدێرن بوو.
شکست لە دابینکردن و بەئەنجام گەیاندنی ئەم ئامانجە بەرلەهەموو شتێ لە بەردەم تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشەدا ڕامانده گرێ کە سەرەتای مۆدێرنیزم و شێوەگرتنی ناسیۆنالیزم لە ئێراندا بوو. شۆڕشی مەشروتە لە ئێراندا خاوەنی ئایدیۆلۆژی بەمانای دیاری ئەم چەمکە نەبوو کە لە فەلسەفەی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسیدا باسی لێدەکرێ. هەرچەند هەندێ ماک و چەمک و ئەندێشەی ناسیۆنالیستی لە جوڵانەوەی مەشروتەدا ڕۆڵیان گێرا، بەلام بە هیچ مەرجێ ناکرێ ناسیۆنالیزم بە ڕابەر و پێشرەوی ئەم شۆڕشە بزانین. بە واتەیەکی دیکە ناسیۆنالیزمی ئێرانی ڕۆڵێکی چالاکی لە شۆڕشی مەشروتەدا گێرا، بەلام شوێنەواری ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەم شۆڕشەدا وەک سیستەمێکی ئایدیۆلۆژیک و خاوەنی پرۆگرامی روونی سیاسی ون و نادیاربوو. ئەم حوکمە هەرچەند ڕەنگدانەوەی چەشنە ناتەباییەکە، بەلام لە هەمان کاتدا تاکە چوارچێوەیەکە کە دەکرێ لەودا بە شێوەیەکی روون و خویا ڕەوتی هەڵدان و گۆڕانکاری ناسیونالیزمی ئێرانی لە ناوەوە بخوێندرێتەوە.

### تایبەتمەندییەکانی نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی

ناتەبایی قووڵ و بناغەیی ئەندێشەی مەشروتە و پرۆگرامی کارکردی سیاسی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان دوای دەورەیەک سەرکەوتنی بەڕواڵەت ساکار، بەتایبەت لە قۆناغی نووسینی پێوەستی یاسای بنەڕەتی، بە شێوەیەکی روون دەرکەوت. لێرەدا بەر لەوەی بچینە ناو خودی باسەکە، باشترە ئاماژە بۆ ئەو چوارچێوە تیۆریە بکەین کە لەم باسەدا کەڵکی لێوەرگیراوە.

# کێشه چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

دوو شوێنەواری گرنگ و کاریگەر سەبارەت بە ناسیۆنالیزم لە لایەن ئەرنێست گلنێر (١٠) و بێنێدیت ئاندێرسۆن (١١) لەم دەیانەی دوادا نووسراون کە بوونە هۆی فراژوونی تیۆری ناسیۆنالیزم. هەردووی ئەم شوێنەوارانە جەختێکی زۆر لەسەر ناڤۆڵێتی (١٢) و لەسەر سەرهەڵدانی ئاگایی نەتەوەیی لە قۆناخی مۆدێرنیتەدا دەکەن و ئەو بە بەرهەمی ئامێتەیی و هاوژیانی ، تێکەڵاویی ورەهەندگری کا ت وشوێنی(هابوونی) سیاسەت و فەرهەنگ دەنرخێنن(١٣). بە وتەیەکی دیکە هەستی هاوپێوەندی و هاوریشەیی تاک لە تەک فەرهەنگێک سەری هەڵدا کە لەلایەن دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرنەوە  باڵادەکاوگەشەدەستێنێ.
ئەم دوو نووسینە لە شیکاری کۆمەڵناسانەیاندا پێ لەسەر ئەم خاڵە دادەگرن کە هەستی هاوبەستەیی کۆیی تەنیا و تەنیا لە قۆناغی مۆدێرنیتەدا ئێمکانی تێگەیشتن، مادی بوون و گەلەکی بوونی هەبووە و هەیە. چونکە تەنیا لە قۆناغی مۆدێرنیتەدایە کە گروپە جیاواز و بڵاوەکانی خەلکی هەرێمە جیاوازەکان بۆیان دەرەخسێ خۆیان وەک یەکەیەکی کۆمەلایەتی هاوشێوە و تاکانە وێنەپێبدەن .(١٤)
گێلنێر شیکارییەکی تەواو و گشتی لەم نادرێژەدارییە (ناپەیوەستی) (١٥) مێژووییە ئاراستە دەکات. بە گوێرەی تیۆری گلنێر، ستروکتوری(ساختاری) کۆمەڵگا بەرپیشەسازییەکان لەسەر بنەمای یەکە کۆمەلایەتییە جیاواز و خودبژێن و ناپەوەستەکانەوە  بەیەکەوە دامەزرابوون. بە دەستپێکردن و گەشەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی و سەرمایەداری، کۆمەڵگا نیازمەندی کاری پسپۆڕ، خوێندەوار، گۆڕانکار و جێگۆڕ (مۆبیلیتی)(١٦) دەبێت. یەکە کۆمەلایەتییەکانی جودا و بێپێوەندیی کۆمەڵگای بەرپیشەیی توانستی دابینکردن و پەروەردە کردن و بەرهەمهێنانەوەی ئەم هێزە کارییە پسپۆڕییەیان نەبوو.ئەمە لە سەردەمی مۆدێرنیتەدایە کە دەوڵەت ـ نەتەوە بەرپرسێتی سیاسی خەڵک دەگرنە ئەستۆ و لە ڕێگەی جێبەجێکردن، دابینکردن و کۆنترۆڵی سیستمی مۆدێرن، ئیجباری (تۆیزەکی )ی (١٧) پەروەردە یەکەیەکی گشتگر بۆ ئەم کارە دەخولقێنن. بەمجۆرە نەتەوەیی و سیاسیی تێکدەچندرێن  و لە ئەنجامدا هەستی هاوبەستەیی یەکەناوچەییە جودا و خۆبژێوەکان دەبێتە هەستی هاوبەستەیی سیاسی ـ گروپی (نەتەوەیی) کە بە کارگێڕی (هیدایەتی) دامەزراوە و پێکهاتە تەواو نوێیەکانەوە بەناوی دەوڵەت ـ نەتەوە بەڕێوە دەچن.
ئەم ڕەوتە لە نووسینەکەی ئاندێرسۆندا بە چەشنێکی دیکە دەکەوێتە بەر توێژینەوە. لە گۆشەنیگای ئاندێرسۆنەوە،  ئێمکانی تێگەیشتن و ناسینی زەمانی بەتاڵبوو (بۆش) و هاوچەشن(١٨) تەنیا لە چوارچێوەی گەشەسەندنی مێدیا و ڕاگەیاندنە چاپییەکان  بەتایبەت سەرمایەداری چاپدا  مومکینە(١٩)، ڕەوتێ کە مەودای ئەمە پێکدێنێ کە ئەندامانی کۆمەڵگا خۆیان وەک گروپێکی گەورە وێناکێش بکەن و خۆیان بە نەتەوە بزانن.
ڕەهەندێکی گرینگ و جیاوازییەکی جیددی نێوان ئاندێرسۆن و گلنێر لەوەدایە کە ئاندێرسۆن جەخت دەکاتە سەر لایەنی "خەیاڵی" بوون و "وێنایی"، نەک دۆزراوەیی دیاردەکە.

"گلنێر بە پێداگرییەکی لاسارانەوە باسێکی شیکارانە ـ پێوانەیی (لە بەراورد لەتەک ڕێناندا   (٢٠)    ئاراستە دەکا کاتێ دەڵێ "ناسیۆنالیزم، ڕاپەڕینی نەتەوەکان بۆ خودئاگایی و بێداریی نەتەوەیی نییە، بەڵکو درووست بەپێچەوانە، ناسیۆنالیزم، نەتەوەکان لە شوێنێک کە بوونیان نییە، دەدۆزنەوە." کەم سەرنجی و غەفڵەتی سەرەکی ئەم فۆرمۆڵەکردنە لەوەدایە کە گلنێر  "داهێنان  "، بەواتای "دۆزینەوە (٢١) "، دە ستکردبوون بەکار

دێنێ نەک وەک دیاردەیەکی وێنایی، زەینی و داهێنەرانە. واتە گێلنێر ئەم حوکمە دەدا کە گروپ یان دانیشتووە ڕاستەقینەکان لە بەرانبەر نەتەوەدا ڕادەوەستن. بەپێچەوانە هەموو گروپێکی گەورەتر لە گروپێکی بچووکی گوند، سیما بەسیما وێناکێش کراون. کۆمەڵە مرۆڤایەتیەکان نابێ لە سەر بنەمای ڕاستەقینەیی بوون یاخود دۆزراوەیی بوونیان بەراورد کرێن، بەڵکو بە گوێرەی ئەم شێوەیەی کە وێناکێش دەکرێن [بەراورد بکرێن]".(٢٢)
کەوایە ئاندێرسۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە مۆدێلی "وێنایی" نابێ لەتەک مۆدێل و نموونەی "ڕاستەقینەدا" بەراورد بکرێن. نەتەوەی مۆدێرن و هەر کۆمەڵێکی جڤاکی گەورەتری دیکە، هەم خەیاڵی و هەم ڕاستەقینەیین. نەتەوە دەبێ وێنا بکرێت، چونکە نەتەوە شتێکی کۆنکرێت و هەستپێکراو نییە و پێکهێنەرانی ئەو لە پێوەندی ڕاستەوخۆ و هەمیشەییدا نین، بەلام لە هەمان کاتدا نەتەوە دیاردەیەکی واقعییە. ئەم حوکمە وێدەچێ هەڵگری چەشنە پارادۆکسێ بێت، بەڵام کردی وێناکردن کردێکی واقعییە و زۆربەی ئەم خەڵکە هەر وەک ئەندامانی نەتەوەیەک بیر دەکەنەوە و ڕەفتار دەکەن. لە جیاوازی نێوان گلنێر و ئاندرسۆندا، من لەم وتارەمدا پتر بەرەو ئاندێرسۆن دەشکێمەوە. چونکە پێموایە مۆدێلی ئەو بە هۆی خویایی و وردبینی پتر، دەتوانی چوارچێوەیەک بێ بۆ شیکردنەوەی ناسیۆنالیزم بە گشتی و بەتایبەتیش ناسیۆنالیزمی ئێرانی. مۆدێلی ئاندێرسۆن لە شیکاری بنەما تیۆریی، پێکهاتەیی و فەرهەنگی ناسیۆنالیزمدا یارمەتیمان دەدات کە دیاری بکەین چ شتێ، بەکام دیسکۆرس و لە چ هەلومەرجێکدا "وێنا" دەکرێن.
بەهەرحاڵ، ئێمە کەڵک لە هەردوو مۆدێلەکە وەردەگرین. بەکورتی ئەم مۆدێلانە جەخت دەکەنە سەر ئەمە کە سیستەمی نوێی سیاسیی دەوڵەت ـ نەتەوە، هەستی هاوپێوەندی و ڕیشەیی گرۆیی لە بواری قەومی، ئایینی و چینایەتی و تەنانەت هەندێ جار مێژوویی دەردێنێ و دەیگۆڕێتە سەر هەستی ئەمەکداری و وابەستەیی بە دەوڵەتێکی سیاسی مۆدێرن کە لە چوارچێوەی جۆغرافیایی، خاکیی و سیاسیی دیاریکراو داکۆکی دەکات. بە واتەیەکی دیکە نەتەوە بەناچار گۆڕانکارییەکی ناوەرۆکی، گەوهەری،چاوێنی و جەبری (لەباری مێژوویيەوە) نییە، بەڵکو بەر لەهەموو شت گۆڕانکارییەکی زەینی و سیاسییە. تایبەتمەندییەکانی هەموو ناسیۆنالیزمێکیش بەرلە هەموو شت دەبێ لە سەر بنەمای ئەو بەرنامە سیاسییەدا هەسەنگێندرێ کە دەیەوێ دەوڵەتێک دامەزرێنێ، یا دایمەزراندووە.

* * *

شێوەگرتنی بیری مۆدێرنیتە و ناسیۆنالیزم لە ئێراندا دەگەڕێتەوە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم. فەتعەعەلی ئاخوندۆف (فتحعلی اخوندوف) کە دوواتر هەر بە ئاخوندۆف ناوبانگی دەرکرد یەکێک بوو لە بەرجەستەترین نوێنەرانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی. بێگومان ئاخوندۆف مرۆیەکی پێشکەوتوو و ڕادیکاڵ بوو، بەلام ڕوانینی بە مۆدێرنیتە و چۆنییەتی تێپەڕبوونی کۆمەڵگای ئێران بەو قۆناغە، فرە رووکەش و سەرپێیی بوو. لە ڕوانگەی ئاخوندۆفەوە هۆی دواکەوتوویی درێژخایەن و مێژوویی ئێران لە چاو پێشکەوتنی بێوێنەی ئەورووپییەکان دەگەڕێتەوە سەر هێرشی عەرەبەکان و نفوزی ئاینی ئیسلام. زۆربەی ڕوناکبیرانی مەدەنی و (بۆیەش ناسیۆنالیستی) بەشدار لە شۆڕشی مەشروتەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان لایەنگری ئاخوندۆف بوون. لەناو ئەواندا دەبێ باسی میرزا ئاقاخانی کرمانی بکەین کە بە باوکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی ناودەبرێت. ئەم

## کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

هەڵسەنگاندنەش بە شێوەیەک دروستە چونکە ئەو یەکەمین جار واتایەک لە نەتەوە باس دەکا کە دوایی دەبێتە یەکێ لە بنەماکانی دیسکورسیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی. "مەبەست لە میللەت، ئومەتێکە کە بە زمانێک دەپەیڤن. بۆ وێنە میللەتی عەرەب واتە عەرەب زمانەکان، میللەتی تورک واتە تورک زمانەکان و میلەتی فارس واتە فارس زمانەکان." (٢٢)

میرز ئاقاخانی کرمانی وەک یەکێ لە گەورەترین دارێژەرانی ئەندێشەی ناسیۆنالیستی ئێرانی خۆی لە هەموو کون و قوژبنێک هاویشت و دەستی بۆ هەموو دەسەڵاتێک درێژ کرد بۆ ئەوەی ئاواتی رووخانی سەڵتەنەتی قاجار بەدی بێ. میرزا ئاقاخان لە دەستپێکدا شیفتەی ئەزەلییەکان بوو و کچی "صبح اول" ی بە ژن خواست. ئەو پێی وابوو دەتوانێ لە دەسەلاتی ئەزەلیەکان لە دژی سەرەرۆیی بنەماڵەی قاجار کەڵک وەرگرێ. لە قۆناخی دواییدا لەپڕ وازی لە دین هێنا و ئاینی بە هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات نرخاند. لە تاراوگەدا بووە بە لایەنگری بەئەمەکی ملکم خان. ماوەیەکیش لە ژێر تاوی ئەندێشەکانی سەید جەمالەدینی ئەسەدئابادی( ئەفغانی) دا بووە بە جارچی وبلاوکەرەوەی بەرنامەی "اتحاد اسلام". بە گشتی ئەو لەسەر لایەنی نایەتکارانەی (٢٤) بەرنامەی سیاسی خۆی کە هەمان رووخانی بنەماڵەی قاجار بوو، گەلێ شێلگیر بوو ولە کردەوەدا ئەوە ئەوی کردبووە پراگماتیست و هەلپەرست. بەڵام شێواوییەکی زۆر بەسەر لایەنی ئایەتکارانەی بەرنامەی سیاسی ئەودا زاڵ بوو و ئاسۆ و تایبەتمەندییەکانی رژێمی جێگری قاجارەکان زۆر لێلاوی و نادیار بوو. ئەم نادیارییە لە رووی سیاسییەوە بووە تایبەتمەندییەک کە نەوەکانی دوایش تا شۆڕشی ١٩٧٩ وەک مۆتەکە لەسەر سەریان بوو.

دەکرێ لەمەڕ زۆربەی رۆشنبیرانی مەدنی و ناسیۆنالیستی ئێرانی سەردەمی مەشروتەدا، کە هەموویان بە شێوەیەک لایەنگری ئاخوندزادەو میرزا ئاقاخانی کرمانی بوون و تاوی کارەکانی ملکم خان و رۆژنامەی "قانون"یان لەسەر بوو کە لە لەندەن دەردەچوو، ئەوە بڵێین کە ئامانجی کۆتایی ئەوان مەشروتە یا بەواتەیەکی دیکە سەڵتەنەتێکی مەرجدار بوو. رووناکبیرانی ناسیۆنالیستی ئێرانی لەسەرانسەری قۆناغی دارشتنی پەیوەستی یاسای بنچینەیی و بەتایبەت لە کێشە و ململانییە تیۆرییەکانی نێوان خۆیان و مەشروعەخوازان و دەربارییەکاندا، تێگەیشتنی شێواو و یەکلایانەیان لە مۆدێرنیتە پێشان دا. هەڵبەت نابێ ئێمە مەبەستی گۆڕینی سەڵتەنەتی رەهای بە حکومەتێک و سەلتەنەتێکی (معتدله) لەگەڵ تێگەیشتنێکی قووڵ لە داواکاری و پێویستی دێمۆکراسی و بوونی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ دامەزراندنی دێمۆکراسی و پێکهاتەیی کردنی ئەو لە کۆمەڵگای ئێراندا پێکەوە تێکەڵ کەین.

هەستی دژە بیانی و بەتایبەت دژی روسی مەشروتەخوازان کە هۆکاری سەرەکی ئامادەیی و نفوزی هێزەکانی روسی لە ئێران بۆ پشتگیری لە حکومەتی محمدعەلی شا بوو، نابێ لەتەک ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیزم وەک سیستمێک، هاوسەنگ دابندرێ. مەشروتەخوازە مەدەنییەکان لە تەواوی دەورانی مەشروتەدا، بۆ خەباتی خۆیان لە دژی سەرەرۆیی محمدعلی شا ،دەست بەداوێنی دین، رەوشت و نەریت بوون، هەر ئەو دیاردەیەش سنووری نێوان ئەوان و مەلاکانی دەشێواند و تێکەڵ دەکرد. ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان لە بەرهەڵستکاری فەرهەنگی سیاسی لە نێوان بۆچوون و دیسکۆرسی مۆدێرنیتە و باوەڕ و نۆرمە نەریتییەکانی کۆمەڵگای ئێراندا فرە ناشێلگیر و هەندێ جاریش زۆر نەریتخواز بوون. بۆ وێنە جارێک کە عارف قەزوینی، شاعیر و مۆسیقیزانی ناسیۆنالیستی ئێرانی لە قەزوینێ دەچێتە مزگەوتێک، دەسبەجێ تەکفیر دەکرێ و ناچار دەبێ لە مزگەوتەکە

دەربچێ، هەموو هۆکاری ئەم رووداوەش ئەوە بوو کە قزوینی جووتێک پۆتینی روسی لەپێدابوو. یاخود دیوان بیگی، کە دواتر بووبە سناتۆر، بڕیاری دابوو بە گوێرەی فەرهەنگی ئەوروپی، ناوی خۆی بکاتە دیوان دو بیگی. ئەم کارە کۆمەڵێک بوختان و تەوهینی بەدواوە بوو. ئەمەش نەک لە لایەن مەلاکانەوە، بەڵکو لە لایەن عارف و عشقی، دوو شاعیر ناسیۆنالیست و رادیکاڵەوە، هەر بۆئەوەی ئەوان ئەم کارەیان پێ بێڕێزی بوو بە شەرەفی نەتەوایەتیی .

## سەرهەڵدانی ڕەزاخان و شێوەگرتنی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی

شۆڕشی مەشروتە بە ئامانجی سەرەکی خۆی کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندی (٢٤) مۆدێرن و دەسەڵاتدار بوو، نەگەیشت. دەورانی مەشروتە کە مۆرکێکی دیاریکراوی لە ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا، لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی بە کۆتایی گەیشت. ناسیۆنالیزم لە دەرگانەی کودەتای سێیەمی رەشەمەی ١٩٢١دا هێشتا توانستی ئەوەی نەبوو بەرنامەیەکی کردی سیاسی دیاریکراو دابڕێژێت.

کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی مانگی فێبروەری و دواتر ئۆکتۆبر لە روسیادا، گۆڕانکارییەکی جیددی لە بارودۆخی سیاسی ناوچەکەدا پێکهێنا. لە لایەکەوە روسیا هێزە سوپاییەکانی خۆی لە ئێران کشاندەوە و لەلایەکی دیکەشەوە، بریتانیا ئیتر ئەوسا بۆ ئەوەی بتوانێ بەری پەرەگرتنی بۆلشەڤیزم بگرێ، بە ئاشکرا پشتگیری لە شکڵگرتن و سەقامگیربوونی دەوڵەتێکی دەسەلاتدار و ناسیۆنالیستی لە ئێران و تورکیادا دەکرد. دوای شکستی پەیماننامەی وسوقلدەولە (وثوق الدوله)

لە ١٩١٩دا، کۆمەڵێ رۆشنبیری ئانگلۆفیل بە سەرکردایەتی سەید زیائەدینی تەباتەبایی (سید ضیاالدین طباطبایی)، بە مەبەستی بەربەرەکانی و دژایەتی لەتەک بەلای بلشەویزمدا، نەخشەی کودەتایەکیان بۆ دامەزراندنی دەوڵێکی ناوەندمەند لە ئێراندا داڕشت.

نەخشەی کودەتا کە زۆر زوو لایەنگرانێکی زۆری بەرەو خۆی راکێشا لە سەر بنەمای سێ فاکتۆری مۆدێرن داڕێژرابوو. یەکەم پێکهاتەی ئەم کودەتایە، بەربەرەکانی لەتەک بلشەڤیزمی شۆڕشگێر لە قالبی دەوڵەتێکی مۆدێرن و بەهێزدا بوو. خاسڵەتی دووەمی ئەم نەخشەیە ئەوە بوو کە داڕێژەری نەخشەی ئەم کودەتایە کەسێکی رۆشنبیر، واتە "سەید زیائەدین"ی رۆژنامەگەر بوو و هەروەها بڕیار وابوو کودەتاکە لەلایەن ئەفسەرێکەوە جێبەجێ بکرێت. لەسەرەتادا، سەید زیائەدین بۆ دیتنەوەی کاندیدێکی باش بۆ بەجێگەیاندنی کودەتاکە، رووی کردە سەردار همایون کە ئەفسەرێکی خوێندەوار بوو، بەڵام لە راکێشانی ئەودا سەرنەکەوت. جێگای سەرنجە کە هیچکام لەو ئەفسەرە ناسراو و خوێندەوارە ناسیۆنالسیتانەی وەک کلنل تەقی خان پسیان یاخود لاهوتی لە لیستە (خشتک)ی ئەودا نەبوون. سید ضیاء دوای ناهۆمێدبوون لە سردار همایون لە کۆتاییدا رووی کردە کلنل رزاخان مازندرانی کە خوێندەواری و پرستیژی سردار همایون و ئەفسەرەکانی دیکەی نەبوو.کودەتا لە سێیەمی رەشەمە یاخود ٢١ فێبروەری ١٩٢١دا بەجێ گەیاندرا کە لە ئەنجامدا ئەحمەدشا ناچار کرا سەرۆک وەزیری بداتە سید ضیاء و رەزاخان بکاتە فەرماندەی بریگادی قەزاقەکان.

رەزاخان لە مانگی مێی ١٩٢١دا بە کودەتا لە کودەتایەکدا سەید زیائەدینی لە بەرپرسێتی وەلانا و خۆی وەک سەرداری سوپا و وەزیری دیفاع راگەیاند. لە ئۆکتۆبری ١٩٢٥دا پلانی هەڵوەشانەوەی سەڵتەنەتی قاجار بە

# کێشه چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

زۆرینەی دەنگەکان لە پارلەماندا پەسند کرا و سەرۆکایەتی دەوڵەت ئەسپاردرایە دەست سەرداری سوپا، واتە رضاخانەوە. رەزاخان لە سەرەتادا داکۆکی لە بیری دامەزراندنی کۆمارێک دەکرد و بۆیەش رۆشنبیرە نوێخواز و ناسیۆنالیستەکان لایەنگریان لە رەزاخان کرد و هەڵوەشانەوەی سەڵتەنەتی قاجار و بەدەسەلات گەیشتنی رزاخانیان پێ سەرکەوتنێکی گەورە بوو. شاعیرانێکی وەک عارف و عشقی لە ستایشت و پێهەلادانی رزاخاندا چەندان سرودیان هۆنییەوە و بەمچەشنە بەخێرهاتنیان کرد.

گرفتی زۆربەی رۆشنبیرە مەدەنی و ناسیۆنالسیتە ئێرانییەکان لەم قۆناغەدا ئەوە بوو کە لە لایەکەوە داکۆکیان لە مۆدێرنیزم و نوێخوازی دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە هەوێنی مۆدێرنیتەیان نەبوو و هەوڵیان نەدەدا ئەم هەوێنە لە خۆیاندا پێک بێنن. ئەوان بە ئاواتی دەوڵەتێکی مۆدێرن و دەسەلاتدار بوون، بەلام توانستی دارشتنی سیستمێکی ئایدیۆلۆژی و پرۆگرامێکی کردەی سیاسیان نەبوو کە بتوانێ بەرەو ئەم مەبەستەیان رێنوێنی بکات. روانگەی ئەوان تەنانەت لە دەرگانەی کودەتادا و دوای تۆکمەبوونی دەسەلاتی رزاخان لە هەمان ئاست و سەمتی کارەکانی ئاخوندزادەدا بوو، واتە ستایشتی دەسکەوتەکانی ئێرانی بەر لە ئیسلام و هەروەها نرخاندنی هێرشی عەرەبەکان وئیسلام وەک هۆکاری سەرەکی دواکەوتویی ئێران. هەربۆیەش زۆر ئاسایی بوو لە تەنگانەیەکی ئەوادا پێ و قەدەمی رەزاخان بە خێر بزاندرێ. پشتگری بەحیماسەتی رۆشنبیران و هەروەها داکۆکی روحانییەتی شیعە، کە دوای هەڵوەشانەوەی دەزگای خەلافەت و راگەیاندنی کۆماری تورکیا لەلایەن کەمال ئاتاتورکەوە(١٩٢٢) تەواو ترسیان لێنیشتبوو، فرسەتێکی باشی بۆ رزاخان خوڵقاند تا خۆی لە سەرداری سوپاوە بکاتە شا و دەستپێکی سەڵتەنەتی خۆی، واتە پەهلەوی رابگەینێ.

رەزاشا هەر لە دەسپێکەوە پێشانیدا کە دەیەوێ دەسەلاتی دەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمای بەهێزکردنی سێ پێکهاتە، واتە هێزی سوپایی، دامودەزگای بۆرۆکراسی و دەربار دابرێژێت. رەزاشا دوای ریزێ رێفۆرم و ئیسلاحاتی ئیداری بە لاسایی ئاتاتورک بەرنامەی ناسیۆنالیزمێکی مۆدێرن، نیزامیی و دەوڵەتی لە ئێراندا دارشت. ئەم رێفۆرمانە پێکهێنانی سوپایەکی مۆدێرن، چەککردنی عەشیرە و بزاڤە مەڵبەندییەکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندی برۆکراتی مەیسەر کرد. تایبەتمەندی دەوڵەتی ناوەندی و نوێ بەر لە هەموو شت لە بودجەی ئەودا بەدەرکەوت. بودجەی داکۆکی (دیفاع) چل لە سەدی گشت بودجەی بۆ تەرخان کرا و ئەم پارەیەش ئەمجارە، بە پێچەوانەی دەورەی قاجارەکان، بۆ دامەزراندنی سوپایەکی بەدەسەلات بوو.

کاتێ لە کۆتایی دەیەی بیستدا ئیتر رەزاشا وەک سەرەرۆ و دەسەلاتدارێک قووت بووبۆوە، یەکەم ئەوەی ناسیۆنالیست و مەدەنی ئێرانی کە هێشتا خۆیان داکۆکیان لە بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی رەزاشا دەکرد، بوونە قوربانی سیاسەتی داپڵۆسینەرانەی رەزاشا. فەروخی (فرخی) لە زینداندا کوژرا، میرزادە عشقی بووە قوربانی تێرۆری دەوڵەت، لاهوتی رێگای هەندەرانی گرتە بەر و لە گورجستان گیرسایەوە و عارف لە ناهومێدی و هەژاریدا مرد. ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی و برۆکراتیی ئێرانی کە رەزاشا باوک و دامەزرێنەری بوو، لە کۆتایی دەیەی بیستەمی ئەم سەدەیەدا ناوەرۆکی داپڵۆسینەر و دژی ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی بەدەرکەوت. رزاخان وێرای سەرکوتی بەشێکی بەرچاوی رۆشنبیرانێ کە پێشتر داکۆکیان لەو دەکرد، سیاسەتی بێدەنگ کردن و تێرۆری رۆشنبیرە بەرهەڵستکارەکانی دیکەشی گرتە بەر. لەلایەکی دیکەشەوە، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، یەکەم ریزی لاوە ناسیۆنالیستەکان دوای تەواوبوونی خوێندنەکەیان لە ئەورووپاوە گەڕانەوە و

شوێنێکی تایبەتیان لە دەزگای دەوڵەتیدا پێبڕا. زۆربەی ئەمانەش بە پێچەوانەی نەوەی عارف، ڕێگای هاریکاریان لە تەک حکومەتدا هەڵبژارد. لە نێو ئەوانەدا کەمایەتییەک بە پێی هەساسییەتی سیاسی، هونەری و زانستی خۆیان لە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتدا پاراست. ئەوانیش دەتوانین بە دوو کەرت دابەش بکەین. کەرتی یەکەم ئەوانەی کە لە ژێر کارتێکەری ئەندێشەی مۆدێرنیتە زەینێکی سیاسیتریان هەبوو و پێیان باشتر بوو جارێ ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەلابنێن و بەدوای ئایدیۆلۆژی و ڕەوایەتێکی مارکسیستی لە مۆدێرنییەت بکەون. ئەم دەستەیە بە ڕێبەری دوکتور تەقی ئەرانی (تقی ارانی) و بەنێوی گروپی پەنجا و سێ کەس لە ئێراندا ناسراون. کەرتی دووەم بەشێ لەو ڕۆشنبیرانە بوون کە وەک سادق هیدایەت (صادق هدایت) و ئاڵقەیەکی ڕۆشنبیری دەوروپشتی ئەو((زەبیح بێهروز)ذبیح بهروز) و هاوڕێیانی) وێڕای بەرهەڵستی لەتەک ناسیۆنالیزمی ئێرانی و بڕۆکراتی ڕەوایەتێکی دیکەیان لە ناسیۆنالیزم، لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیدا هەبووکە هەمان ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیک و گەلی بوو. بەڵام ئەم گروپە خەریکی چالاکی ڕاستەوخۆی سیاسی نەبوون و لە باشترین شێوەدا نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمێکی فەرهەنگیان دەکرد.

بەمجۆرە ئێمە لە دەیەی سی و لە کاتێکدا کە دەسەلاتێکی نیزامی لە ئێران لە ژێر ڕێبەری ڕەزشادا دامەزرابوو، شاهیدی دابڕینێکی (انشعاب) جیددین لە بنەما دیسکۆرسی، پێکهاتەیی و فەرهەنگییەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا. واتە لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، ڕەسمی، نیزامی و و بڕۆکراتی ڕەزاشادا دیاردەیەکی دیکە بەناوی ناسیۆنالیزمی خەڵکی و ڕۆمانتیک لە ئاستێکی نزم و هەروەها ناوەرۆکێکی ساکار سەر هەڵدەدات.

## سەقامگیربوونی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی و نیزامی

ڕەزاشا دوای سەرکوتی یەکەم نەوەی ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستە نارازاییەکان و بێدەنگ کردن وخستنە پەراوێزی باقی ڕۆشنبیران، گەشە و پەرەدانی هەرچی زیاتری سێ پێکهاتەی هێزە چەکدارەکان، دەزگای بڕۆکراتی و دەرباری لە ترۆپکی سیاسەتەکانی خۆی دانا. مەجلیس یاخودماڵی خەڵک بە کۆنترۆڵی بڕۆکراتی هەڵبژاردنەکانی ولایات و ئەیالات بووە بە ماڵی شا. سەرەڕای پشتگری پان و بەرینی ڕوحانییەتی شیعەلە ڕەزاشا بۆ گەیشتن بە تاج و تەختی سەڵتەنەت،دەسەلاتیی ئەوان لەلایەن ڕەزاشاوەبەتوندی سنووربەندکرا. لە ١٩٢٨دا جل و بەرگی ناوچەیی و گەلی ،یاساخ کرا و دانیشتووانی شارەکان ناچار کران بە شێوەی ئەورووپی جل لەبەرکەن (ئەمە شمولی مەلاکانی نەدەکرد). سەرناو و لەقەبەکانی وەک شێخ، ئەمیر، خان، سەردار و بەگ لابردران و ناوی ولاتیش لە "پارس"ەوە گۆردرایە سەر "ئێران" بۆ ئەوەی ڕوویەکی نوێ لە ولات لە بواری نێونەتەوەییدا ساز بکا. سیستمی نوێ و مەدەنیی پەروەردەکردن و بارهێنان دامەزرا کە بریتی بوو لە دوو خولی سەرەتایی و ناوەندیی بە سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن. لە ساڵی ١٩٣٤ زانستگەیەک پێکهاتوو لە پێنج کۆلیج لە تاران کرایەوە و ژنان مافی خوێندن لە ئاستی بالا و کار لە دامەزراوە گشتییەکانی تریان پێدرا. لایەنێکی دیکەی سیاسەتی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی لە ڕەوتی پاکسازی (پاکژکردنەوە) زمانی فارسیدا بوو. لە ساڵی ١٩٣٥دا یادی هەزارەمی فێردۆسی گیرا و زمانی فێردۆسی وەک بنچینەی زمانی یەکە ومۆدێرنی ئێران هەڵبژێردرا. ڕەزازادەی شەفەق (رضا زادە شفق) کە یەکێ بوو لە بەشداران و چالاکانی شۆڕشی مەشروتە، کە دواتر وەک پرۆفێسۆری ئەدەبی فارسی لە زانستگای تاران هەڵبژێردرا، لەم ڕەوتەدا

# کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. لە ساڵی ١٩٣٥دا فەرهەنگستانی ئێران بە مەبەستی وەرگێڕان و دۆزینەوەی وشەی هاوواتا و زاراوەی بیانی، بەتایبەت ئەوروپی دامەزرا. بەم چەشنە جوڵانەوەی پاکژکاری زمانی فارسی کە سێ سەد ساڵ پێشتر لە لایەن ئازەرکیانەوە (اذرکیان)ەوە دەست پێکرابوو، تەنیا لە سێبەری ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیدا ئیمکانی بەدیهاتنی پەیدا کرد. ڕەزاشا بە هەڵبژاردنی ناوی "پەهلەوی" بۆ خۆی و بنەماڵەکەی، لە شانازییەکانی بەرلە ئیسلامی ئێرانی کۆنی بۆ ڕەوایەتدان بە خۆی و ڕژێمەکە کەڵکی وەرگرت. یەکێک لە کارە گرینگەکانی ڕەزاشا گۆڕینی ساڵژمێری ئێران لە قەمەرییەوە بە شەمسی و گۆڕینی مانگەکانی ساڵ لە عەرەبییەوە بۆ فارسی بوو. هەڵبەت ڕەزاشا بنەمای کۆچی پێغەمبەری ئیسلامی لە مەکەوە بۆ مەدینە لە ساڵی ٦٢٢ وەک دەستپێکی مێژووی مۆدێرنی ئێران پاراست، بەڵام محمەد ڕەزاشای کوڕی لە ساڵی ١٩٧٥دا هەولیدا ئەم ڕیفۆرمەی باوکی بە ئەنجامی نیهایی خۆی بگەیەنێ و بنەمای مێژووی مۆدێرنی ئێران لە بەدەسەڵات گەیشتنی کوروشەوە دەست پێبکا.

لە ڕامانێ لە مێژووی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا و بە تایبەت بۆ دەرکی ناتەباییەکانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی و خەڵکیدا پێویستە جیاوازییەکی ڕێژەیی لە نێوان بەکارهێنان و واتای نەتەوە و نەتەوایەتی (میللەت و میللی)دابێین. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ تاریف و واتای تیۆری یان دیسکۆرسیانە(٢٧) ئەمانە لە واتای هێمایی /سیمبۆلیکەکەیان(٢٨) جیا بکەینەوە. لایەنی یەکەم کە لایەنەکانی زمانی وەک لۆژیک، ڕەوایاتەکان (خوێندنەوەکان) (٢٩) و ئایدیۆلۆژی بە شێوەیەکی پسپۆڕانە و مێژوویی دەگرێتەوە کە کاری مێژووکار و توێژەکانە. لەم بوارەدا نەتەوە بەر لە هەموو شتێ بەرهەمی گۆڕانکارییەکی فیکری و تیۆریک ورەوایەتی ئەوانە لە مێژووی ڕابردوو. لایەنی دووەم هەندێ نۆرم، ڕەفتاری فەرهەنگی، نەریت و ڕسومی قەومی و کۆیی دەگرێتەوە. لە حاڵێکدا ئەم دوو لایەنە لە پێکەیاندنی چەمکی نەتەوەدا ئامێتە یەکبوون و جیاناکرێنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا جیاکردنەوەیەکی دیاریکراو و قەراردادی لە شیکاری نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا یارمەتیمان دەدا. بە سەرنجدان بەم جیاوازییە دەبێ ئاماژە بەمەش بکەین کە لایەنی تیۆریی و دیسکۆرسیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە سیستم و مکانیزمی زمانی و لینگویستیکی فارسیدا بەرهەم و دووبارە بەرهەم دێتەوە. ناسیۆنالیزمی خەڵکی ئێران لە لایەنی هێمایی خۆیدا لە سەر پاشخانی فەرهەنگی ئێرانی کەون و ئەفسانەکانی ئەو یاخود فەرهەنگی شیعەی ئیسلامیدا ڕێگای فراژان و گوڕانکاری خۆی تێپەڕکردووە.

گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچە بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبر و سەرهەڵدانی ڕەزاخان بارێکی لەباری بۆ دابینکردنی مەبەستی سەرەکی شۆڕشی مەشروتە واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەدەسەڵات و مۆدێرنی ئێرانی، ڕەخساند. هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لەم بارودۆخەی کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕەزاخان و ئەو کارانەی بە ـەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی کردی ئێمە دەگەیەنێتە ئەنجامگیرییەکی تیۆریک.

دەبیندرێ). دیارە ئەم حوکمە بەم مانایەیە کە زمان یاخود فەرهەنگ بنەمایەک بۆ پێناس و ئاگایی کۆیی نییە، بەڵکو پتر جەختکردنە لەسەر ئەم خاڵە کە سەمتی گەشەسەندی هەستی کۆیی بۆ بنچ و پێناسی نەتەوەیی چەشنە تێهەڤورتانێکی سیاسی دەخوازێ. واتە چەشنە چالاکییەکی سیاسی پێویستە بۆ ئەوەی ئەم گروپە لێکدابراو و یەکنەگرتووانە بکرێنە گروپێکی یەکە و یەکگرتوو (نەتەوە). ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییە لێکدابڕاو و بلاوانەی سەردەمی مەشروتە، لەژێر تاوی قەیرانی سیاسی ئەو سەردەم و ئەنجامی تێکچندراوی فەرهەنگ و سیاسەت، قۆناغێکی تایبەتیان لە ئاگایی و وشیاری سیاسی تێپەڕاندبوو. ڕۆڵ و سەرهەڵدانی ڕەزاخان مادیکردن و وەدیهێنانی پرۆسێسێک بوو کە بە گەلێ لە ئامانجەکانی نەگەیشتبوو.

خالی دووەم ئەمەیە کە ئەگەر ماکی ئاگا و چالاک ، کردی سیاسی بۆ پێکهێنانی نەتەوە و دارشتنی دەوڵەتی نەتەوەیی پێویستە، کەسان و ڕێبەرانی ئەم کردە سیاسییانە خۆیان هەڵبژاردنێکی سیاسی دەکەن، واتە لە نێوان ناسیۆنالیزمی ئەتنیک(٢٩) سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن. لە ساڵی ١٩٣٤ زانستگەیەک پێکهاتوو لە پێنج زانکۆ کرایەوە ، ژنان مافی خوێند و ناسیۆنالیزمی مەدەنی (٣٠) دا یەکیان هەڵدەبژێرن. هەڵبژاردنی ڕێبەرانی ناسیۆنالیست و تێهەڵڤورتانی چالاکانەی ئەوان بۆ ڕێکخستنی نەتەوەی ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی ئێرانی هەڵبەت ریشەی لە پاشماوەکانی کێشەیەک دایە کە لە شۆڕشی مەشروتەوە بەجێماوە. ئەم کێشانە لە دوو بەرەدا هەبوون. لەلایەکەوە روحانیەتی شیعە لە دارشتنی فیکریاند ا(تیۆری) لەگەڵ ئایدیاکانی مەشروتیەتدا تووشی لێکدابران هاتبوون. (محەمەد حوسێنی نائینی (محمد حسين نائينی) و ئاخوند خوراسانی و مەلا عەبدولا مازەندەرانی لە ریزی پێشەوەی پشتگیرانی مەشروتە بوون). کتێبی نائینی "تنبيه الامه و تنزيه الملـه" لە چوارچێوەی داکۆکی لە ئەسڵی یاسادانانی مەجلیس و دەوڵەت نووسراوە. نائینی سەڵتەنەت بە دوو جۆر دەزانێ: تەملیکە و ولایەتە. لە جۆری یەکەمیاندا سوڵتان خاوەن و مالیکی وڵات و میللەتە. لە چەشنی دووەمیاندا سەڵتەنەت چەشنە ئەمانەتێکە و سوڵتان ئەرکی دامەزراندنی نەزم و پاراستنی وڵاتی لە سەرشانە.(٣١) بۆ دامەزراندنی ئەمجۆرە حکومەتە دوو مەرجی سەرەکی پێویستە. یەکەم دەستوور و یاسایەک کە ئەرک و چوارچێوەی دەسەڵاتی حاکم و هەروەها ئازادی نەتەوەدیاری دەکات. ئەمەش هەمان یاسای بنچینەییە. دووەم وەفدێ لە نوێنەرانی خەڵک و هێزی عیلمانی چاودێری لەسەر هێزی جێبەجێکردن بکەن و بەربەستی بکەن. ئەمەش هەمان مەجلیسی شورای میللییە.

لە لایەکی دیکەوە شێخ فەزلوللای نوری (شیخ فضل الله نوری) و مەلایانی دەورانپشتی بەجێگەیاندن و راگەیشتن بە کارەکانی میللەتیان بە ئەرکی مەلایان و عولەما دەزانی نەک خەڵکی ئاسایی. هەڵبەت نائینی بنەڕەتی ئەم روانگەیەی رەت نەدەکردەوە، بەلام دەیگوت کە ئەسڵی سەڵتەنەتی ئیسلامی، راوێژییەتی(٣٢) ئەوە. بۆیە هەم بەم هۆیە کە خەڵک مالیات دەدەنە دەوڵەت و هەم بە هۆی راوێژییەتی ئەو، مافی پاراستن و چاودێران بەسەر حکومەتەوە هەیە. بەم چەشنە نائینی و لایەنگرانی ئەو دانیان بە نیزامێکی مەشروتە دادەنا و تا رادەیەک رەوایەتی ئەم چەشنە حکومەتە عورفییەیان پەسند دەکرد. لە راستیدا ئەوان دەیانەویست سازشێک لە نێوان شەریعەت و مەشروتەدا ساز بکەن. رۆشنبیرانی رێفۆرمیستی ئێرانی وەک لایەنێک، دوای شۆڕشی مەشروتە هەتا شێوەگرتنی ئیسلامی سیاسی و سەرکردایەتی ئەو لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩دا، لەسەر ئەم بنەمایە واتە پێکهاتنێک لە نێوان شەریعەت و مەشروتە، لە نێوان ئیسلام و مۆدێرنیزمدا جەختیان دەکرد. بەڵام

داخوا ئەم چەشنە پێکهاتن و سازشە مومکین بوو؟ (ئەم پرسیارە و پرسیاری دیکەی لەم چەشنە لە بەشی دووەمدا وەڵام دەدەینەوە.) تەنیا ئەوەی دەڵێن کە دوو کەس لەوانەی کە کێشە و باسەکانی سەردەمی مەشروتەیان خوێندۆتەوە و لێیان کۆڵیوەتەوە، لەسەر ئەم باوەڕەن کە مەلاکانیی دژ و بەرهەڵستکاری شێخ فەزلوڵلای نوری نەیانتوانی لە قالبی تێفکرینی شیعەدا وەلامێکی دڵنیابەخش بدەنە رەخنەکانی فیکری نوری لە مەشروتیەت.(٣٣)

بەلام رۆشنبیرانی عورفی و مەدەنی شۆڕشی مەشروتە لە لایەکەوە بە هۆی لاوازییان لە رێکخستنی پشتگیری خەڵک، نیازێکی زۆریان بە پشتگیری مەلاکانەوە هەبوو و لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی کەمدەسەلاتی و بێهێزی فیکرییان لە هەمان ئاستی داکۆکی لە فیکرەکانی نائینیدا مانەوە.

لە دەیەی بیستەمدا و دوای هاتنەسەرکاری رەزاخان ئیتر بۆ زۆر کەس دەرکەوتبوو کە شۆڕشی مەشروتە نەگیشتبووە زۆربەی ئامانجەکانی. دەسکەوتی ئەوان لە بەراورد لەگەڵ ئامانجی مەشروتەخوازەکان گەلێ بێ بایەخ بوو. هەر لەم رەوتەدایە کە ئەحمەد کەسرەوی (احمد کسروی) نووسینی مێژووی مەشروتە و هۆکارەکانی شکستی وەئەستۆ دەگرێ و بەجێ دەگەیەنێ. یەکێ لە مەبەستەکانی کەسرەوی لەم نووسینە ئەوە بوو کە هۆکارەکانی بێ ئەنجامی و ناکامی مەشروتە دەست نیشان بکات. ئەحمەد کەسرەوی و کارەکانی ئەو دەورێکی زۆریان لە شێوەگرتنی ناسیۆنالیستەکانی نەوەی دووەمی ئێرانیدا هەبوو.

کەسرەوی ناتەباییەکی جەوهەری لە نێوان کاتەگۆری شەریعەت و مەشروتەدا دەبینی. پرسیارێ کە هاتە ئاراوە و تا ئێستاش وەلامێکی درووستی پێ نەدراوەتەوە ئەوە بوو کە بە چ هۆیەک ئەم هەموو جەخت و پێداگرییە لە سەر پشتگیری مەلاکان دەکرا. کەسرەوی دوو هۆکار لە پێویستی و زەرورەتی ئەم پشتگیرییە دەست نیشان دەکات. یەکەمیان پشتیوانی ئەمان هۆکارێکی گرنگ بوو کە پشتگیری جەماوەری خەڵک بۆ مەشروتە دابین بکات، دووەم رێبەرایەتی عولەمایەکی وەک بێهبەهانی و تەباتەبایی (بهبهانی و طباطبائی)بەری گەشە و باوبوونی ئوروپاییگەری دەگرت و نەیدەهێشت سووکرەوشتی ئەوان کار بکاتە سەر مەشروتە(٣٤)

لەم دوو هۆکارە، یەکەمیان دەربڕی چەشنە پراگماتیزمێکی سیاسی بوو کە جیلی یەکەم و دوەمی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان گرفتاری بوون، هێشتاش بەرۆکی بەرنەداون. هۆکاری دووەم لە تێگەیشتنی رووکەش و ناتەبای ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی لە مۆدێرنیتەوە زەنەی کردبوو و کردووە. بە رای کەسرەوی ئوروپاییگەری نیکبەتییەک بوو کە گرانایی دەخستە سەر کۆمەڵگا. کەسرەوی پێیوابوو کە یەکێ لە بنەماکانی بەربەرەکانی لەگەڵ نفوزی ئوروپیگەری عولەماکان بوون. مەشروتییەت رێگای نفوز و کارتێکەری ئوروپای کردەوە. کەسرەوی ترسی هەندێ لە ئێرانییەکانی لە زاڵبوونی ئوروپاییگەری بەرەوا دەزانی. ئەو یەکەم مێژوونووسی ئێرانی بوو کە ئەم مەودا بەرینە کۆمەلایەتییەی ناسیبوو. نازم ئیسلام (ناظم اسلام) و براون بەر لە کەسرەوی کێشەی نێوان مەشروتە و شەریعەتیان باسکردبوو، بەلام پێیان وابوو ریشەی ئەم کێشە و ناتەباییە لە دنەکارییەکانی دەربار و نێوان ناخۆشی و کێشە ناوخۆییەکانی مەلاکاندا بوو. کەسرەوی پرسەکەی لەوان قووڵتر دەدیت، بەلام لەهەمان حاڵدا ناتەباییەکی قووڵ لە خودی ئەندێشەکانی کەسرەویدا هەبوو کە وەک میراتێکی شەڕ بۆ ناسیۆنالسیتەکان بەجێ ما. کەسرەوی لە لایەکەوە خۆتێهەڵقورتان و دەخالەتی مەلاکانی لە شۆڕشدا بە پێویست دەزانی و بەتایبەت ئەوەی بە سەنگەرێکی لەبار دەزانی بۆ بەرگری لە نفوزی ئوروپیگەری. لەلایەکی دیکەشەوە نیگەرانی

پشتتێکردنی مەلاکانی لە بزووتنەوە و بەرەو دەربار چوونی ئەوانی سەرکۆنە دەکرد. کەسرەوی بەم ئەنجامە گەیشت کە کاتێ عولەما نفوزیان لە کۆمەڵگا و لەسەر خەڵکدا هەیە، پایەی عورفی حکومەت لەرزۆک و سست دەبێت. ئەم حکومەتە(٣٥) نە دەتوانێ رەوایەتییەکی سیاسی کامڵی ببێت نە دەتوانی لە نێو خەڵکدا پەسندکراو بێت. هۆکارەکانی لاوازی حکومەتی عورفی لە روانگەی کەسرەوییەوە لە ناتەبایی ئەم حکومەتە لەگەڵ ئەندێشەی سیاسی شیعەدا بوو. بەڵام کاتێ خەبات لەدژی ئورووپیگەری دەهاتە ئاراوە، پاکانەی بۆ بوون و بەشداری مەلاکان دەهێناوە و رۆڵی ئەوانی بە باش هەڵدەسەنگاند. کەسرەوی هێرشی دەبردە سەر رەهەندە جیاوازەکانی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئورووپا و شێوەی ژیانی ئەوانی پێ فەشەڵ وبۆگەن دەزانی وئەوی بە هۆکاری بێکاری و هەژاری لە ئورووپادا لە قەلەم دەدا.

بە کورتی، لە دەیەی بیستدا، رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی ئێرانی رێگایەکی جیاوازن لە جیلی یەکەم و بەشدارانی شۆڕشی مەشروتەیان گرتە بەر. ئەوان لە قۆناغێکدا خەریکی بلاوکردنەوەی بیر وئەندێشەکانیان بوون، کە سەردەمی یەلغاری ناسیۆنالیزم بوو. ئێران لەسەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوونی خۆی وەک وڵاتێک دۆڕاندبوو. خەباتی سیاسی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەسەلاتداری ناوەندمەندی(متمرکز) ئێرانی بەقووڵی ئامێتەی هەستی ناسیۆنالیستی بووبوو. رۆشنبرانی چینی نێوەندی کە لەسەردەمی شۆڕشی مەشروتە لە ژێر تاوی ئەندێشە ناسیۆنالیستیدا بوون، ئێستا بەهۆی لێکهەڵوەشانەوەی ئێران و کەڵەگایەتی دەوڵەتە ئورووپییەکان سەبەبێکی زۆریان بۆ بلاوکردنەوە و تەبلیغی ئەندێشەی ناسیۆنالیستی دەدیت. بە هاتنە مەیدانی رەزاخان و دەسەلاتگرتنی ئەو، ناسیۆنالیزمی ئێرانی شێوەی دەوڵەتی وەرگرت و بەدوای داپڵۆسین و سەرەرۆییەکی رەزاخان بەسەر ئێرانیدا سەپاندبوو، ناسیۆنالیزم وەک ئاماژەی پێکرا، شێوەی دەوڵەتی وەرگرت یاخود لە چوارچێوەی هەندێ کۆڕ و کۆمەڵی رۆشنبیریدا بەرتەسک مایەوە.

ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی لە بنەڕەتەوە کەونینگەرا (٣٦) و دژەعەرەب بوو و هۆکاری دواکەوتوویی ئێرانی لە مێژووی سەردەمی ئیسلامیدا سۆراخ دەگرت و لە بەرانبەردا جەختی دەکردە سەر گرینگ بوونی دامەزراوێکی شاهەنشایی لە مێژووی ئێراندا. لە ناسیۆنالیزمی رۆشنبیرانەدا دوو روانگە دەبیندرا، یەکەمیان ناسیۆنالیزمی نوێخواز لە سەر بنەمایەکی ئیرادەخوازانە و ئایەتیدا دامەزرابوو (کەسرەوی تەنیا مێژوونووس نەبوو، بەڵکو دارێژەری ئەم روانگەیەش بوو). ئەم روانگەیە هەندێ بەنابەدڵی، بەڵام لە کردەوەدا لە گەڵ ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیدا یەکی گرت و بووە چەشنە ئایدیۆلۆژییەکی دەوڵەتی نوێخواز لە ئێراندا. روانگەکەی دیکە، ناسیۆنالیزمی رۆشنبیری کەونخواز بوو کەدژی عەرەب ولە بیانی بێزار بوو. ئەم روانگەیە ستایشی رابردووی دەکرد بەڵام بۆ ئەم کارەی جەختی نەدەکردە سەر دامەزراوەی سەڵتەنەت. ئەمان تەنانەت لە کۆتایی دەیەی بیستدا خۆیان لە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا پاراست و بەهۆی کپی سیاسی و سەرەرۆیی رەزاخان زۆرتر لە بواری ئەدەبیاتدا هەڵوێستیان دەگرت. (رەوتی گۆڕانی ئەم روانگەیە لە بەشی دووەمدا باس دەکەین).

با بگەڕێینەوە سەر پرسیارە بنەڕەتی و سەرەکیێکە: چ شتێ، لەلایەن چ کەسانێکەوە و لە چ هەلومەرجێکدا وێنا دەکرێت؟

تایبەتمەندی سەرەکی ناسیۆنالیستەکانی نەوەی دووەم و لە نێو ئەواندا کەسرەوی، ئەوە بوو کە ئەوان بەهاتنە سەرکاری رەزاخان کەوتنە ناخی رووداوە سیاسییەکان و کارتێکەری ئەو رووداوانەیان لەسەر بوو و هەڵبژێرێکی

سیاسی دیاریکراویان کرد. ئەم ئەوەیە لە هاوکاری لەگەڵ رەزاخاندا مەسەلەیەکی ناوەندییان لەبەر دەمدا قووت بووەوە. ئەوان دەیانزانی کە بە هۆی ئورووپاوە و بەتایبەتی شەڕی یەکەمی جیهاندا بنیادی کۆمەڵگاکەیان لێک هەڵوەشاوەتەوە. بۆیە مەسەلەی سازدانەوە و بونیاتنانەوەی ئێران و ڕێگاکانی دەرچوون لەم بنبەستە، دووبارە مەسەلەی هەڵسوکەوت و روانین بە رۆژئاوای هێنانەوە ئاراوە. بۆ وێنە کەسرەوی بە راشکاوی دەڵێ کە ئێستا ئورووپا نفوزێکی ئاشکرایی لە رۆژهەڵات و بەتایبەتی ئێراندا هەیە. ئەو دەپرسێ کە لە سازکردنەوەی ئێراندا تا کوێ بۆمان هەیە لاساکەرەوەیی رۆژئاوا و ئورووپا بکەن. کەسرەوەی خۆی پێیوابوو ئورووپیەکان لە پێنج بواردا پێشکەوتنیان هەبوە:

١ـ حکومەتی مەشروتە و ڕێکخراو وئیدارەکانی پەیوەستی ئەو.

٢ـ زانستە نوێیەکان

٣ـ پیشە و تێکنیک

٤ـ هەندێ ڕواڵەتی ئەوروپیگەری وەک دێمۆکراسی، پلۆرالیزمی سیاسی، ئازادیە مەدەنییەکان و گەشە سەندنی رۆمانووسی.

٥ـ فەلسەفەی ماددی و ماتریالیستی.

کەسرەوەی و زۆریەی ناسیۆنالیستەکانی نەوەی دووەم، فێربوون و وەرگرتنی سێ بواری بەراییان پێ باش و سوودمەند بوو. بەڵام حەساسییەتێکی زۆریان سەبارەت بە دوو بواری کۆتاییدا پێشان دەدا و وەرگرتنی ئەوانیان، واتە فەلسەفەی ماتریالیستی و ڕواڵەتی ئەورپیگەریان پێ بەزیانی کۆمەڵگای ئێران بوو.(٣٧)

ئەم ناتەباییە لە ئەندێشەی کەسرەوی و هاوبیرانی وەک یەکەم ئایدیۆلۆگەکانی نەوەی دووەم، خۆی دەربڕی چەشنێ ناتەباییەک بوو لە ئەندێشەی ئەواندا. بۆ دەبێ بیرکارێکی وەک کەسرەوی لە گەشەسەندی رۆماننووسی لە ئێراندا بترسێ؟ داخوا کەسرەوی نووسراوە و کتێبەکانی بیرکارانی رۆژئاوای خوێندبۆوە؟ لە نووسراوەکانی ئەودا ئێمە شوێنەواری باسێکی ئەوتۆێ ئورووپاییەکان نابینین. ناسیاری ئەو لەگەڵ ئەم بیرانە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە ڕێگای خوێندنەوەی نووسراوەی ئەوانی دیکە بوو. کەسرەوی هەوڵی دەدا تەنیا لە سەر بنەمای روانینی خۆی بنوارێتە کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. با لە نزیکەوە سەیرێکی بیروراکانی ئەحمەدی کەسرەروی لەم بوارانەدا بکەین.

لە واتاکردنی دێموکراسیدا دەبێ دوو لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی لێک جیا کەینەوە. لایەنی سیاسی دێمۆکراسی واتەدێمۆکراسی لیبرال بریتیە لە بەرەسمییەت ناسینی جودایی هێزەکانی (یاسادانان، بەجێگەیاندن و ..)، هەڵبژاردنی گشتی و دەورەیی، بوونی مەجلیسی نوێنەران، ئازادیە تاکییەکان و...، لایەنی کۆمەڵایەتی دێمۆکراسی جەخت دەکاتە سەر پەرەسەندنی دادخوازی کۆمەلایەتی، پێکهێنانی زمینەی لەبار بۆ گەشەی کۆمەڵگا و یەکسانییەکی نیسبی و هەڵرەخساندنێکی ئابوری و کۆمەلایەتی بۆ هەموو هاووڵاتییەکان. تێگەیشتنی کەسرەوی لەحکومەتی مەشروتە و دێمۆکراسی تەواو لەو لایەنانەی باسمان کرد دوور بوو. ئەو لەگەڵ ئەوەدا بوو کە دەبێ چەشنە ئازادییەک لە کۆمەڵگادا هەبێ(٣٨) بەڵام ئەم ئازادییانە لە روانگەی ئەوەوە گروپە جیاوازەکان ناگرێتەوە کە سەر بەلایەنی سیاسی جیاوازن. ئەوان ئازادن لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی بێگانەدا نەبن و "ئازادی لێرە لەگەڵ سەربەخۆیی یەک مانا دەبەخشێ" واتە کەسرەوی لایەنگری چەشنە

دیمۆکراسیکی بەربەست و کۆنترۆلکراوە. ئازادییەکی ئەو باسی دەکا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دیمۆکراسی رۆژئاوایی هەیە. کەسرەوی چالاکی سیاسی پارتە جیاوازەکان بە باش نازانێ، بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بێ کۆنترۆڵ بە زیانی ولات دەزانێ و هیچ هۆیەک بۆ ئازادی چالاکی هونەری و ئەدەبی نابینێت.

"لە ناو جەماوەرێکدا کە هەموو شتێ ئازاد بێ و هەر کەس هەرجۆرێ بیری کردەوە قسەی خۆی بگەیەنێتە گوێی ئەوانی دیکە، ساختەچی و بەدەهەوەسان لە هەموو لایەکەوە راست دەبنەوە و وتەگەلی ژاراوی - بەچەشنێ گوێگران پێیان خۆش بێت، بەلام ببێتە مایەی فەساد و نیکبەتی ئەوان - لەناو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە."(٣٩)

لەلایەکی دیکەوە کەسرەوی بیروڕای سوسیالیستە ئوروپیەکانی، بەبێ ئەوەی لە نزیکەوە خوێندبێتەوە، بە بێ مەعنا و دژی سروشتی مرۆڤ دەزانێ و وەدیهاتنینانی پێ نامومکینە.(٤٠) لەحاڵێکدا لە کۆتایی تەمەنیدا خۆی دەدرکێنێ کە هیچ کتێبێکی لەوان نەخوێندۆتەوە. هومایون کاتوزیان توێژێنەری ئێرانی لەسەر ئەم باوەڕەیە کە کەسرەوی هیچ ناسیاوییەکی لەگەل باسە ئابوورییەکان نییە. کەسرەوی کە کارتێکەرییەکی گرینگی لەسەر ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی هەبوو، ئاشنایەکی کەمی لەگەڵ بیر و ئەندێشە و چالاکیە سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی ئەوروپا هەبوو، سەرەڕای ئەمەش، لە بواری جیاوازی وەک فەلسەفە، ئەدەب، سیاسەت و ئابووریدا شتی دەنووسی.

کەسرەوی لە راستیدا گەوهەری ئەو شتانە بوو کە ناسیۆنالسیتەکانی نەوەی دووەم دەیانزانی. ناسیاری ئەوان لەگەڵ مۆدێرنیتە و ئوروپادا فرە رووکەش و یەکلایانە بوو. چونکە مۆدێرنیزم بە شێوەیەکی نیوەچڵ و سەقەت هاتبووە ئێران و ئەوەش ئەوانی تووشی گێژی و دوودڵی کردبوو. بەلام هەرگیز بیریان لەوە نەکردەوە کە بۆ دەرچوون لەم بنبەستە دەبێ بچنە ناخی باسی ئوروپییەکان و مۆدێرنیتەوە. پێوەندی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان لەگەڵ مۆدێرنیتەدا لە زاتی خۆیدا ئالودە و گرفتاری ناتەباییەک بوو. بەم واتایە کە ئەوان لایەنگری زانست و پێشکەوتن بوون، بەلام ئەم لایەنگیرییەیان تێکەلاوی گومان و دوودڵیەکی تەواو بوو. ئەوان ئەگەرچی شاهیدی بێدەسەلاتی و لاوازی سیستمی نەریتی و رۆشنبیری سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بوون، بەلام لە هەمان کاتدا لە بەرانبەر "ئوروپیگەریدا" دەستەوداوێنی نەریت و سیستمە لەرزۆکەکەی دەبوونەوە. هەر لێرەشدا هەندێ ماکی هاوبەش لە نێوان ئەو رۆشنبیرانە و ئایدیۆلۆژی دەوڵەتی رەزاشادا دەدۆزینەوە. لە بەرانبەر شەپۆل و "هەراوهوریای" ئوروپیگەریدا کە بە بڕوای ئێرانییەکان هیچ بەرهەمێکی جگە لە زیان و فەسادی کۆمەلایەتی بۆ ئێران نەبوو، ئەوان دەست لە دەستی دەوڵەتی رەزاشادا "ئێرانیێتیی"یان وەک تاکە چارەسەری دواکەوتوویی دەزانی.

ناسیۆنالیستەکانی دەیەی بیست و لە سەروویاندا کەسرەوی، لە سەمتی دارشتن و تۆکمەکردنی ئەندێشە و ئایدیۆلۆژیای دەولەتێکی نوێخوازی ئێرانی و ترساو لە نیکبەتیی ئوروپیگەری، چەمکی نەتەوەی ئێرانیان دارشت و پەرداخت کرد. ئەو خەڵکە دەبایە هەندێ پێوەندییان بەیەکەوە هەبایە تا یەک بگرن، "خەڵکی وڵاتێ تا یەکدڵ و یەکزمان نەبن، ناکرێ هیوای داهاتوویەکی روونت بۆیان هەبێ." (٤١) کەسرەوی تەوەری یەکگرتوویی خەڵکی ئێران لە لایەنەکانی باوەری رۆحیاندا دەبینێ. ئەو لە سەفەرەکانی خۆیدا بۆ گۆشە و کەناری ئێران، رووبەرووی ئەم راستییە بۆوە کە کەسانێکی لە ئێراندا دەژین، پێوەندیی قەومی، زمانی، ئایینی و ناوچەییان فرە بەهێزترە لە پێوەندییان لە تەک میللیەتی ئێرانی. "ئەو رەگەزە بچووکانەی کە لە ئێراندا دەژین، هەریەکەی

# کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

مێژوویەکی تایبەتیان هەیە و ئەو مێژووە فێری لاوەکانی خۆیان دەکەن کە پڕە لە دوژمنایەتی لەگەڵ ئێراندا. ئاین زاکانی ئەوان هەریەکەی مێژوویەکی هەیە کە هەندێ لەوان کوژراو یا وەک خۆیان دەڵێن "شەهید"یان هەیە کە بە دەستی ئێرانییەکانەوە کوژراون."(٤٢)

ناسیۆنالیستەکانی جیلی دووەم بە چاولێکەری لە ئاخوندزادە کە دەیگووت: "ئێمە رۆڵە پارسەکانین و نیشتمانمان ئێرانە"و هەروەها بە روایەت و تێگەیشتنێکی تایبەت لە مێژووی کەونی ئێران و بە تێکەڵکردنی هەندێ ماکی رەگەز، زمان و خاک، بە ئاشکرا بە رەوایەتێکی قەومی و ئێتنیکی ناسیۆنالیستی گەیشتن. ئەم رەوتە ناتەبا بوو لەگەڵ یاسای بنچینەیی و شۆڕشی مەشروتە، کە گەرچی بە شێوەیەکی لێڵ، بەڵام چەشنە دەرکێکی مەدەنی لە مافی هاووڵاتێتی ئاراستە دەکرد. لە رەوتی پێکهێنانی میللەتی ئێران، بوونی زمانە جیاوازەکان گرفتێ بوو لە بەرانبەر داڕێژەرانی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران. لابردنی ئەم گرفتە کەوتە خشتەی کارەکانیان و هەروەک ئاماژە کرا، زمانی فێردۆسی وەک زمانی یەکەی نەتەوەی ئێران سەقامگیر کرا. هەڵبژاردنی دروشمی کەسرەوی و هاوکارەکانی لە گۆڤاری "پیمان"دا تا رادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی ئەم لۆژیکە بوو. (یەک ئاڵا، یەک ئاین، یەک زمان).

لە پاڵ زمانی نەتەوەیی، پەرەدان و گەشەی فەرهەنگێکی نوێ کەوتە رۆژەڤی(٤٣) دەوڵەت کە ئەویش هەر لەلایەن رۆشنبیران و بەهۆی هێزی ئایدیۆلۆژی و پڕوپاگەندەی دەوڵەتێکی ئامانجدارەوە بوو. قاموس و فەرهەنگنامەکان یەکەمین و گرینگترین بەرهەمی فیکری هەر میللەتێکن. لەم رەوتەدا ئەدەبی مۆدێرن، شانۆ، موسیقا، ئۆپێرا و رەسم و بوارەکانی تری فەرهەنگی هەڵبەت رۆڵ دەگێڕن. هەر لەم رەوتەدا جێخستن و سەقامگیرکردنی بۆنەکان، ئاڵا، سرود و حیماسەکانی ئێرانی کەوتە خشتەی کارە گرینگەکانی رۆشنبیران.

بە کورتی ئەگەر سیاسەت هۆکارێکە شێوە دەبەخشێتە نەتەوە ونەتەوەیی، فەرهەنگ زەمینە و پاشخانێکە لەودا نەتەوە و نەتەوەیی خۆیان بەرهەم دێن و بەرهەم دێننەوە.

لە کۆبەندی بابەتەکەدا دەبێ بڵێم کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە رووی سەرچاوەوە، بەرتەکێک بوو لە بەرانبەر حوزور و نفوزی ئوروپییەکان لە ئێراندا. تەنانەت بەر لە شۆڕشی مەشروتەش بەشێک لە بنەماڵەی قاجار و برۆکراتەکان هەستیان بە پێویستی رێفۆرم لە ئێراندا کردبوو. ئەم بەرتەکە لە بەرانبەر حوزوری ئوروپییەکان لە ئێراندا و ئەنجامەکانی ناچاری ئەم، واتە پێداویستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مودێرن و بەهێز بووە هۆی شۆڕش کە بە بڕوای زۆر کەس شوێنگەیەکی تایبەتی لە مێژووی ئێراندا هەیە. ئەحمەد کەسرەوی شۆڕشی مەشروتە بە سەرەتای مێژووی نوێی ئێران دادەنێ.

ئەم ئەرکە و ئامانجی وەدینەهاتوویە کەوتە سەر شانی رەزاشا کە هاودەنگی و هاوکاری بێمەرجیی جیلی دووەمی ناسیۆنالیستەکانی لەگەڵدابوو. ئەم هاوکاری و هاودەنگییە چۆن شیدەکرێتەوە؟

هاتنی رەزاشا بۆ دەسەلات و بەرنامەی ئەو لە ئاستی رێفۆرمی ئەنیستیوە بەرمۆدێرنەکانی ئێران و بەتایبەت دامۆدەزگای ئیداری و سوپا بەمەبەستی هاوجووتکردنیان لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمی نوێ لە هەلومەرجێکدا روویدا کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم ببوونە زاراوەیەکی نێونەتەوەیی. بۆیە هەوڵەکانی رەزاشا و رێفۆرمەکانی ئەو لە قاڵبی ناسیۆنالیزمدا ماددیەتی پەیدا کرد و بووە بە سەرەتای ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی ئێران. سەرجەمی ئەم بارودۆخە تایبەتییە دەلالەت دەکاتە سەر ئەم حوکمە کە ناسیۆنالیزم ئێستا دەتوانێ لە

زۆر مۆدێلی ئاڵۆز و شیاوی وێناکردن درووست بێت. یەکێ لەم مۆدێلانە، ئامێتەیی ناسیۆنالیزمی گەلی و رەسمییە کە نەک هەر لە ئێراندا، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا وەک مۆدێلێک سەری هەڵدا. ئەم ئامێتەیەی ناسیۆنالیزمی رەسمی و خەڵکییە بە وتەی ئاندێرسۆن، خۆی بەر لە هەموو شت بەرهەمی بارودۆخێک فرە تایبەت و نائاساییە کە بوونی ئوروپییەکان لە ئێراندا سازی کردبوو. بە وتەیەکی دیکە رەزاخان و دەوڵەتە نوێیەکەی لە سەمتی دابەزاندنی بەرنامەکانیاندا نەک هەر ئاگاداری پێداویستی ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیزم و پەرەدانی ئەو لە رێگای ماسمیدیا (٤٤) ، داهێنان و دامەزراندنی سیستمی پەروەردەیی نوێ، دەزگای ئیداری نوێ و ... بوون، بەڵکو دەیانزانی و ئاگاداری ئەوەش بوون کە تەنیا پشتبەستن بە هەستی ناسیۆنالیستی و هاوکاری لەتەک ئەم گروپە کۆمەلایەتییەیە دایە کە دامەزراندنی ئێران مەیسەر دەکات. ئەرێ رێفۆرمی ناسیۆنالیزمی رەسمی بووە هۆی پەرەسەندن و گەشەی سەرمایەداری لە ئێراندا و هەربۆیەش پشتگیری ناسیۆنالیستە غەیرەدەوڵەتییەکانی بەدواوە بوو کە تا ئەو کات توانای رێکخستنی خەڵک و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرنیان نەبوو.

رەزاخان و رژێمەکەی لە کۆتایی ١٩٢٠دا بارودۆخێکی تایبەتیان لە کۆمەڵگادا خوڵقاندبوو. لەلایەکەوە ئەو رژێمە خەریکی بەستنی کۆنتراکتێکی نایەکسانی نەفت لەگەڵ بریتانیا و کۆکردنەوەی سامان و سەروەت لە دەستی بنەماڵەی خۆی و کەسانی نزیکی لە دەربارداد بوو؛ لە لایەکی دیکەشەوە بودجەیەکی مەزنی بۆ بەشی سوپا تەرخان کردبوو. ئەوساتە کۆمەڵگا لە ژێر گوشار و زەبری سەرەرۆیی و داپلۆسینی رەزاخاندا بوو و هێزە سیاسییەکان بە توندی کەوتبوونە بەر پلاری داپلۆسێنەرانەی رژێم. ئەم بارە بێزارییەکی قووڵی لە نێو بەشێ لە توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا سازکرد، ئەم نارەزایەتی و بێزارییە بە نۆرەی خۆی بووە هۆی ئەوە کە رژێم دەست بکاتە تیرۆر و سەرکوتی نوێنەرانی فیکری و رۆشنبیری کۆمەڵگا. لەم رەوتەدا پاشماوەکانی نەوەی یەکەم و دووەم هەستیان تیژی و گرانایی نێزەی رەزاشادەکرد. دەوار (دوار) وەزیری دادوەری خۆی کوشت؛ تەقیزادە (تقی زادە) لە پلەی باڵوێزی فەرەنسە وەلانرا و خۆی ئیتر نەگەراوە ئێران؛ فەروخی (فرخی) شاعیری میللی و ئازادیخوازی ئێران لە نەخۆشخانەدا مرد؛ تەدەیۆن (تدین) کە رۆڵێکی زۆری لە رێفۆرمەکاندا هەبوو، لە کابینە دەرکرا و خرایە زیندانەوە؛ عەلی دەشتی (دشتی) نووسەری بەناوبانگی رۆژنامەی "شفق سرخ" کە پشتیوانی لە رەزاخان کردبوو، (مصونیت) پارلمانی خۆی لە دەستدا و ئەحمەد کەسرەوی کەوتە ژێر فشاری دەوڵەتەوە.

کەسرەوی خۆی لە هەندێ لە وتارەکانی دوای دوورخرانەوەی رەزاخاندا بە باشی بەرتەکی دووانەیی بەشێ لە رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی ئێرانی لە بەرانبەر رەزاشادا وێنە دەکات. ئەو بەهۆی سیاسەتی ناوەندکەرانە، چەککردنی عەشیرەکان، لابردنی حیجاب، لابردن پایە و پلەکانی فیۆداڵی و دامەزراندنی پیشەسازی مۆدێرن، پەسندی شا دەکا، بەڵام لە هەمان کاتدا شا بەخاتری پێشێلکردنی یاسای بنچینەیی، کوشتاری خەڵک، کۆکردنەوەی سامانی شەخسی و تالانکردنی سامانی خەڵک وەهەروەهاسەرکوتکردنی رۆشنبیران و زیادکردنی مەودای نێوان فەقیر ودەوڵەمەند،لۆمەد.(٤٥) کەسرەوی لە ساڵی ١٩٤٣دا ئەرکی داکۆکی لە چەند ئەفسەری بەئەستۆوە بوو کە تاوانی کوشتاری خەڵکیان لەسەر بوو. لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "نەوەی لاوی رۆشنبیری ئێمە توانستی دەرکی سەردەمی رەزاشای نییە و بۆیەش لە داوەری درووست بێبەرییە. ئەوان ناتوانن ئەوکارە بکەن [داوەری درووست] چونکە لەوە جەوانترن ئەو دەورانە هەرەج مەرەج و ناهۆمێدکەرەیان لەیاد بێت کە یارمەتیدەر

بوو لە بەدەسەلات گەیشتنی ئۆتۆکراتی وەک رەزاشادا. (٤٦)

ناسیۆنالیزمی رەسمی ئێرانی لە دەیەی ١٩٣٠دا بووبووە ئایدیۆلۆژییەکی نوێخواز و دیار بوو کە سەرچاوەکانی سامان دەکەوێتە دەست کەسانێ کە پەرە بەم ئایدیۆلۆژییە بدەن و سەقامگیری بکەن. تۆکمەبوونی ئەم سیستمە لەگەڵ هەلومەرجی دێموکراتیانە و پلۆرالیزمی سیاسی لە دژایەتیدا بوو، نەوەی دووەمیش هێشتا لەژێر تاوی بیرەوەرییەکانی شۆڕشی مەشروتەدا بوو و خەریکی دارشتنی سیستمی دوڵەت ـ نەتەوە بە واتای ئێستاکێ و مۆدێرنی بوو. بەڵام ناسیۆنالیزمی رەسمی هەرگیز رێگای نەدا چ لە بیر یاخود لە کردەوەدا نەتەوە وەک "دارێژەری یاسا" سەقامگیر ببێت. لە سەردەمی رەزاخاندا ناتەباییەکانی نێوان نەتەوە و دەوڵەت پەرەی زیاتری گرت و ئەم رەوتە لە سەردەمی محەمەد رەزای کوڕیشیدا هەر درێژەی هەبوو.

ئێستا لە پێوەندی لەتەک ئاندێرسۆن و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە چ شتێ و چۆن وەک ناسیۆنالیزمی ئێرانی وێنا کرا، دەبێ بڵێین کە ئەم ناسیۆنالیزمە بەر لە هەموو شتێ رەوایەتی خۆی لە مێژووی غەیرە ئیسلامی شارستانییەت و ئەفسانەکانی ئێرانی کەون وەرگرتووە. ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەم تەسکبینییە لە سەرچاوەی خۆی، بەرنامەی رێفۆرم و مۆدێرنیزاندنی (٤٧) ئێرانی بە دەرکێکی یەکلایەنە لە مۆدێرنیزم دەست پێکرد. مۆدێرنیزم لە ئەندێشەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەر لە هەموو شت بە واتای رێفۆرمی دامۆدەزگای دەوڵەتی - ئیداری نەریتیی و پەرەپێدان بە دامەزراوەکانی سەرکوت و سوپا بە شێوەیەکی مۆدێرن و بەرنامەی پێشکەوتنی ئابوری بوو. بەڵام ئەم رێفۆرمانە بەر لە هەمووشت مەیدان و بواری کۆمەڵگای مەدەنیان بەرتەسک کردەوە. دەرکی ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی بەرەی یەکەم و دووەم لە ئازادییە تاکییەکان و دێمۆکراسی بەو چەشنەی لە دیسکۆرسی مۆدێرنیتە دەردەکەوێ یان هەرگیز دەرک نەکراوە یاخود بە پێی هەلومەرجی نالەبار وەلانندراوە. لە بەرانبەردا سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندی و پاراستنی تەواوێتی خاکیی ئێران بوونەتە مەسەلەی و تەرەی ناوەندی.

نەوەی لاوتری رۆشنبیران و ئێلیتی(٤٨) ناسیۆنالیستی ئێرانی کە خۆیان بەرهەمی رێفۆرمەکانی سەردەمی رەزاشا بەگشتی و بە تایبەتی پەرەسەندنی پەروەردەی گشتی و ئیجباری بوون، نەیانتوانی رەوایەتێکی دیکە لە پێناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی ئێرانی ئاراستە بکەن. ئەگەرچی ئەم نەوەیە بەرهەلستکاری سەرەرۆیی و دیکتاتۆریی رەزاخانی دەکرد و دەیەویست چەشنە ئازادییەکی سیاسی بێنێتە ئاراوە. بەڵام لە هەمان حاڵدا نەیدەتوانی بەرنامە و رەوایەتێکی دیکە لە پێشکەوتن و مۆدێرنیزم پێشکەش بکات. بنبەست و دووڕیانەیەک کە پاشماوەی نەوەی دووەمی ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی لەگەڵیدا رووبەروو بوون، بەم چەشنە لە لایەن بەهار(ملک الشعرای بهار) وەسف کراوە:

"من هەمیشە، واتە ئەوسا، دوێنێ و ئێمرۆ بڕوام بەمە بووە کە دەوڵەتی ناوەندی دەبێ بەهێز بێت. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی، بە مەرجێ بە عەداڵەتەوە هاتبێتە سەرکار، دەتوانێ وێڕای پارتەکان و گۆڤارە ئازادیخوازەکان، هەموو کارێکی پێویست بۆ وڵات بکات... بۆیە بە پێی ئەم بڕوایەم و بە گوێرەی تەجروبەم بەهەڵستی هەموو سەرکەش، بزاڤێکی دەورانپشت و هەموو چەشنە جنێوفرۆش و نەیارێکی دەوڵەتی ناوەندی بووم. نە هاوبیری جەنگەلییەکان، نە هاوفیکر و هاوزەوقی خیابانی بووم و نە لەگەڵ راپەینی کۆلۆنێل محەمەد تەقیخاندا (بە شێوەیەکی وا) هاودەنگیم هەبوو....مەجلیسی چوارەمم بە خراپترین و ناحەزترین شێوە

تێپەڕاندووە...لە سەرەتای مەجلیسی پێنجەمەوە بارەکە گۆڕا... پیاوێکی بە دەسەڵات (سەرداری سوپا، رەزاخان) بە هێزی تەواو و ئامرازی دەرەکی و ناوەکی دەسەلاتی خۆی بەسەر وڵات، ئازادی، مەجلیس، گیان و ماڵی هەموو کەسدا زاڵ کرد. لەپڕ دیتمان حکومەتی بەدەسەڵاتی ناوەندی کە بە ئارەزووی بووین، بە رادەیەک درەنگ گەیشتێ کە دەسەلاتێک لە ناوەندا پێکهاتبوو و بەسەر حکومەت و شا و ولاتدا زاڵ بووبوو. بیری لێبکەنەوە کەسێ کە تا دوێنێ بە ئاواتی دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز ئامادە شەڕ لەگەڵ هەر هێزێک بوون کە بیویستبایە بەرهەڵستی ئەم ئامانجەیان بکات، لەپڕ دەبایە لەگەڵ بەهێزترین دەولەت دژایەتی بکەن...... ژیانی سیاسی من لەم دەورەیەداگەیشتبووە کۆڵانێکی بنبەست.(٤٩)

ئەم بنبەستە، بنبەستێ نەبوو کە تەنیا بەهار تێیدا گرفتار بووبێ، ئەمە بنبەستێک بوو کە نەوەی دووەمی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان تێیدا گرفتار بوون.

بە رامان لەم جیاوازییە لە نێوان ناسیۆنالیزمی خەڵکی و دەوڵەتی دەبێ، بزانین ئەم دوانە لە کوێ لە بەرانبەر یەکتردا رادەوەستن. ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر و بە پشتگیری بریتانیا، بیری وەرێخستنی ئێرانێکی بەدەسەڵات وەک دیارییەکی کە لە ئاسمانەوەوە هاتبێ، قۆزتەوە و دەوڵەتی مۆدێرنی ئێرانی دامەزراند. بۆیە، ئەم ناسیۆنالیزمە جیا لە تێگەیشتنی رووکەشی لە مۆدێرنیزم بناغەی دەسەلاتی خۆی لە سەر پشتگیری دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا دارشت. لە لایەکی دیکەشەوە کاراکتەری دەوڵەتی تازەی ئامێتەی دەسکەوتە خەیاڵی و راستەقینەکانی ئێرانی کەونی دەکرد. ناسیۆنالیزمی گەلی راست بە پێچەوانە هەولی ئەوەبوو کە سەر بە خەڵک بێت نەک حکومەت. ئەم ناسیۆنالیزمە دەربڕی ئەنگێزە و هەستی شەرم و توڕەیی ئەمان لە هەلوەشانەوە و پووکانەوەی فەرهەنگی و دواکەوتوویی و بێهێزیی سیاسیی ئێران بوو. لایەنێکی دیکەی جیاوازی ئەم دوو چەشنە ناسیۆنالیزمە ئەوە بوو کە ناسیۆنالیزمی خەڵکی گرفتاری ناتەباییەکی خویا بوو. لە لایەک شەیدای فەرهەنگ و دەسەڵاتی سیاسیی ئەوروپییەکان بوو و لە لایەکی دیکەشەوە دژ و بەرهەڵستکاری ئەمپیریالیزمی ئەوان. بەم چەشنە ئەوان هەم لایەنگری ئەوروپا بوون و هەم دژی ئەمپریالیست. لایەنێکی هاوبەشی ئەم ناسیۆنالیزمە تا ساڵانی ١٩٤١ ئەوە بوو کە لە داوەری و نرخاندنی ئەوروپییەکان سەبارەت بە جل و بەرگ و روخسار و سیما و شێوەی ژیانی خەڵک هەست بە شەرم و هەندێ جار خۆ بەبچووک زانین دەکرد، لە هەمان حاڵدا شانازی بە کوروش، داریوش و ئەنوشێروان و "رەگەزی" ئاریایی دەکرد.

تەوەرێکی دیکەی ئەم جیاوازییە لە ژێر کار و تاوی یادوەری سەردەمی شۆڕشی مەشروتەدا بوو. ناسیۆنالیستە خەڵکییەکان هێشتا بڕوایان بە ئۆتۆپیای مەشروتە و ئیمکانی سەڵتەنەتێکی مەشروعە و چەشنە بەڕێوەبردنێکی دەسەلاتداری خەڵکیدا بوون. هەروەک پێشتر ئاماژە کرا، سەڵتەنەت لە ئێرانی بەر لە مەشروتەدا وەک دەوڵەت و میللەتیش بە واتای پەیرەوانی شەریعەت واتە دوو بناغەی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەلایەتی مانایان هەبووە. شۆڕشی مەشروتە بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و پەسندکردنی یاسای بنچینەیی ئێران ئامانجی ئەوە بوو کە ئەم دووانەیەتییە لە دەسەلاتدا مەحف کاتە و بسرێتەوە. رەوتێ کە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی تێپەڕاند، هەڵبەت مەحفکردنەوەی ئەم دووانەیەتییە بوو، بەلام وەک وەلانانی میللەت و تۆکمەکردنی سەڵتەنەت. لەراستیدا، سەرەڕای لافی مێژووکارانی لایەنگری سەڵتەنەت، ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی ئێران هەرگیز مەبەستی لە بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی مەلا، فیۆداڵ و جوڵانەوە ناوچەییەکان، بڕوا بە دامەزراندنی حکومەتێکی یاسایی

# کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

گشت خەڵک نەبوو، کە لەمەدا هەموو خاوەنی مافێکی هاوبەش و یەکسان بن. گرفتی رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی خەڵکی لەوەدا بوو کە ئەوان لە لایەکەوە هەستیان بە فشاری قورسی ساختاری دووانەی دەسەلات بۆ دابینکردنی ئامانجەکانی مەشروتەدا دەکرد، بەڵام بەرنامەیەکی روونیان بۆ چارەسەرکردنی نەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە تۆکمەکردنی سەڵتەنەت بە هیچ مەرجێ مانای تەنانەت چارەسەری برۆکراسی ئەم ساختارە دووانەییە نەبوو. بەپێچەوانە یەکێ لە ئەنجامە گرینگەکانی ئەمە، بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دیسکۆرسیی ئەم دووانەیەتییە و ناتەباییە لەچەمکی دەسەلات و دەوڵەت و میللەت بوو کە سێبەری خۆی تا شۆرشی ١٩٧٩ خستبووە سەر دیسکۆرسی باوی سیاسی لە ئێراندا. بۆ وێنە قوتابخانە خوسوسییەکان، دامەزراوە میللییەکان، واتە ئەوانەی سەر بە خەڵک بوون، لە بەرانبەری مەدرەسە و دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا نێوزەد کراون. لە لایەکی دیکەوە ئەو دامەزراوانەی کە لە کۆنترۆڵ و خاوەنێتی دەوڵەتدا بوون، بە دەوڵەتی دەناسران چونکە لە بەرانبەر میللی و خەڵکیدا ناویان دەرکردبوو. بۆوێنە، هێڵی رێگای ئاسنی ئێران کە لە ١٩٣٠دا کرایەوە، بە رێگای ئاسنی دەوڵەتی نێوزەد کرا، نەک میللی یان نەتەوەیی.بەوەلاچوونی رزاشا لە ١٩٤١دا و دوای داگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە، دەسەڵاتی سەڵتەنەتی پەهلەوی و دەربار بێ هێز بوو و لە کەشێکی مەیلەو ئاوەڵای سیاسیدا دووبارە مەجلیس وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و سیاسیی سەرنجی کۆمەڵگای سیاسی ئێرانی بەرەو خۆی راکێشا. لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٤٠ و سەرەتای ١٩٥٠دا راپەڕینی بزوتنەوەی نەتەوەییکردنی نەفت بووە هۆی پێکهاتنی بەرەیەکی پارلەمانی کەلەودا بەرەی میللی بە سەرۆکایەتی دوکتور موسەدیق (مصدق) دەسەلاتی لەدەستدا بوو. بلۆکی بەرەی میللی (جبهە ملی)، بە هۆی داکۆکی و پشتگیری هێزە چەپەکان و بەشێ لە هێزی ئیسلامییە سیاسییەکان وەک ئالترناتیڤێکی حکومەتی بەرجەستە بۆوە و سەرۆکی ئەو بووە سەرۆک وەزیری ئێران و بۆ یەکەم جار دوای شۆرشی مەشروتە، دەوڵەتی دوکتور موسەدیق ناوی دەوڵەتی نەتەوەیی پێدرا.

ئەنجامگیرییەکی کە دەکرێ لەم ئاوردانەوەیە لە مێژووی ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەرگرین ئەوەیە کە جیا لە باڵی چەپی ئێران و بەتایبەت حیزبی تودەی ئێران، هەموو ناسیۆنالیستە غەیرە دەوڵەتییەکان سەرەرای هەموو دژایەتییان، هێشتا لە فیکری رێفۆرمی دەزگای دەوڵەتیدا بوون و بۆ ئەوەی ئەسڵەکانی مەشروتە بپارێزن، هیوای قەناعەت پێهێنان بە سەڵتەنەت و دەرباریان لە مێشکدا بوو. کودەتای ١٩٥٣ نوختە وەرچەرخانێک بوو کە نەک هەر ئەو هومێدەی لەواندا کوشت بەڵکو باڵی دژی سەڵتەنەتیشی لە ناو ناسیۆنالیستە ئێرانییەکاندا زاڵ کرد. ئەمە بە نۆرەی خۆی گۆڕانی سیاسەت و ستراتیژی سیاسی هێنایە ئاراوە کە جیاوازییەکی زۆری لەتەک سیاسەتەکانی بەر لە ١٩٥٣دا هەبوو. لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا دێینە سەر چۆنێتی دارشتنی تیۆریکی نوێی ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی و هەروەها سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی، کە رەنگە بکرێ بە نەوە یان جیلی سێیەم نێوبنرێ.

## سەعید شەمس

### پەراوێزەکان

١. لە ناوەراستەکانی سەلتەنەتی ناسرەدین شادا، دەوڵەتی قاجار ناچار بوو بۆ پاکردنەوەی قەرزە یەکجار مەزنەکانی بە دەوڵەتانی دەرەوە و بە تایبەتی دوو دەوڵەتی روسیا و بریتانیا، هەندێ ئیمتیاز بەم دەوڵەتانە ببەخشێت. یەکێ لەو ئیمتیازانە کە لە هەمووان پتر هەرای ساز کرد و بەناوبانگ بوو "ئیمتیازی توتن و تەنباکۆ" بوو. کە ناسرەدین شا ئیمتیازەکەی دایە هاوولاتییەکی ئینگلیزی بەناوی "ماژۆر تالبوت". ئەحمەد کەسرەوی مێژوونووسی شۆڕشی مەشروتە بەم چەشنە باسی ئەم رووداوە دەکات: "ئەم ئیمتیازە فرە بە زەرەری ئێران بوو، چونکە فرۆشتنی گشت تەنباکۆ و توتنی وڵات، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی وڵات کەوتە دەست ئینگلیسییەکەوە. لەبەرانبەردا ئەو تەنیا پانزەهەزار لیرەی سالآنە دەدایە دەوڵەتەوە. لە قازانجە تایبەتییەکەشدا یەل لە شوار هی دەوڵەت بوو، لە حاڵێکدا لە لای عوسمانییەکاندا کە توتن و تەنباکۆ لە ئێران گەلێ کەمتر بوو، تەنیا فرۆشتنی لە ناوەوەی ولاتدا درابووە کۆمپانیایەکی و لە بەرانبەریدا سالآنە هەوت سەد هەزار لیرەی وەردەگرت و لە سودە تایبەتییەکەشیدا یەک لە پێنج هی دەوڵەت بوو، بزانە جیاوازی لە کوێوە بۆ کوێیە؟" (کسروی، احمد. تاریخ مشروطه ایران. انتشارات امیر کبیر. چاپ پنجم ١٣٥٦. ص. ٢٥)

کەسرەوی هەروەها دەنووسێ: "خەڵک ئاگاداری ئەم حیساباتانە نەبوون بەلآم لەوە دەترسان بیانییەکان پێ بنێنە ولاتەکەیان و هەروەها بۆیان دژوار بوو کە توتن و تەنباکۆیەکی خۆیان دەیچێن و بەرهەمی دێن، هەروەها بەسانایی و بە نرزێکی کەمە بیدەنە دەست بیانییەکەوە."(هەمان سەرچاوە: ه.ش.)

پێشنیاری کڕینی ئیمتیازی تەنباکۆ و هەروەها هەندێ ئیمتیازی دیکە لە کاتی سەفەری ناسرەدین شا بۆ ئۆروپا (١٢ شعبان ١٣٥٦ و یاخود ١٣ ئاپریلی ١٨٨٩)لە لایەن ئینگلیزییەکانەوە هاتە ئاراوە.

ئەسپاردنی ئیمتیازی پاوانی توتن و تەنباکۆ بووە هۆی رق و بێزارییەکی بێوێنەی خەڵک و بەتایبەت جوتیارەکان. گەشەسەندنی ئەم بەرهەڵستە بەرەبەرە مەلاکان و رێبەرانی ئاینیشی تووشی هەڵوێست کرد. میرزا حەسەن شیرازی، موجتەهیدی شیعە کە لە سامێرا نیشتەجێ بوو، دوو تێلگرامی بۆ ناسرەدین شا نارد و ئەوی لە زیان و زەرەرەکانی ئەم ئاکارە و پاشهاتە مەترسیدارەکانی بەئاگا کردەوە. بەلآم دەرباری قاجار نەیاندەویست بە هاسانی پاشەکشە کەن و هەربۆیەش میرزا حەسەن شیرازی دوای پشتگری مەلاکانی دیکە ئەم فتوایەی دەرکرد: "بسم الله و الرحمن و الرحیم، ئیمڕۆ هەرچەشنە کێشان و کەڵک وەرگرتنێک لە تەنباکۆ یان توتن لە حوکمی دوژمناەتی لەگەڵ ئەمامی زەماندایە. عجل الله فرجه." ( کرمانی، ناظم الاسلام، به اهتمام علی اکبر سعیدی سیرجانی. تاریخ بیداری ایرانیان. انتشارات اگاه. چاپ چهارم. ص. ١٩.)

هەر کە ئەم فیتوایە گەیشە شارەکانەوە، خەڵک بە بچووک و گەورە، ژن و پیاو، هەژار و دەوڵەمەند پەسندیان کرد و دەرگای دوکان و بازارەکانیان بەست و قەلیان و مۆدنەکانیان شکاند و وەلا نا. ئەم کارە کۆمپانیاکەی تەواو ئیفلیج کرد و ناسرەدین شا ناچار بە گفتوگو لە گەڵ کۆمپانیاکە بوو ودوای ئەوەی پێنجسەد هەزار لیرەی وەک زیان دا بە کۆمپانیاکە، ئیمتیازی فرۆشەکەی هەڵوەشاندەوە

٢. نامه ێ میرزاێ شیرازێ به ناصرالدین شاه .کرمانی ، ناظم الاسلام. تاریخ بیدارێ ایرانیان. بخش اول ص ٢٧-٢٤

3. Nation
4. Nation-State
5. Hierarchical

٦. شازادە عباس میرزا لە دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە حاکمی ئازەربایجان بوو. لە شەڕی یەکەمی ئێران و روسیادا بۆی دەرکەوت کە سوپای ئێران ، کە هێزەکانی سوار لە عەشیرەکان پێکهاتبوو، توانای بەربەرکانی لەگەڵ سوپای مەیلەو مۆدێرنی روسیای نییە. عباس میرزا بە چاولێکەری لە ریفۆرمەکانی سوڵتان سەلیمی ئیمپراتۆری عوسمانی هەوڵیدا بنچینەکانی "نیزامی نوێ" لە ئازەربایخاندا بخاتە سەرووی بەرنامەکانییەوە. تەوەری ئەم بەرنامەیە دامەزراندنی سوپایەکی پێکهاتوو لە شەش هەزار سەرباز بە چەکی مۆدێرن و تۆپخانەی بزێوەوە بوو. ئەم سوپایە دەبایە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە بەرێوە بچێ. بۆ یەکەم جار بیری دامەزراندنی پێگە و ناوەندی کۆبوونەوەی هەمیشەیی سەربازەکان کە دەبایە لە لایەن ئەفسەرەکانی ئوروپاییەوە پەروەردە بکرێن و مەشق بدرێن، کەوتە ناو بەرنامەی عباس میرزاوە. عباس میرزا بۆ دابینکردنی ئەم ئەرتەشە لە تەورێز کارخانەیەکی تۆپسازی و دایرەیەکی وەرگێرانی بۆ تەرخومەی دەقە نیزامییەکان لە زمانە ئوروپییەکانەوە دامەزراند. یەکەم قوتابییەکان لە لایەن ئەوەوە بە مەبەستی خوێندن و فێربوونی زانستی سوپایی، ئەندازیاری، بەرهەمهێنانی کەرەسەی نیزامی و چەک، پزیشکی و هەروەها فێربوونی زمانە ئوروپییەکان ناردنرانە ولاتە ئوروپییەکان و بەتایبەت ئینگلستان و فەرانسە.

٧. لە سالانی بەر لە شۆڕشی مەشروتەدا، لە ئێراندا کێشەیەک لە نێوان خەڵک و مەلاکان لە لایەکەوە و لە لایەکەی دیکەشەوە حکومەتدا تەشەنەی سەندبوو. هۆی سەرەکی ئەم کێشەیەش بەر لەهەموو شتێک مەسەلەی ئابووری و پێوەندییەکانی ئابووری بوو کە ریشەی لە بەرتەکی خەڵک لەبەرانبەر گوشارە کۆمەلایەتی و کەموکورییە خواردەمەنییەکاندا بوو. قەیرانی ئابووری و کۆمەلایەتی کە ریشەی لە تەشەنەی پێوەندی جیهانیی کۆمەڵگەی ئێراندا بوو، دوای هەست بە پێویستی خێرای گۆڕانکاری لە سیستمی ماڵی و ئیداریی نەریتی و کۆن و جێبەجێ کردنی هەندێ گۆڕانکاری نوێ لە سەرەوەوە ... هەروەک ئاماژەمان پێکرد لە دەیەی دوەمی سەدەی نۆزدەوە دەستپێکرابوو بەلام تەواوی هەولەکانی ریفۆرمی سەڵتەنەتی قاجار و بۆرۆکراتەکانی هاودەنگی ئەم ریفۆرمانە ناکام مابوونەوە. ئەمە قەیرانی سالانی ٠٨-١٩٠٦ بەدواوە بوو کە بووە سەرچاوەی بزووتنەوەیەکی گشتی و دەرکردنی فەرمانی مەشروتەی بەدواوە هات و قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئێراندا کراوە.

دەستپێکی بزووتنەوەی مەشروتە بەمجۆرە بوو کە بەرپرسانی بێلژیکی گومروکی ئێران بە دانانی یاسا و رێسای جیاوازی گومروکی و مالیاتی تازە فشارێکی نوێ و زیادەیان خستە سەر بازرگان و تاجیرەکانی ئێرانی. تاجر و بازرگانەکان لەم خۆهەتێقورتاندنانە نارازی بوون و بەشێ لە مەلا شیعەکانیش وێرای نارەزایەتیان لە ئامادەیی و هەڕەشەی خۆتێوردانی هێزەکانی ئوروپی و ناموسلمان لە کاروباری ولاتدا، بە هۆی وابەستەیی ماڵی و کۆمەلایەتییان بە بازاری و بازرگانەکان تووشی نارەزایەتییەکی دووفاقە بووبوون . یەکەم نیشانەی دەرکەوتنی ئەم نارەزایەتییە لە بەهاری ١٩٠٢ لە تەورێزدا بوو کە بازارییەکان بە نیشانەی ئیعتراز دوکانەکانیان بەست. بازارییەکان وێرای مەلاکان داخوازی دەرکردنی مسیۆ پریم، بەرپرسی گومروکی ئازەربایجان بوون. دوای سال و نیوێک لە ٢٦ی ئاپریلی ١٩٠٥دا لە مانگی محەرەمدا وێنەیەک لە مسیۆ نۆز

بڵاوکرایەوە کە دو ساڵ پێشتر هەڵگیرابوو. مسیۆ نۆز بەرپرسی بێلژیکی گشت گومرۆکی ئێران لەم وێنەیەدا عەبا و دەستاری لەسەر بوو. ئەم وێنەیە وەک ئیهانەت بە ئیسلام ژمێردرا و مەلاکان لە سەر مەنبەرەکانیاندا خەڵکیان لە دژی مسیۆ نۆز هاندا. مانگ و نیوێک دوای ئەم رووداوە، لە جونی ۱۹۰٥ دوای هەڵسوکەوتێکی ناشیاو کە کابرایەک لە حوزوری عین الدولە صدرالعظم لەگەڵ یەکێ لا بازارییەکانیدا کرد، بازار بە ئێعتراز بەسترا و هەموو بازارییەکان لە حەوشی "شاهزادە عبدالعظیم"دا مانیان گرت و دوای هەڵوەشانەوەی یاسا نوێیەکانی ماڵیاتیی و دەرکردنی نۆز کرد.
حکومەتی عین الدولە گوێی لەم ئێعترازە نەبوو وگوشاری خۆی لە سەر خەڵک زیاتر دەکرد. لە دیسەمبری ۱۹۰٥دا، دەوڵەت چەند تاجرێکی بە بیانووی گران بوونی نرخی قەند گرت و بە شەلاق جەزای دان. ئەم کارە بووە هۆی یەکەم تەقینەوەی گشتی خەڵک لە بزووتنەوەی مەشروتەدا. دوو رۆژ دواتر هەندێ لە مجتەهید و بازارییە بەناوبانگەکان وێرای کۆمەڵێکی گەورە لە فەقێ و بازارییەکان لە حەوشی "شاهزادە عبدالعظیم"دا کۆ دەبنەوە و مان دەگرن. ئەوان داواکارییەک لە هەشت خاڵدا ئاراستە دەکەن کە سە خاڵیان پێوەندی بە وەلانانی بەرپرسانی دەوڵەتی، ئابووری و ئیداری واتە مسیۆ نۆز وەزیری گومروک، علاءالدولە حاکمی تاران و عسکر کاریچی رێداری قوم بوو. خاڵەکانی دیکە یەکیان پێوەندی بە گراندنەوەی دوبارەی محمد رضا کرمانی بوون کە لە تاراوگەدا دەژیا و .... و هەروەها دامەزراندنی عەدالەتخانە (دادگا) لە هەموو شارەکانی ئێران و بەجێ گەیاندنی بەبێ جیاوازی یاساکانی ئیسلام لە مەڕ هەموو خەڵکدا.
ئەم بزاڤە کە بە "هیجرەتی بچووک" نێوزەد کراوە مانگێک دواتر دوای دەرچوونی دەستخەتی شا لە مەڕ پەسند کردنی هەموو خاڵەکانی داواکارییەکەیان، کۆتایی پێهات.

8. Function
9. Legislative, Executive, and Judiciary
10. Gellner, Ernest "Nation & Nationalism"
11. pectures ofAnderson, Benedict (1991), "Imagined Communities: Reflections on the Origin of Nationalism, Revised Edition. London Verso.
12. Novelty
13. Co-extensiveness
14. imagin وێناکردن

هەروەک ئامارەی پێکرا لەم سێ دەیەی رابردوودا شەپۆلێ لە نووسراوە تیۆرییە نوێیەکان بنەمای شیکاری ناسیۆنالیزمیان دووبارە خستۆتە ژێر هەڵسەنگاندن و سەیرکارییەکی دووبارە. مەسەلەی ناسینی و روانینی ئێمە لە خوێندنەوەی دیاردەی ناسیۆنالیزم ئەم راستییە دیارمیە کە نەتەوەی مۆدێرن چ لە شێوەی دەوڵەتیی و چ لە شێوەی کۆمەڵە خەڵکێکی ئاواتەخوازی دەوڵەتن، چ لە ئەندازە، رەهەند و سروشتی خۆیدا جیاوازە لە هەموو کۆمەڵە لەراستیدا مەوجودەکانی مرۆڤایەتی کە تا ئێستالە مێژوودا ناسراون تەواو نوێیە . ئاندێرسۆن لە کتێبی Imagined Communities وێناکردنی بەکارهێناوە.
بەرلەوەی لە خودی وشەکە کێشە سازبکەین باشترە سەرنجێک بدەینە ناوەرۆکی ئەم چەمکە. ئاندێرسۆن بەر لە

## کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

هەموو شت گۆڕانکارییەکی دەروونناسانە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و شیکاریٚ کە بنەمای چەشنێکی نوێی کۆمەڵگای وێناکراوو خەیاڵییە کە بە نەتەوە دەناسرێت. ئاندێرسۆن سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن لە یەککرتنەوەی سێ رەوتی جیاوازی مێژوویدا دەبینێ: ١- رووخان و ئاوابوونی ئیمپراتۆرییە گەورەکان کە لە سەر بنەمای ئایینە گەورەکانی دنیاگر دامەزرابوون. وەک ئیمپراتۆری عوسمانی، روسیا و هاسبورگ.
٢- سەرهەڵدانی هەندێ چەمک و تێگەیشتنی نوێ لە زەمان و شوێن کە بە شێوەیەکی دیار بنچینەی گەشەسەندن و گشتگرییەتی رۆژنامە و ناڤلی(رۆمان) مۆدێرن بوو.
٣- جێکەوتن و سەقامگیربوونی ستانداردیزەبوونی دیالێکت و زمانە ناوچەیی و غەیرە دەوڵەتییەکان لە ئەنجامی گەشەسەندنی کاپیتالیزم و بەتایبەت کاپیتالیزمی چاپییەوە.
ئەم فاکتۆرانە بە ڕای ئەندەرسۆن شەقڵێکی کاریگەرانە دەداتە سەر گۆڕانکارییەکانی پاش شۆڕشی فەرەنسا کە بەرچاوترین بواری تێکەڵاویی و پەرەسەندنی هاوکاتی فەرهەنگ و سیاسەتە. بە واتایەکی دیکە سیاسەت وەک بوارێکی کولتووریی بە ئەمری قابیلی بیرکردنەوە و پراکتیک بۆ کۆمەڵانی خەڵک تەبدیل دەبێت وە جێگایەکی بەرچاو لە ژیانی کۆمەڵایەتیان دەکاتەوە. بە ڕای ئەندەرسۆن ئەو گۆڕانکارییە ئەنجامی دوو فاکتۆری مۆدێرن و لە هەمان کاتدا هاوتەریبە:
١- دام و دەستگا و ئەنستیتۆکانی مۆدێرن وەک دەوڵەت، حیزبەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان.
٢- جیهان وەک یەکەیەکی یەککرتوو دەبینرێت، لە ئەنجامدا سەربەخۆ لە سیستێمە سیاسیی- کۆمەڵایەتیی و زمانەکان و فەرهەنگی جیاواز، سیاسەت وەک پراکتیکی گشتی دێتە کایەوە. لەم هەل و مەرجە تایبەتییە کۆمەڵایەتییەدا ، ئەندەرسۆن بەکار دێنێ کە ئێمە لێرە تێرمی (وێنا و وێناکردن)مان بەکارهێناوە ، ئەڵبەت لەسەر ووشە موناقەشە ناکەین بەڵام مەبەستی لە چەمکی (وێنا و وێناکردن) ئەوەیە کە دەڵێ نەتەوە دەبێت وێنا بکرێت چونکە ئەندامانی پچووکترین نەتەوەکان یەکتر ناناسن و پەیوەندی ڕۆژبەڕۆژیان نییە و یەکتر نابیستن، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆیان وەک ئەندامی کۆمەڵگایەکی یەککرتوو دەبینن (وێنا دەکەن)، ئەم پراکتیکی بینینە وە یا وێنا کردنە بە ڕای ئەندەرسۆن پێش هەموو شتێک لە ئاکامی پێکهاتنی یا سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی نوێ کە دنیای بەشەریی دەکەنە بواری کاری خۆیان. بە واتایەکی دیکە ڕووداوەکان ئەبستراکت دەکرێن و لە شوێنی دیکە وەک ڕووداوێکی هەستپێکراو بۆ خەڵک قابیلی بینین و دەرک کردن دەبن. بۆ ئەندەرسۆن، بەرواری سەرنووسی ڕۆژنامە وەک دیاردەیەکی مۆدێرن ڕووداوەکان لە کات و شوێنی ڕوودانیان جیادەکاتەوە و جارێکی دیکە بە چاپی مێژووی ئەوەڕۆژە لە شوێن و کاتی دیکەدا زیندوویان دەکاتەوە. بەم شێوەیە هەر تایتلێکی خەبەری و ریپۆرتاژی ئەوە دەباتە نێو مێشکی خەڵکانی خوێنەر کە ئەم ڕووداوە قابیلی دووبارەبوونەوەیە، هۆکاری سەرەکیی ئەم شێوە پەیوەندییە ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵک زۆر ڕووداو و زۆر شوێن کە نەیاندیوە دەتوانن هەست پێ بکەن و لە ئەنجامدا وێنای بکەن.

15. Discontinuety
16. Mobile
17. Complsory

18. Homogeneous and Empty Time
19. Print Capitalism
20. Renan
21. Imagine
22. Fabrication
23. Anderson, Benedict. Imagined Commuinety. P 6.

٢٤. کرمانی، میرزا آقاخان، سه مکتوب. با مقدمه و تصحیح بهرام چوبینه. چاپ اول در خارج از کشور مهر ١٣٧٠ ص ٢٦٦-٢٥٦

25. Negative
26. Central
27. VeDiscursi
28. Symbolic
29. Narratives
30. Ethnic
31. Civil

مامۆستایان و زانایانی تیوری ناسیۆنالیزم دوو شێوە ناسیۆنالیزم یان ئیتنیک و سیڤیل لێک جیادەکەنەوە. لە مۆدیلی ئینیکدا کۆمەڵگاو دەزگاکان بە گوێرەی کولتووری بینا دەکرێن، بناغەی خستنەپاڵ و لێکجیاکردنەوە یا لە سەر بنچینەی(inclusion & exclusion )بناغەی بە ئەندام ناسین و نەناسینی خەڵک لە کۆمەڵگا کولتووری دادەڕێژرێت. لە کولتوور و ئیتنیک مەبەست زمان، مەزهەب، پەیوەندییە نەژادیی و کۆمەڵایەتییەکانە. لە مۆدێلی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکدا تەوەری سەرەکیی پەیوەندیی تاک لەگەڵ کۆمەڵگا بە شێوەیەکی سەرەکیی سیمبولیک یا ئیحساسییە، بە واتایەکی دیکە ئەندامانی کۆمەڵگا نەک بەرئەساسی بەرژەوەندیی خۆیان بەڵکە لەسەر بناغەی ئەمەک داریی بە ئامانجی کولتووریی کۆمەڵگا لە مافی ئەندامێتی بەشدار دەبن.

ناسیۆنالیزمی ئیتنیک بە پێچەوانەیی پێداویستییەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداریی کە لە خۆیدا کەڵک وەرگرتن لە توانای گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بۆ پەرەسەندنی ئابووری کەڵک وەردەگرێت، بناغەی بنیات نانەوەی کومەڵگا لەسەر یەککرتوویی کولتووریی دادەنێت. هەر بۆیەش ئەم مۆدێلەدا دەوڵەتی چەند کولتووریی و چەند زمانی لەخۆناگرێت چونکە بوونی چەند کولتوور و چەند زمان بە نیشانەی لاوازیی و سستی یەککرتووی فەرهەنگ دادەنرێت.

بە پێچەوانەوە مۆدێلی ناسیۆنالیزمی سیڤیل لەسەر بوارەکانی پراکتیکی، ئامرازیی دەستگا کۆمەڵایەتیەکان بنیات دەنرێت. بنیات نانەوەی نوێ و مۆدیرنی کۆمەڵگا پێویستە چونکە بەکارخستنی سامان و کەلەپووریی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بو پێکهێنانی ژیانێکی باشتر و ئیمڕۆیی گرنگن.

کۆمەڵگا وەک تەواویەتێکی عەقلی و ئامرازیی و حقوقی دەبینرێت و هەربۆیەش پرۆسەی بە ئەندامبوونی تاک لە کۆمەڵگادا لە سەر بناغەی یاسا پێناسە دەکرێت. لە مۆدێلی سیڤیل دا مەرجەکانی بە ئەندامبوونی تاک لە

کۆمەڵگاداسەر بناخەی یاسایی و لەسەر پەرەسەندنی ئابووری نەک لەسەر یەکێتی کولتووریی بنیات دەکرێت، هەربۆیەش هەرکەسێک ئەم هەل و مەرجەی تێدا بەدی بکرێت وەک ئەندامی کۆمەڵگا (نەتەوە) دەناسرێت و زمان، مەزهەب، ڕەگەز ی ئەو تاکە دەورێکی نابێت. نموونەی بەرچاوی ناسیۆنالیزمی سیڤیل لە ناوچەی ئێمەدا هیندستانە. بە پێچەوانە، وەک دیمان ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دوای مەجلیسی دووهەم ڕێبازیی ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی بەخۆوە گرت. ئەم ڕێبازە لە یاسای بنچینەیی مەشروتە دا نەگونجابوو بەڵام لە کردەوە هەنگاو بە هەنگاو لایەنی ئێتنیکی و تەعریفی ئێتنیکی بو بە تەوەری سەرەکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی. بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی ئەندامێتی حەیدەرخانی ئەمونۆغلو(حیدر خان عمو اوغلو)، کە یەکێک بوو لە ڕابەرانی ناسراوی شۆڕشی مەشرووتە،لە مەجلیسی دووەمی مەشرووتەدا، بە هۆێ باش نەزانینی زمانی فاسی‌یەوە بوو. وە یان سەتار خان( ستار خان) و باقیر خان ( باقر خان )کە لە مێژووی ئێران دا بە ناوی سەردار و سالاری نەتەوایەتی ناویان دەرکردبوو، هیچ کات دەرفەتی ئەوەیان پێ نەدرا کە لە مەجلیسی مەشرووتەدا بەشدار بن چونکە هەردووکیان ئازەری بوون و زمانی فارسیان نەدەزانی.

٣١ . نائيني، آقا شيخ محمد حسن. تنبيه الامه و تنزيه المله

٣٢ . شورايي

٣٣ . كسروى ، احمد . تاريخ هيجده ساله آذربايجان، ضميمه پيمان، سال دوم، شماره پنجم اردیبهشت ماه ١٣١٤ ص ١٥٧

٣٤ .حائرى ، عبداله . تشيع و مشروطيت در ايران، امير كبير، تهران، ١٣٦٥ .

٣٥ . كسروى، احمد . تاريخ هيجده ساله آذربايجان، ضميمه پيمان، سال دوم، شماره پنجم، ارديبيهشت ماه ١٣١٤ ص ١٥٧

٣٦ . نا ظم الاسلام كرماني، محمد . . تاريخ بيدارى ايرانيان. به اهتمام على اكبر سعيدى سيرجانى، انتشارات آگاه، تهران، چاپ سوم، ١٣٤١ .

37. Brwon

٣٨ . كسروى، احمد . ما چه مى خواهيم؟ پيمان، سال ششم، شماره چهارم، تير ماه ١٣١٩ . ص ٢٣١-٢٨

٣٩ . كسروى، احمد . مشروطه بهترين شكل حكومت و آخرين نتيجه انديشه نژاد آدمى است، گرآورى محمد على پايدار

٤٠ . كسروى، احمد . . در راه سياست، دفتر پرچم ، تهران ، چاپ دوم دى ماه ١٣٢٤ ص٦٧

٤١ . كسروى، احمد . نكوخوئى ها و بد خوئى ها، پيمان، سال سوم شماره يكم بهمن ١٣١٤ ص ٣٧

٤٢ . كسروى، احمد . تيشه هاى سياست ، بخش دوم ، پيمان سال دوم ، شماره نوزدهم ، شهريورماه ١٣١٣ ص ٤٣-٤٢

٤٣ . كسروى ، احمد . يك توده را چنانكه راه بايد راهنمايان هم باد . ، پيمان سال ششم ، شماره هفتم ، مهر ماه ١٣١٩ ص٤٢٠

44. Agenda
Mass Media45.

٤٦ . کسروی ، احمد . در باره رضا شاه پهلوی ، پرچم تیر ماه ١٣٢١
٤٧ . همانجا

48. Modernisation
49. Elites

٥٠ . بهار ، محمد تقی ( ملك الشعرا ) . تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران ، انقراض قاجاریه . جلد اول مقدمه کتاب ص ( ح و د )

## سەرچاوەکان

ا) فارسي


١ـ اخوندزاده، میرزا فتحعلي، مقالات، گرداورندة: باقر مومني، انتشارات اوا، تهران ر١٣٥١ .
٢ـ ادمیت، فریدون، اندیشةهاي میرزا اقاخان کرماني، انتشارات پیام، چاپ دوم، تهران ر١٣٥٧ .
٣ـ زندگي طوفان ( خاطرات سید حسن تقي زاده )، محمد علي علمي، تهران ر١٣٦٨ .
٤ـ الگار، حامد، نقش روحانیت پیشرو در جنبش مشروطیت ـ دین و دولت در ایران، نقش علي در دوران قاجار، ترجمة ابوالقاسم سري. تهران ر١٣٥٦ .
٥ـ انتخابي، نادر، "ناسیونالیسم و تجدد در فرهنگ سیاسي بعد از مشروطیت"، نگاة نو شمارة ٢١، ر١٣٧١ .
٦ـ دولت ابادي، یحیي، حیات یحیي، جلد دوم. انتشارات عطار ـ فردوسي، چاپ دوم، تهران ر١٣٦١ .
٧ـ کسروي، احمد،
ـ تاریخ مشروطة ایران، امیر کبیر، چاپ یازدهم، تهران ر١٣٥٤ .
ـ تاریخ هیجدة سالة اذربایجان، امیر کبیر، چاپ ششم، تهران ؟ .
ـ آذین، بخش یکم، تهران ١٣١١؛ بخش دوم ر١٣١٢ .
ـ امروز چه باید کرد؟ چاپاك، چاپ چهارم، تهران ر١٣٣٦ .
ـ در راه سیاست، دفتر پرچم، چاپ دوم، تهران ر١٣٤٧ .
ـ مشروطه بهترین شکل حکومت و اخرین نتیجة اندیشةنژاد ادمي است، گرداورندة، محمد علي پایدار .
مقالات

- ارج خود بدانید، مجله پیمان، سال هفتم، شماره نهم ر١٣١٨.
- اسلام و ایران، مجله پیمان، سال یکم، شماره سیزدهم ر١٣١٣.
- این پراکند گیست نه آزادي، مجله پیمان، سال ششم، شماره یازدهم ر١٣١٩.
- تیترهای سیاست، پیمان سال یکم، شماره چهارده، ر١٣١٣.
- ما چه میخواهیم؟ مجله پیمان، سال ششم، شماره ٢-٩ ر١٣١٣.
٨. عنایت حمید، اندیشةهاي سیاسي در اسلام معاصر، ترجمة بهاالدین خرمشاهي، خوارزمي، تهران ر١٣٦٢.
٩. نائیني، اقا شیخ محمد حسن، تنبیة الامه و تنزیه الملة، مقدمه و توضیحات به قلم سید محمود طالقاني، شرکت انتشار، چاپ هفتم، تهران ر١٣٦٠.
١٠. نامور، رحیم، برخي ملاحظات پیرامون تاریخ انقلاب مشروطیت، انتشارات چاپار.

ب) ئینگلیسی

1. Abramian, Ervand (1982)
Iran Between Two Revolutions Princeton University Press.
2. Anderson, Benedict (1991) Imagined Communities; Reflection on the Origin and
Spread of Nationalism, London. Verso.
3. Anderson, Benedict (1998) Specters of Comprison, Southeast Asia, and the World, London
Verso.
4. Amir Arjomand, Said (1989) The Turban for the Crown, Oxford. Oxford University Press.
5. Akhavi, Shahrough (1980) Religion and Politics in Contemporray Iran: Clergy Sttae
Relations in Pahlavi Period, New Yor. Sttae University of New Tork Press.
6. Eley, Geoff & Suny Roland Grigor(1996) Becoming National. A Reader, Oxford. Oxford
University Press.
7. Gellner, Ernest (1964) Thought and Change, London Weidenfled & Wiehalson.
8. Gellner, Ernest (1983) Nations and Nationalism, Oxford. Passim

هەواڵنامەی کتێب

nome Reflection o(1977), S9. Hobsbam, EricS ;The Break-Up Britain, New Left Review, 105, (September-, J (1977)October 1977) PP 3-24.
10. Hobsbam, E.J. (1990) Nations and Nationalsim since 1780: Programme, Myth, Reality,. Cambridge. Cambridge University Press.

11. Kedouri, E and Hosim, S (1981) Towards A Modern Iran, London. Cass.
12. Martin, Vanessa (1989) Islam and Modernism: The Iranian Revolution of 1906, Syracuse University Press.
13. Menashri, David (1992) Education and The Making of Modern Iran, London. Correll University Press.

****

# علمانییەتی تورک و

# ئەتاتورک

**نووسینی: هاوار**

" لە تەورات و لە قورئانیشدا باسی یاجووج و ماجووج کراوەو شانامەی فیردەوسی یش لە باسی ئیران و توراندا باسی ئەو تورکە تورانییانەی کردووە "

" مستەفا کەمال کێ بووە؟ کێ باوکی راستەقینەی بووە؟"

" کاتێ ناوی سوڵتان هێنرا دەبێ دووعای خێرو سەرکەوتنی بۆ بکرێ "

هەولێرنامەی کتێب

# هاوار

وشەی زانستگەری ( علمانییـەت ) (العلمانييـە ) وەکو زانایـان و شـارەزایانی سیاسـەت باسـیان لێوە کردووە، بریتیـە لە جیـهانیکردنی کاروبـاری وڵات بـە ڕێبـازێکی زانسـتییانەو دوور لە بـواری ئـایینی و تێکەڵکردنی بە سیاسەتەوە، واتە ڕێگە نەدان بە ئاینداران کە دەست وەردەنـە کاروبـاری سیاسـەتی دەوڵەت و دەزگاکانی حکوومەت بە بیانووی ئەوەی ئەو دەست تیوەردانـە دەبێتـە هـۆی دواکەوتنـی دەوڵەت لە جیهان و جیـهانگەری و ئەوجا دواکەوتنـی و بەرەوپێشـەوە نـەچوون و پێشنەکەوتنـی و سەرنەکەوتنی ئەرکە گرنگەکانی بە شێوەیەکی باش و راست و زانیارییانە.

بـەڵام ئایـا رژیمـی تـورک کە دەیـان ساڵە زانسـتگەریی کردووە بـە دروشمـی سیاسـەتی خـۆی، ئـەو پێداکرتنەی لەسەرچاوەیەکی زانستییەوە وەرکرتووە یا هەر وەکو کوتەکێک دژی ئەو ڕێکخراوو تاقمە سیاسییانە بـەکاری دەهێنـێ کە بیروبۆچوونیـان لەکەڵ بـیروبۆچوونی ئەوانـەی دەسـتیان بەسـەر وڵاتـەکەدا گرتـووە یـەک نـاکرێتـەوەو ئەوانـە بـە کۆسـپ و بەرهەڵست لە قەڵـەم دەدەن لە بـەردەم سەرکەوتنی ئامانج و مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیاندا.؟ فارسـەکان بـەر لە تـورکەکان شـارەزایانەترو زیرەکانەتر بـۆ باسـەکە چـوون و زۆر لە مێـژە وتوویانـە: (( این کار کار عـەقل است دەخـل بدیـن ندارد )).

کەر بـە وردی شـۆڕببینەوە بنـج و بنـەوانی مەبەسـتەکانـی رژیمـی تـورکی، هـەر لە زمـانی ( موسـتەفا کەمال )ەوە تا ئیمڕۆ لە بەرزکردنەوەی دروشمی ( علمانییـەت )دا دەتوانیـن ئـامـاژە بـۆ چـەند هـۆو مەبەستێک بکە ین:

١- کاربەدەسـتانی تـورک لە کۆنـەوە تـا ئیمـرو هەسـت بـە بوونـی چـەند گرێکوێرەیـەک دەکەن و هەرچەند دەکەن نازانن چـۆن ئـەو گرێکوێرانـە بکەنـەوە، جـاران کە ناویـان لە ئیمپراتوریـەتێکی فـراوان و گەورەدا بـووە، ئیمـرۆ خۆیـان دەبینـەوە چـۆن وڵاتـانی ئەوروپـاو ڕۆژئـاوا بـە چـاوی میللەتێک و وڵاتێکی دواکەوتوو سەیریان دەکەن و لای ئەوان شایانی ئـەوە نـین بیانخەنـە ریـزی خۆیان، مەگەر لە ڕێکخراویکی وەکو ناتۆدا لە سنوورێکی زۆر تەسکدا بیانخوێننەوە.

٢- دەیانەوێ دروشمـی علمانییـەت وەکو چـەپکە گوڵێکی کاغـەزیی بـێ بۆن برازیننـەوەو بیخەنـە گوڵدانی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاواوەو پێیان بڵێن ئێمەیش هەین و نابێ لەوە زیاتر فەرامۆشمان بکەن و بەبێ نرخمان بزانن.

٣- دەیانەوێ لەژێر جبەی ( سیادەتی علمانییەت )دا لە ڕۆژئاوا بکەینن هەمیشە ئامادەن وەکو کەواسووری بەر لەشکرەکانیان هەر کارێکیان پێ بسپێردرێت بەجێی بێنن، وەکو ئەو بەجێهێنانەی لە شەڕی ( کۆریا )دا لەسەر خواستی ئەمریکا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو شەڕە، هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندیی تورکەوە نەبوو. ژمارەیەکی زۆر لە سوپای خۆیانیان ناردو بە خۆڕایی بەکوشتیان دان. سەیر ئەوەیە، ئەو هەموو تەقەللا بێ سوودانەی تا ئێستا داویانە، هەر جارەی بە شێوەیەک دەست بە ڕوویاندا دەنرێ و هەر وەکو ( فاسقی مەحرووم )، سەرەڕای ئەو هەموو قەرزە زۆرەی بەسەر خۆیدا کەڵەکەکردووە- نە لەئەورووپای یەکگرتوو نە لە پەرلەمانی ئەورووپاییدا تاوێک بەرەو پێشەوە نەچووە، کە دەگوترێ، ئیمڕۆ، پتر لە سەد ملیار دۆلارەو هەموویشی بریتییە لە نرخی ئەو چەکە کۆنانەی بەسەیدا ساغی دەکەنەوە.

## هاتنی تورک

بەرلەوەی بچمە سەر باسی دروشمی ( علمانییەت ) لەلای ڕژێمی تورک، بە پێویستم زانی کورتەباسیکی دیروکیی هاتنی تورک بکەم بۆ ئازربایجان و بۆ ئەو شوێنەی ئیمڕۆ کە ناویان لێ ناوە ( تورکیا )، کە خاکی خۆی نەبووەو داگیری کردووە. ئەو ئێستا بووە بە ( خاوەن ماڵ ) و ئەوانەی خاکەکەیان لێ داگیرکراوە، وەکو ( کوردو یونانی و ئەرمەنی و ئاسووری و چەرکەسی ) ماڵی خویان لێ حەرامە. !

مێژووی سەرەتای هاتنی تورک بەرەو ڕۆژئاوای ئاسیا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ئەو سەردەمەی ( چین )ەکان، بۆ ڕێگا گرتن لەو تورکانەی لە باکوورو لەرۆژئاوایانەوە هێرشیان بردۆتەسەریان و تالآنییان کردوون، کە لەو ڕۆژانەدا ئەو تورکە هێرشبەرو تالآنکەرانە، لە ( هون )ەکانی نەوەی ( چانک یونک ) بوون، بەڵام، دوای ئەوەی میر ( چی هوانک )ی چینی، لە نێوان ساڵانی ٢١٠ — ٢٢١ی پێش زاییندا دیواری چینی دروستکردووە، کە درێژاییەکەی ( ١٢٥٠ ) میلە، ئیتر تورکەکان بە لێشاو ڕوویان کردۆتە ڕۆژئاوای ئاسیا.

مامۆستا ڕەفیق حلمی لەلاپەڕە ١١٣ لە یادداشتەکانیدا دەربارەی داگەڕانی تورک بۆ ڕۆژئاوای ئاسیا دەڵێ: " بە قسەی زانا گەورەکان ( سەدی یاجوج و ماجوج ) لە ( کیوی قاف — مەبەست قەفقاسە- )دا بووەو چۆنییەتیی دروستکردنی ئەو سەدە دەگەڕێتەوە بۆ دوای دروستکردنی دیواری

## هاوار

چین، پاش ئەوەی ئەو دیوارە رێگەی لە تورکەکان گرت و لە ولاتی چیندا تالانی بکەن و عەشایرەکانی (بیکر، تاتار، سیتهین) گەیشتنە قەفقاس و دەستیان کرد بە کوشتارو ماڵ کاولکردن و تالانی و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ناچار بوون پەنایان بردە بەر (کۆرش)ی شای ئێران و ئەویش بە ئاسن لە دەربەندە سەختەکانا سەدی دروست کرد بۆ رێگرتن لە دەستدرێژیکردنی ئەو دڕندانە.“

بێجگە لەو باسەی مامۆستا رەفیق حلمی، لە تەورات و لە قورئانیشدا باسی یاجووج و ماجووج کراوەو شانامەی فیردەوسی یش لە باسی ئێران و توراندا باسی ئەو تورکە تورانییانەی کردووە. حوسەین حوزنی موکریانی یش لە کتێبەکەیدا ( ئاتروپاتین = ئازربایجان )، دەڵێ: ” سەرەتای تورک، کە عەشیرەتی (غوز) بووە، لە ناوچەکانی ئازربایجاندا جێگیر بوون، کە پێیان دەگوترا (تورکمان).

سەرچاوە شارەزاکان بە دوورو درێژی باسی بە لێشاو هاتنی (غوز) و (سەلجووقی و (مەغۆل) و (عوسمانی)ەکانیان کردووە بەرەو رۆژئاوای ئاسیا، کە بەشێکی زۆریان لە خاکی کوردستان و ئەرمەنستان داگیر کرووەو تیایدا نیشتەجێ بوون.

ئەوەی شایانی باسە، غەزنەوییەکان و سەلجووقیەکان و مەغۆلەکان و عوسمانییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان خۆیاندا شەڕو کوشتاری زۆریان کردووە. تا لە ئەنجامدا عوسمانییەکان، کە لە دوای هەموویانەوە بوون، هەل و دەرفەتێکی یەکجار باش و لەباریان بۆ هەڵکەوتووەو توانیویانە، لە پاشەبەرەی ئەوە پێشوو دەوڵەتی عوسمانی دابمەزرێنن. دەتوانین بە کورتی هەندێ لەو هەل و دەرفەتانەی کە بۆ تورکە عوسمانلیەکان لواوە باس بکەین:

١- شەڕی نێوان فارسەکان و بیزانتەکان، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، کە هەردوو لایەنی لاواز کردووەو پەکی ئەوەی خستوون کە بتوانن بەرەنگاری هاتنی بە لێشاوی تورکەکان ببنەوەو لە ئەنجامی ئەوەدا عوسمانییەکان لە شەڕی چاڵدێرانی ١٥١٤ دا بەسەر سەفەوییەکاندا سەرکەوتوون، کە ئەمە بۆتە هۆی بەهێزبوونی ئەو دەوڵەتە عوسمانلییەی کە لە دواییدا پەرەی سەندووە.

٢- ئیمبراتۆرییەتەکەی رۆما، کە بووە بە دوو بەشەوە، بەشی رۆژهەلاتی کە بۆتە دوژمن لەگەڵ بەشی رۆژئاوایدا کە بە سەرۆکایەتیی ( پاپا ) بووە. بە رادەیەک کە ئیدی چوونیان بۆ ژێر دەسەلاتی عوسمانلییەکانیان زۆر پێ باشتر بووە وەک لەوەی بچنە ژێر باری دەسەلاتی (پاپا). لەبەر ئەوە، تورکە عوسمانلییەکان سوودێکی زۆریان لەو ناکۆکییە دەستکەوتووە.

٣- لەناوچوونی خیلافەتی عەبباسی و پەیدابوونی تەوائیفولمولووک کە هەمیشە لەنێوان یەکتردا ناکۆک بوون، ڕێگای بۆ ئەوە خۆشکردووە کە خیلافەتی عوسمانلی جێگای خیلافەتی عەبباسییەکان بگرێتەوەو خۆی بە میراتگری ئەو بزانێ.

٤- شەڕی نێوان خاچپەرستەکان و موسوڵمانە ئەیوبییەکان، کە بوو، دوا بە دوای ئەوە، زۆربەی وڵاتانی ئیسلام هیوایان بەو دەوڵەتە عوسمانلییە دروست بوو کە بتوانێ شوێنەوارە پیرۆزەکانی ئیسلام بپارێزێ.

## کوردو دەوڵەتی عوسمانلی

هەڵبەت، بەر لەوەی شەڕی ( چاڵ دێران ) لە ١٥١٤ دا لە نێوان عوسمانلییەکان و سەفەوییەکاندا هەڵبگیرسێ، ئەو خاکەی کەهێشتا بە تەواوی نەچووبوونەژێر سایەی عوسمانلییەکانەوە، بریتی بوو لە میرنشینەکانی کورد کە مێژوویەک بوو کەوتبوونە بەر هێرش و پەلاماری سەفەوییەکان. کوردی سوننی خۆی بە نزیکتر دەزانی لەتورکی سوننییەوە، وەک لە فارسی ( سەفەوی شیعە ). بۆیە بەهۆی ئیدریس ی بەدلیسی یەوە — کە هەندێ بە ئیدریس ی ئبلیس یش ناویان بردووە- ، ئەو میرنشینانە پەیمانیان لەگەڵ سوڵتان سەلیمی عوسمانلیدا بەست و بەپێی ئەو ڕێککەوتنە میرە کوردەکان لە میرنشینەکانی خۆیاندا، بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاروباری میرنشینی خۆیانیان دەبرد بەڕێوەو سوڵتانی عوسمانلیش بەڵێنی پێ دابوون بەرژەوەندیان بپارێزێ، بەمەرجێ، هەر مێرێک ساڵانە باج و خەراج بە سوڵتان ببەخشێ.

ئەوەبوو، تورکەکان، پاش ئەوەی زەمینەی فەرمانڕەواییان بەجارێ بۆ تەخت بوو، هەڵسان بەناوی غەزاوە پەلاماری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایان دا. هێزەکانی عوسمانلی گەیشتنە نزیک شاری (ڤیەننا )، بەڵام لەوە زیاتر بڕیان نەکرد. بەهۆی ماندووبوونی هێزەکانیان لەلایەک و کەم دەرامەتی وبێزاریی خەڵک، لەو هەموو کوشتارە بێ شومارو بێ ئەنجامە، بوو بەهۆی ئەوەی بەرگەی هێرشی ئەو وڵاتانە نەکرن کە خاکیان لێ داگیر کراوەو هەر جارەو شوێنێکدا دەشکانەوەو دەکشانەوە، تا بە ناچاری هاوپەیمانیی ئەڵمانی قبوول کردو خۆی لە شەڕی جیهانی یەوە هەڵقورتان، بە ئومێدی ئەوەی لەو شەڕەدا سەربکەوێ و خۆی لەو هەموو قەرزە ڕزگار بکا کە بەسەرییەوە بوو. لە ئەنجامیشدا، بە ڕاشکاوییەوە کشایەوە قاوغی خۆی و تەنانەت (ئیستانبووڵ ) یش کەوتە ژێر دەسەڵاتی هاوپەیمانەکانەوە.

# هاوار

( تۆفیق وەهبی ) کە ئەفسەرێکی سوپای عوسمانلی بووە، لە شەڕی تورک دژی ئەلبانەکان بەشداریی کردووە، جارێک بۆی گێڕامەوە کە ئەفسەرە تورکەکان، پاش ئەو هەموو شکانەی بەسەریاندا هاتبوو، لە شەڕی یەکەمدا، دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکرد کە دەیانوت: "شمدیە قەدەر، کوردن ئەفەیلر بزدندر - یەعنی هیچ نەبێ ئێمە هێشتا هەر ئاغاو ئەفەندیی کوردەکانین ".

(ئەمین زەکی بەگ)ی مێژوونووسی گەورەی کورد، کە ئەویش ئەفسەرێکی ناسراوی ناو سوپای عوسمانی بووە، فەرموویەتی: " ئێمەی کورد لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بە خۆمان دەوت ئێمە عوسمانلین، بەڵام کە تورکەکان وتیان ئێمە تورکین، ئەوجا ئێمە وتمان ئێمە کوردین. بەڵام بە داخەوە، تورکایەتییەکەی ئەوان مایەوەو بۆیان سەری گرت و کەچی کوردایەتییەکەی ئێمە، بەهۆی ناکۆکی و ناتەبایی نێوان خۆمان لەناوچوو".

پاش ئەم کورتەباسەی لەسەر عوسمانلیەکان، دەچینە سەر باسی ڕووداوەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و باسی ئەو (علمانییەتەی) کە لە دواییدا تورکەکان کردیان بە دروشمی سیاسیی خۆیان.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بە دواوە، کە باری ئابووری و ئاسایشی ناو وڵاتی عوسمانی لاواز بوو، باری دەرامەت و ژیانی هاووڵاتییان تەواو پەریشان بوو. ئیتر هاواری بێزاری، لە زۆر لاوە بەرز بووبووەوەو خەڵکی داوای ( ئیسلاحاتی دەستووری )یان بۆ باشکردنی باری ژیانی دەوڵەتی عوسمانلییان دەکرد.

لە ساڵی ١٨٩٧ دا تاقمێ لە ناسیۆنالیستی تورک ڕێکخراوی ( ئیتحادو تەرەقی )یان پێکەوە ناو داوایان لە سوڵتان کرد کە باری وڵات باش بکاو لە فەرمانبەری دەستپیس ڕزگاری بکا. (سوڵتان عبدالحمید)یش سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوەی پەرەوازە کردو تا لە ساڵی ١٨٩٩، (داماد مەحموود پاشا)ی زاوای سوڵتان عبدالحمید لە دەوڵەت تۆراو خۆی و هەردوو کوڕەکەی (سەباحەددین و لوتفوڵلا) خۆیان گیاندە پاریس و لەوێ ڕۆژنامەی ( ترقی )یان دەرکردو دەستیانکرد بە دژایەتیکردنی دەزگاکانی دەوڵەت، تا لەساڵی ١٩٠٨ تاقمی (ئیتحادو تەرەقی ) لەناو وڵاتدا بەهێز بوون و توانییان سوڵتان ناچار بکەن کە (مەشروتییە ) قبووڵ بکا.

زۆری پێ نەچوو (ئیتحادو تەرەقی) لە ناو خۆیاندا تێکچوون و بوون بە دوو بەشەوە. تاقمی یەکەم بە سەرۆکایەتیی (سەباحەددین) بوو کە ڕێکخراوەکەی خۆیان ناونا ( تەشەبوسی شەخسی و عەدەم مەرکەزییەت جەمعییەتی ). بەپێی پێڕەوو پرۆگرامی ئەو ڕێکخراوە، هەموو هاووڵاتییانی عوسمانلی

# علمانییەتی تورک و ئەتاتورک

یەکسان بوون و هەر ناوچەیەکی ولاتی عوسمانلی دەزگایەکی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی پێکدەهێنا. وەک (شێوە لامەرکەزییەتێک. بەلام تاقمەکەی تر، بە سەرۆکایەتیی (ئەحمەد رەزا بەگ)، سووربوون لەسەر ئەوەی دەبووایە هەموو دەسەلاتێک بەدەستی مەرکەزەوە بێ و دەبووایە حسابێکی تایبەت و جیاواز بۆ ئەوانە بکرێ کە بە رەگەز تورک بوون و لەسەر ئەندامەکانی پێویست بوو بۆ ئەوە خەبات بکەن نەتەوەکانی تری ناو دەولەتی عوسمانلی، لە بۆتەی نەتەوەی تورک دا بتوێننەوە، کە ئەمە سەرەتایەکی ئاشکرا بوو بۆ دەرخستنی مەبەستی راستی ئەو رێکخراوە کە لەدواییدا رێبازێکی توندوتیژی گرتەبەرو لەدوای شەڕی جیهانیی یەکەم، لەلایەن کەمالییەکانەوە ئەو رێبازە بۆ دروشمی (علمانییەت) و زۆری پێ نەچوو تاقمی دووەم بەسەر ئەوانی تردا سەرکەوت کە ناچار کران رێکخراوەکەیان هەلبوەشێننەوە.

ئەو سەرچاوانەی چوونەتە بنج و بنەوانی (ئیتحادو تەرەقی)یەوە، بۆیان دەرکەوتووە کە هەرچەندە ئەو رێکخراوە لەلایەن چەند رەگەزپەرستێکەوە دروست بووەو بڕێوە براوە، بەلام لە راستیدا هێزێکی تر هەبووە لە پشتی پەردەوە نەخشەی بۆ کاروبارەکانی کێشاوە، کە هەندێ سەرچاوە هەن لەو رووەوە ئاماژەی بۆ ماسۆنی و زایۆنیزم یش کردووە. بۆ نموونە، (پاتریک کیمرۆس) لە کتێبەکەیدا (ئاتاتورک) چاپی لەندەن، سالی ١٩٩٤، دەربارەی (ئیتحادو تەرەقی) دەلێ: "ئەندامانی ئەم رێکخراوە هەروەکو ئەندامانی مەحفەلی ماسۆنی، هەلدەبژێران و ئەوەی دەبوو بە ئەندام دەبوو بە چاوی بەستراوەوە سوێند بە قورئان یا ئینجیل بخوات (نووسەر باسی ئەوەی نەکردووە ئەو جوولەکەیەی دەبوو بە ئەندام، بە چی سوێند دەدرا — هاوار) بۆ ئەوەی ئەوانە نەناسێتەوە کە لەبەردەمیاندا سوێندی دەخواردو هەر ئەندامێک نهێنییەکانی رێکخراوەکەی ئاشکرا بکردایە دەکوژرا."

لە راستیدا، جگە لەو شێوە ماسۆنییەتەی ئەو نووسەرە باسی لێوە کردووە، زۆریش لە شێوەی هەلبژاردنی ئەندامانی رێکخراوی (کاربۆنار)ی ئیتالیایی دەچێ کە لە دواییدا بوو بە حزبە فاشییەکەی کە (مۆسۆلۆنی) سەرۆکی بوو.

دکتۆر (رامزور) لەو باسەدا کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی سالی ١٩٨٨ دا لە بەغدا کراوە بە کوردی، بە دوورو درێژی باسی چالاکیی ماسۆنییەکانی ناو(ئیتحادو تەرەقی)ی کردووە کە چاکترینیان (ئیبراهیم تمۆ)ی ئەلبانی بووە.

## هاوار

دکتۆر ( قەیس جواد ئەلعەزاوی )یش لە کتێبەکەیدا ( دەوڵەتی عوسمانی ) چاپی ساڵی ١٩٤٤ لە فلۆریدا، بە تێروتەسەلی باسی هەوڵ و کۆششی ئەوروپاییەکانی کردووە بۆ سەرگرتنی بەرنامەکانی (ئیتحادو تەرەقی ) و بووژانەوەیان و بەهێزکردنی هەستی تۆرانی لە ناو تورکدا، بە مەبەستی دوورخستنەوەیان لە ڕێبازی ئایینی ئیسلام. دکتۆر ( قەیس ) لە هەمان کتێبدا باسی لە (ئەرمینۆس ڤامبری ) کردووە کە زایۆنزمێکی هەنگاری بووەو جل و بەرگی دەروێشیی پۆشیوەو بە ناوچە تورک نشینەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا گەڕاوەو کتێبێکی بە ناوی ( گەشتی دەروێشێک بە ناو ئاسیای ناوەڕاستدا ) چاپکردووەو لەو کتێبەدا داوای لە هەموو تورکێک کردووە لەژێر دروشمی (پان تۆرانیزم )دا یەک بگرن، بۆ ئەوەی تونای ئەوەیان هەبێ، هەر لە دەریای (ئیجە )وە تا ناوەڕاستیئاسیا، بەدەست خۆیانەوەبێ و نەیەڵن رووسی قەیسەری لەو ناوچانەدا دەسەلاتیان هەبێ و خۆیشیان لە هەستی ئیسلامەتی دووربخەنەوە کە بووە بەهۆی دواکەوتنیان.

دکتۆر قەیس، لە باسی کارتێکردنی ئەو کتێبەدا دەڵێ: " ناوەڕۆکی ئەو کتێبە بووبوو بە ئینجیل و تەوراتی تاقمی (ئیتحادو تەرەقی )و زۆری وەکو (زیا کۆک ئەلب )و (یوسف ئاقشۆر)و (ئەحمەد فایق )و ( خالیدە خانم ) تەواو سەرگەرمی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە بوون و بە زنجیرە لە ڕۆژنامەکاندا لەسەریان دەنووسی.

دکتۆر قەیس ئامارەی بۆ کتێبی نووسەرێکی تر کردووە، ( سیۆلیۆن کۆهین )، کە زایۆنستێکی فەرەنسایی بووە لەوێر ناوی (رەگەزی تورک لە مەنگۆلیا )، ئەو کتێبە لەلایەن ئەنجومەنی زانیاریی فەرەنساوە، لە زمانی فەرەنسییەوە کراوە بە تورکی و لەلایەن ئەو ئەنجومەنەوە چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوەو ئەمیش هەر وەکو ئەوەی (ڤامبری)، داوای لە تورک کردووە بچنەوە سەر ڕێبازی باوو باپیرانی خۆیان و لە ڕێبازی ئایینی ئیسلام لادەن و پێی وتوون، هەتا واز لەو ئایینە نەهێنن بەتەمای ئەوە نەبن ببن بە دەوڵەتێکی پڕ هێزو توانا. دکتور رەزا نووری و زیا کۆک ئەلب لە ڕۆژنامەکاندا برگە گرنگەکانی ئەو کتێبەیان بڵاوکردۆتەوە. بەو جۆرە روون دەبێتەوە چۆن هەستی رەگەزپەرستی کوێرانەو تۆرانچێتی، بەهۆی (ئەتنۆلۆژی )یەکانی ماسۆنی و زایۆنیزمەوە رەگی داکوتابوو. کەسێکی وەکو (مازم بەگ ی سکرتێری (ئیتحادو تەرەقی ) دانی بەوەدا نابوو، لە دارشتنی ناوەڕۆکی بەرنامەو پەیرەوییەکانی (ئیتحادو تەرەقی )دا سوودێکی زۆری لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی ( ڤامبری ) وەرگیرابوو. بەهۆی ئەوە خرابووە مێشکی رەگەزپەرستەکانی تورکەوە کە

# علمانییەتی تورک و ئەتاتورک

زمانەکانی هەموو میللەتانی جیهان لەسەر بناغەی زمانی تورکی دارێژراوە (بەمە گوتراوە نەزەرییەی ڕۆژ، کە دورفیە محەممەد عەلی عەونی لە کتێبەکەیدا ((کوردو عەرەب)) بە کورتە باسێکی ئەو نەزەرییەی ڕۆژەی خستۆتە بەر چاو ).

دکتۆر قەیس باسی ( نامیق کەمال و عەبدولحەق حامد )ی دوو شاعیری ناسراوی ئەو سەردەمەی تورکی کردووە کە چۆن هەردووکیان لە ژێر ناوی پاکژکردنی زمانی تورکی لە وشەی بێگانەدا دژی ئایینی ئیسلام دواون و بیری ڕەگەزپەرستییان لە ناو خەڵکدا بڵاوکردۆتەوە.

دەربارەی ئەوە بیرم دێ وەختی خۆی، لە ( جەلال سائیب ) گۆڤارێکی تورکیی ئەو سەردەمەی لابوو. لە لاپەڕەیەکیدا وێنەی حوشترێکی تیا بوو تەپاڵەی کردبوو لە شێوەی پیتە عەرەبییەکانی وەکو ( ص . ض . ط . ظ . ع . ق ) و لەژێریا بە تورکی نوسرابوو: هەیدی هەیدی عەرەبستانە گیتتی ).

بێکومان ڕۆشنبیرانی هەموو میللەتێک هەوڵی ئەوە دەدەن زمانی میللەتەکەی خۆیان لە وشەی بێگانە بژار بکەن، بەڵام بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیی کوێرانەی دژ بە میللەتانی تر شتێکەو پاکژکردنی زمانێ لە وشەی بێگانە شتیکی ترە.

تاقمی ( ئیتحادو تەرەقی )، بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، چەند لیژنەیەکیان هەبووە، وەکو سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کردوون:

١- لیژنەی مەملەکەتی تورک تورک یوردی ) بۆ بایەخدان بە ئەدەب و زمانی تورکی و دانانی ئەلفبایەکی تایبەتی وەکو پیتی لاتینی بە مەبەستی خۆدوورخستنەوە لە پیتی عەرەبی کە قورئانی پێنووسراوە، بۆ دوورکەوتنەوە لە هەستی ئایینی ئیسلام و بەکارهێنانی ئەو وشانەی لە مەنکولیدا دەتوانرێ مانای ئەو وشە بێگانانەی پێ بگێڕێتەوە.

نووسەرێکی ئەمریکایی ( لوتەر . ب ) لە باسێکیدا دەربارەی ئەو تورانچیتی و ڕەگەزپەرستییەی (ئیتحادو تەرەقی )و لیژنەکانیدا وتوویەتی: " بە زۆرەملێ کردنی میللەتانی تری وڵاتی عوسمانی بە تورک و قەدەغەکردنی هەستی نەتەوایەتیی ئەو میللەتانەو بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێک دەربارەی ژیانی تەیموری لەنگ و هۆلاکۆو جەنکیزخان، کە ناوبانگیان لای زۆر لە میللەتان خراپ بووە، لەلایەن ڕەگەزپەرستەکانی (تورک یوردی ) (تورک قلیجی — شمشیری تورک-)ەوە، ئەمانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی کە دوژمنێکی زۆریان لەناو میللەتانی تردا بۆخویان پەیدا کردو ئەو میللەتانەی ساڵەها

هەواڵنامەی کتێب

بوو، به دڵ و گیان لەگەڵیاندا بوون، دڵیان لێیان ڕەنجاو کەوتنە دوژمنایەتییەکی زۆر بەهێز لەگەڵیانداو ئەنجامەکەی بەوە گەیشت، لەدوای شەڕی جیهانی، ئەوی دەرفەتی هەبوو جیا بۆوەوە، کە بەوە زیانێکی زۆری لێکەوت ."

ئینگلیزەکان بو لاوازکردنی پاشماوەی خلافەتی عوسمانی، یونانییەکانیان هاندا پەلاماری (ئیزمیر) یانداو شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرساو فەرەنساییەکان و ئیتالیاییەکان دژی ئەو هەڵوێستەی ئینگلیز بوون بە لایەنگری کەمالیەکان و لە ئەنجامدا، کەمالییەکان توانییان ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردو ناسراوانی کورد لە کۆنگرەی ئەرزرووم و سیواس دا بکەن بە ئەندام و ترسی ئەوەیان خستە دڵیانەوە کە نیاز وایە جکومەتێکی ئەرمەنی پێک بێ، کە بەشێک لە ناوچە کوردییەکانیش بخرێتە چوارچیوەی ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییەوە. بۆیە ئەو کوردانە، بەدڵ و بە گیان هاوکارییان لەگەڵ کەمالییەکان کردو لە شەڕی یونانییەکان بەشدار بوون و ساتێک سەرکردەی ئەو سوپای تورکەی یونانییەکانی لە ( ئیزمیر ) دەرکردبوو پەردەی لە رووی سەربازی نەناسراو لابردبوو. بانگی کردبوو و وتبووی: " بێگومان ئەم سەربازی نەناسراوە کورد بووە".

ئەوەی شایانی باسە، شان بە شانی ئەو کوردانەی بووبوون بە لایەنگری کەمالییەکان، گەلێک سەرکردەو رۆشنبیری تری کورد هەبوون بۆیان دەرکەوتبوو (مستەفا کەمال) دەستی کورد دەبڕێ و بە هیچ شێوەیەک نابێ بە دۆستی کورد بژمێررێ. لەو رۆژانەی شەڕی یونانیەکان، بنەماڵەی (بەدرخانییەکان) و کوڕانی (جەمیل پاشا )ی دیاربەکرو ( مستەفا پاشا یامولکی — کە کەمالییەکان پێیان وتووە مستەفا نەمروود ) و گەلێکی تر هەوڵی ئەوەیان دابوو پەیوەندی بە یونانییەکانەوە بکەن، بۆ ئەوەی هاوکارییان لەگەڵدا بکەن دژی مستەفا کەمال. بەڵام ئینگلیزەکان ڕێگەیان لەو هاوکاریکردنە گرتووە کە بەڵگەنامەکانی وزارەتی دەرەوەی بریتانیا، بە دوورو درێژی باسی ئەو تەقەللای ڕێگرتنەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کردووە. بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکە کە ئینگلیزەکان ویستبوویان تورک لاواز بکەن، بەڵام نەیانویستبوو مستەفا کەمال لەناوبچێ، چونکە بە پێی نەخشەی خۆیان، کارێکی گرنگیان بە مستەفا کەمال سپاردبوو کە برێتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی خلافەت و دامەزراندنی بناغەی ئەو دەزگایەی تا ئیمڕۆش هەر ماوە، کە پێی دەڵێن (علمانییەت)و لە راستیشدا لە ڕێی مستەفا کەمال و تاقمەکەیەوە، ئینکلیزەکان بە مەبەستی خۆیان گەیشتن.

ئینگلیزەکان وەختی خۆی، بەر لە (پەیمانی بلفۆر)، بەڵێنیان بە زایۆنیزمی جیهانی دابوو کە بواری

دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتییان بۆ بدرێ، لە بەر ئەوەی لەو سەردەمەدا لە توانادا نەبوو ئەو حکومەتە لە فەلەستین دا پێک بێ. بیریان لەوە کردەوە لە ( قوبرس ) ئەو حکومەتە کاتییە دامەزرێنرێ و تەقەللایەکی زۆریان لەگەڵ سولتانی عوسمانی دا نواند، بەلام سولتان لە ترسی وروژانی هەستی ئایینی لەناو موسوڵمانەکاندا نەیوێراوە پەسەندی بکا. بۆیە دوای ئەوە نەخشەی ئەوە کێشرا لە هەڵ و دەرفەتێکی لەباردا خلافەت هەڵوەشێنرێتەوەو باشترین کاتیش ئەوەی دوای شەڕی یەکەم بوو کە خەلیفە لە ئیستەنبوول دا لەژێر چاودێریی هاوپەیمانەکاندا بوو، ئیتر کاتی ئەوە هات یەکێکی وەکو مستەفا کەمال بەو کارە هەڵبستێ. ئینگلیزەکان سوور دەیانزانی، ئەکەرچی کەمالییەکان لە شوورەوی نزیک بووبوونەوەو پەیمانێکی دۆستایەتییان مۆرکردبوو، بەلام زۆر باش دەیانزانی دەتوانن بە ئاسانی مستەفا کەمال بهێننە ژێر رکێفی خۆیانەوەو ئەو کارەی پێ جێبەجێ بکەن و دەستیانکرد بە بە جیهانیکردنی ئەو نەخشەیەی دەیانویست لەگەڵ مستەفا کەمال دا بەکاری بهێنن و ئاگاداریان کرد کاتی ئەوە هاتووە خۆی لە شوورەوی دوور بخاتەوەو دەست بە هەڵوەشاندنەوەی خلافەت بکا. بەرامبەر بەمە، ئەوانیش دەستبەرداری مافی کوردو ئەرمەن دەبن و ئامادەن چاو بە ماددەکانی ( سیڤەر )دا بخشێنرێتەوەو پەیمانێکی نوێ بهێنرێتە کایەوەو پیلانی بەستنی کۆنگرەی ( لۆزان ) دەستی پێکردو لەو کۆنگرەیەدا مافی کوردو ئەرمەن زیندەبەچاڵ کرا.

لە راستیدا هەرچەند سیاسەتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان — بە تایبەتی سیاسەتی بریتانیا — هۆی سەرەکی بوو بۆ لەکیسچوونی ئەو هەلەی بۆ کورد رەخسابوو، بەلام کورد خۆیشی تاوانبار بووە بەهۆی ئەو دووبەرەکی و ناکۆکییەی لە نێوان تاقمی ( شێخ عەبدولقادری شەمزینی ) کە بە مافی ئۆتۆنۆمی قایل بوون لە چوارچێوەی خلافەتی ئیسلامی عوسمانیدا کە هێشتا وەکو رەمزێک لە ئیستەمبوولدا مابوو، لەکەڵ هەڵویستی زوربەی رۆشنبیرانی ئەو رۆژانە، بە سەرکردایەتیی بنەماڵەی (بەدرخانیەکان )، کە سووربوون لەسەر سەربەخۆیی کوردستان. مستەفا کەمال سوودێکی زۆری لەو ناکۆکییە دەسگیر بوو، توانی ژمارەیەکی زۆر لەو سەرۆک عەشیرەتە کوردانە بەوە بترسێنێ، ئەگەر پەیمانی ( سیڤەر ) دەربارەی دامەزراندنی حکومەتێکی ئەرمەنی سەربکرێ، ئەوا بەشی زۆری ناوچەکانی ئەوان دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەو حکومەتی ئەرمەنەوە.

ساتێ لە کۆبوونەوەی ( لۆزان )دا باسی کورد کرا، بریار درا داوا لەو کوردانەی لە ئەنجومەنەکەی مستەفا کەمال دا بوون بکرێ کە ئایا کورد دەیەوێ لە تورکیا جیابێتەوە؟. مستەفا کەمال بە بەڵێنی

دڕو هەڵیخەڵەتاندن و لە خشتەی بردن و قایلی کردن بەوەیَ تورک و کورد یەکسان دەبن. تلگرافێکی بە کوردەکان — کە ( حوسین عەونی )ی نوێنەری ئەرزرووم یەکێک بوو لەوانەی ئەو تلگرافەی مۆرکردبوو — لێیدا بۆ ( لۆزان ) کە کورد و تورک بران و نایانەویَ لێکجیابنەوە. بەو جۆرە، لە پەیمانی لۆزان دا، ئەو مافی کوردەی لە دوکیومینتی سیڤەر دا تۆمارکرابوو پشتگوێ خراو زۆری پیَ نەچوو، مستەفا کەمال دەستی بە کوشتنی کورد کرد. ساتیَ (حوسەین عەونی ) بۆی دەرکەوتبوو چ کەتنێکی کردبوو دەربارەی دواڕۆژی میللەتی کورد، لە پێش مردنیدا وەسێتی کردبوو کە مرد هەرکەسیَ بەلای گۆڕەکەیدا تێپەڕیکرد تفیَ لە گۆڕەکەی بکا ( تۆ بلێی لە نێو ئەوانەی خیانەت لە کورد دەکەن، هیچ نەبیَ ئەو غیرەتەی حوسەین عەونی بیانگریَ و ڕوویان بیَ وەسێتێکی وەکوئەوەی ئەو بکەن؟؟ ).

لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ دێتە پێشەوە: "بۆچی لە کاتی گفتوگۆی ( لۆزان )دا دەربارەی چارەنووسی کورد، پرسیار تەنها لەو کوردانە کراوە کە لە ئەنجومەنەکەی مستەفا کەمال دا بوون، لەگەڵ ئەوشدا بەڵگەنامەکانی حکومەتی بریتانیا باسی ئەوەیان کردووە کە ئەوانەی لایەنگری بۆچوونەکانی بنەماڵەی بەدرخان بوون، هەمیشە داوای سەرخۆبوونی کوردیان کردووە، کەچی بە هیچ جۆریَ پرس بەو کۆمەڵگا فراوانەی کورد نەکراوە؟". لام وایە وەرامی ئەم پرسیارە لە ناوەڕۆکی ئەو نەخشەیەی ئینگلیزدا دەبینریَ کە نەک تەنها لەوەی ( لۆزان )دا، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون حکوومەتێکی کوردی سەربەخۆ بێتە دامەزران. ئینگلیزەکان چەندین جار ڕێگەیان لە کورد گرتووە کە هیچ جموجوڵ نەکەن و داوایان لێکردوون کە تەنها پشت بە عەدالەتی بریتانیا ببەستن، هەروەکو لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانیاندا بە دوورودرێژی باسی ئەوەیان کردووە.

دوای باسی دەوڵەتی عوسمانی و ئیتحادو تەرەقی، بچینە سەر باسی ڕێکخراوێکی تر کە مستەفا کەمال دایمەزراندووە بە ناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی میللی ) و علمانییەت ئەرکی سەرەکی بووەو جمهورییەتەکەی پیَ پاراستووە.

## مستەفا کەمال کیَ بووە؟

زوربەی ئەو سەرچاوانەی لە ژیانی مستەفا کەمال یان کۆڵیوەتەوە، لەوە دواون کە ئەو مرۆڤە، هەتا دوایین ڕۆژی ژیانی، بە گومان بووە دەربارەی ئەوەی کیَ باوکی ڕاستەقینەی بووە !. ئەو گومانەی

# علمانییەتی تورک و ئەتاتورک

هەمیشە وەکو گرێکوێرەیەک وا بووە لە مێشکیدا پەنگی خواردۆتەوە.

دکتۆر نووری رەزا کە زۆر لێیەوە نزیک بووەو دوستێکی گیانی بەگیانیی یەکتر بوون، پزیشکێکی ناسراوو سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگ بووەو سەرۆکی ئەو وەفدو لیژنانە بووە کە بە ناوی حکوومەتی مستەفا کەمالـەوە پەیمانی دۆستایەتیی نێوان تورک و سۆڤیەتی ئەو سەردەمەی مۆر کردووە. هەر وەها لە پەیمانی (لۆزان)یشدا جێگری ( عیسمەت ئینۆنۆ) بووە. لە لاپەرە ٥٧ ی بەرگی سێ ی یادداشتەکانیدا دەربارەی مستەفا کەمال نووسیویەتی: " کاتی خۆی لە ( سالونیک ) لە قوتابخانەی سربییەکاندا قوتابییەکی منداڵ هەبووە بە ناوی ( مستەفا ) کە عەلی رەزا کردبووی بە کوڕی خۆی.

لە چاپی نوێی ئینسکلۆپیدیی فەرانسی ( لاروس )دا دەربارەی مستەفا کەمال نووسراوە کە: " ناوی باوکی راستیی مستەفا کەمال ( ئەلپوماک ) بووە، ( تورانییەکان ) گوتوویانە ( عەلی رەزا ) باوکی مستەفا کەمال بووە. پیرەکانی ( تسالیا ) گوتوویانە ( زبێدە )ی دایکی مستەفا کەمال لە مەیخانەیەکی شاری ( تسالیا )دا کاری کردووە، تا رۆژێک گەنجێکی خەڵکی شاری (یەنگی شەهر) کە ناوی ( ئابدوش ئاغا ) بووە زبێدەی بردووە بۆ شارەکەی خۆی و مستەفای کوڕیشی لەگەڵدا بووە کە تەمەنی پێنج ساڵ بووە".

دکتۆر نووری رەزا لە یادداشتەکانیدا سەرنج و بۆچوونی خۆی دەربارەی رەگەزی مستەفا کەمال بەم جۆرە باس کردووە:

١- لە رووی ئەنتروپۆلۆژییەوە: بە پێستی سپی و چاوی شینی و سەرو کەللەیا، مستەفا کەمال لە جۆری ( دوکیلوسڤاڵ ) دەچێ. لەبەر ئەوە، زۆر دوورە لەوەوە کە رەگەزتورک بووبێ.

٢- لەدایکبوونی منداڵێک لە جۆری (دوکیلوسڤاڵ) لەگەڵ جۆری (پراکتیکاڵ)ی عەلی رەزا و زبێدەی دایکی یەک ناگرێتەوە.

٣- خۆدوورخستنەوەو بێدەنگبوونی لە باس و لە ناوهێنانی باوکی بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە نەیزانیوە باوکی خۆی بەراستی کێ بووە.

نووسەرێکی تر ( فالح رەفعەت ) کە ئەمیش زۆر لە نزیکەوە ئاگای لە ژیانی مستەفا کەمال بووە، لە کتێبەکەیدا ( جان قەیا )، کە ناوی ئەو کۆشکە بووە لە ئەنقەرە کە مستەفا کەمال لە ئەنقەرە تا کۆتایی ژیانی کاتی تیا بەسەر بردووە دەڵێ: "مستەفا کەمال لە هەموو ژیانیدا، رۆژێ لە رۆژان بایەخی بە باسی باووباپیری نەداوە. جارێکیان وێنەی ئەفسەرە تورکەکانی ( سالونیک )یان

## هاوار

پیشاندا که ( عەلی رەزا )یشی تیا بوو، زۆر بە گومان بووە لەوەی ئەو کابرایە باوکی ئەو بووبێت، لەهەمووی سەیرتریش ئەوە بوو، جارێک چرپاندی بە گوێمداو پێی وتم: " کەی ئەوە باوکی من بووە . . . ؟!". هەمان نووسەر دەڵێ: " مستەفا کەمال هەر لە کەنجیەوە بوو بە ئەفسەرو زوربەی رۆژانی ژیانی ئەو کەنجیتیەیشی لە ( بەک ئوغلو )دا بردەسەر کە شوێنی بەرەلایی و رابواردنی هەمەجورەکان بوو. کە نێررایە شام لەوێ شوینی وەک ( بەک ئوغلو )ی لێ نەبوو، ئیتر دەستیکرد بە خواردنەوەیەکی بێ پشوودان و بوو بە کابرایەکی مەست و تا مردن نەیتوانی خۆی لەخووە رزگار بکا".

دەربارەی ئەو هەمیشە حەز لە خوارنەوەیەی مستەفا کەمال دیار بوو، رووسەکان دەیانناسی و باش شارەزای بووبوون، بۆیە دوای مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتیی نێوان تورک و سۆڤیەت، ( لینین ) کارگەیەکی ( ڤۆدکا )ی بە دیاری بۆ نارد کە ئەمە لە پەیماننامەکەی نیوانیشیاندا هاتۆتە باسکرن.
( پاتریک کینروس ) لە لاپەڕەی ٣٦٥ ی هەر هەمان کتێبی ( ئەتاتورک )ەکەیدا باسی هەڵوێستە لەیەکنەچووەکانی مستەفا کەمال ی بەم جۆرە کردووە: " لەلایەکەوە دەیویست لای موسوڵمانەکان خۆی بکا بە پاڵەوان و پاریزگاری ئایینی ئیسلام و بەناوی خۆیەوە رایدەسپارد لەسەر منارەی مزگەوتەکانەوە جاری پیرۆزیی ئایینی ئیسلام بدرێ ، کەچی لەلایەکی ترەوە، لەلای هەندێ کەس دەیگوت: لەمەودوا ئیتر پێویست ناکا نوێژی جومعان بە زمانی عەرەبی بێ، بەڵکو دەبێ بە تورکی بێ و مەرجیش نییە وەعز تەنها هەر لەلایەن خەلیفەوە دەرچێ".
هەمان نووسەر چەند قسەیەکی مستەفا کەمال ی بلاوکردۆتەوە کە بۆتە هۆی هەراو کێشەیەکی زۆر لە نێو خەڵکیدا، کە گوتبووی:" جارێکیان لە ئەنادوڵیا لە سەربازێکم پرسی خودا کێیەو لەکوێ دەژی ؟ سەربازەکە لە وەرامدا گوتی مستەفا کەمال خودایەو لە ئەنقەرە دەژی. کە پرسیارێکی ترم لە سەربازێکی تر کرد، ئایا مستەفا کەمال کێیە؟، لە وەرامدا گوتی مستەفا کەمال سوڵتانە".
نووسەر بەردەوام دەبێ و دەڵێ: " مستەفا کەمال پاش ئەوەی ئاراستەی کوری بە ئاشکرا دەستی بە دژومنایەتیکردنی خەلیفە کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی خلافەت، لە ئیزمیردا — دیارە دوای سەرکەوتنی بووە بەسەر یونانییەکاندا- گوتبووی: " خەلیفە بە تەواوی میللەتی پشتگوێ خستووە، خەڵکی ناچار بووە ( . . . )دا بژی و کەچی خۆی لە کۆشکەکانیدا بە ئارەزووی خۆی رادەبوێرێ!!".
دەربارەی دووڕوویی مستەفا کەمال، نووسەری کێبی ( پیاوی بت )، چاپی بەیرووت، ساڵی ١٩٩٢،

# علمانییەتی تورک و ئەتاتورک

لاپەرە ۲۷۳، ئاماژەی بۆ وتارێکی ئەو کردووە لە ریزی ئەو زنجیرە وتارانەی بەناوی (نطق)، لە ئەنجومەنی میللیی تورکی دا تۆمارکراوە، لەو وتارەدا گوتوویەتی: " بە یارمەتیی خوداو لوتفی خودا، رۆژی جومعە رێکەوتی ۱۹۲۰/٤/۲۳ لە دوای نوێژ دەست دەکرێ بە کردنەوەی مەجلیسی میللی. کردنەوەی مەجلیس لەو رۆژە پیرۆزەدا نیشانەی بەرزیی ئەو رۆژەیە لە ئاییني ئیسلامدا، کە خێرو بەرەکەت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و بە نوێژکردنمان لە مزگەوتی (حاجی برایم) سوود لە بەرەکەتی خودا وەردەگرین و دوای سلاواتدان لە پێغەمبەری خۆشەویست هەموومان روو دەکەینە (مەزاری شەریف)و لە ریگادا (ئالای سنجاق) بەرزە کەینەوە. پێویستە لە رۆژی جومعەدا، لەژێر چاودیریی جەنابی والیدا قورئانی شەریف و بخاری بخوێنرێ. هەر کاتێ ناوی سوڵتان هێنرا دەبێ دووعای خێرو سەرکەوتنی بۆ بکرێ".

نووسەری هەمان کتێب، لە لاپەرە ۱۱٦ دا باسی وتارێکی تری مستەفا کەمال ی کردووە لەژێر زنجیرە وتارەکانی ( نطق )، کە دەقی ئەو وتارە لە رۆژنامەی (ئورتو دوغو ) دا لە رۆژی ۱۹۷٤/٤/۲۹ دا بلاوکراوەتەوە، کە گوتوویەتی:" دەمانەوێ لە دوژمنانی داگیرکەران بگیەنین کە خەبات و تێکۆشانمان تەنها بۆ ئەوەیە سوڵتان لەژێر دەسەلاتی ئەو داگیرکەرانە رزگار بکەین ( کە لەو رۆژانەدا ئەسەنبوول لەژێر سایەی هاوپەیمانەکاندا بووە)و مەبەستمان ئەوە نییە دەسەلاتداریی وڵات لە مەقامی خەلیفە جیابکرێتەوە".

هەمان نووسەر دەڵێ: " مستەفا کەمال تا ئەوکاتەی نەبووبوو بە دەسەلاتدارێکی تەواو خۆی بەهێز نەکردبوو، وای لە خەڵک دەگەیاند کە ئەو نۆکەری سوڵتانەو هەرچییەک دەکا بریتییە لە بەجیهانیکردنی خواستەکانی ئەو.

بەلام لە دواییدا، کە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرت، ئەو هەموو ریاکارییەی بۆ سوڵتان دەردەبری و هەموو قسەکانی لە وقائعی مەجلیسی میللی دا بە پیتی عەرەبی تۆمارکرابوو. بەلام لە دواییدا کە خرانە سەر پیتی لاتینی، ئەو قسانەی کە پەیوەندییان بەو ریاکارییەوە هەبوو بۆ سوڵتان، هەموو لابرابوون.

نووسەرێکی تر ( رچارد رالنسن ) لە کتێبەکەیدا ( جمهوری اول ترکی )، وەرگێرانی بۆ فارسی لەلایەن (ئیرج امنی )یەوە، چاپی تاران ۱۳٥٦/٤/۷ باسی وتارێکی تری مستەفا کەمال ی کردووە

## هاوار

کە لە ساڵی ١٩٣٧ دا لە مەجلیسی میللی دا گوتبووی: " هەندێ کەس لەوانەی هەستی ئایینی و سیاسەتیان تێکەڵ بە یەکتر دەکرد، لایان وابوو مانەوەی خلافەت شتێکی باش و پێویست بوو. چەند کەسێکیان پێشنیازیان کردبوو من ببم بە خەلیفە، بەڵام من ئەوەم بە باش نەدەزانی بۆیە پەسەندم نەکرد".

نووسەری ئەو کتێبە دەڵێ: " من لام وایە مستەفا کەمال بە راستی ئەو پێشنیازەی قبووڵ نەکردبوو، لەمەدا لەگەڵ بۆچوونی (قەرە بەکر پاشا )دا نیم کە لە یادداشتەکانیدا گوتوویەتی مستەفا کەمال پڕ بەدڵ حەزی بەوە دەکرد ببێ بە خەلیفە، چونکە خلافەت بە هیچ جۆرێ لەگەڵ خووڕەوشتی مستەفا کەمال دا یەکیان نەدەگرتەوە. لە راستیدا فڕوفێڵ و دەستبڕینی مستەفا کەمال، وەکو سەرچاوەکان باسیانکردووە، ئەوەندە زۆرە لە باسی ناو گۆڤارێکدا تەواو نابێ. لەکاتێکدا لەگەڵ پیاوە ئایینیەکاندا بوو مەرایی بۆ دەکردن، هەروەکو لە هەندێکیاندا وێنەکەیان بڵاوکردۆتەوە بەجوبەو مێزەری ئایینیەوە. لەو رۆژانەدا کە هێشتا تەواو خۆی بەهێز نەکردبوو، لەگەڵ کوردیشدا هەمان هەڵوێستی هەبوو. هەندێ سەرچاوە باسی ئەوەیانکردووە، لە کاتی کۆنفرانسی ئەرزڕووم و سیواس دا، کە هێشتا هەر پێویستیی بە هاریکاریی کورد بووە، لە گەشت و گەڕانەکانیدا، بۆ ئەو مەبەستە، دەستی چەند منداڵێکی هەتیوی کوردی بە جل و بەرگی کوردییەوە گرتبوو لەگەڵ خۆیدا دەیانیگێڕا. هەندێ لە خەڵکی کوردیش گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە مستەفا کەمال کورد بووبێ".

لە پاشکۆی کتێبەکەی ( فەرید بەکی پاریزەر (مێژووی دەوڵەتی عوسمانی )، چاپی بەیرووتی ساڵی ١٩٨١ دا، باسێکی تێروپڕی تێدایە بە پێنووسی ( ئیسماعیل حەقی ) کە تیایدا دەڵێ: "ئینگلیزەکان زۆر باش لە دەماری مستەفا کەمال گەیشتبوون و هەر خۆیشیان پێیانگەیاندبوو. هەر لە ساڵی ١٩١٧ دا، کە سەرکردەی هێزی تورک بووە لە فەلەستین، رێگەی بە سوپای ئینگلیز داوە بەبێ رووبەڕووبوونەوە هاتوچۆ بکەن و ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوتبوو پێویستیان بە کەسێکی وەکو مستەفا کەمال هەبووە کە خلافەتی عوسمانییان بۆ هەڵوەشێنێتەوە".

لە راستیدا ئینگلیزەکان تەنها هەر لەگەڵ مستەفا کەمال دا پەیوەندییان نەبووە، بەڵکو لەگەڵ رەزا شاشدا پەیوەندییان هەبووە. وەکو چۆن مستەفا کەمال یان پێگەیاندبوو، رەزا شاشیان بۆ ئێران پێگەیاند، بۆ ئەوەی بێجگە لەوەی بیکەن بە دەسەڵاتدارێکی بەهێزی رێگر لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکسی لە ناوچەکەدا، کردبووشیان بە دۆستێکی گیانی بەگیانی لەگەڵ مستەفا کەمال داو ئەویشیان خستبووە سەر باری (علمانییەت ) و هانیاندابوو لاسایی مستەفا کەمال بکاتەوە.

کە پەیمانی (سەعەد ئاباد) لە ساڵی ١٩٣٧ دا مۆرکرا، تورک و ئێران دوو ئەندامی بەهێزی ئەو پەیمانە بوون. ئەو پەیمانە لە بەرهەمەکانی بریتانیای ئەو رۆژانە بوو بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئەمریکاییەکان، بەڵام ساتێ ئینگلیزەکان بەوەیان زانی رەزا شاه خەریکی پەیوەندیکردن بووە بە ئەڵمانەکانەوە، ئیتر لایانبردو کورەکەیان — کە بە شێوەیەکی تر پەروەردە کردبوو — کرد بە جێنشینی ئەو.

نووسەری کتێبی (پیاوی بت) لە لاپەرە ٢٩٤ دا باسی ئەوەی کردووە چۆن مستەفا کەمال داخوازییەکەی حکومەتی بریتانیای بەجێهێناو رۆژی ٣٠/تشرینی دووهەم/١٩٢٣ دا ئیعلانی جمهوری کراو بە دەنگدانی (١٥٨) ئەندامی پەرلەمان مستەفا کەمال کرا بە سەرۆکی کۆمارو هەر وەکو هەمان بوو مەرایی بۆ دەکردن، هەروەکو لە هەندێکیاندا وێنەکەیان بلاوکردۆتەوە بە جوبەو مێزەرِی نووسەر لە لاپەرە ٣٠١ ی کتێبەکەیدا باسی کردووە، دوای هەڵوەشاندنەوەی خلافەت و بوونی مستەفا کەمال بە سەرەک کۆمار، یاسایەک دەرچووە کە بریاری تیادا دراوە هەرچی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی سەر بە مستەفا کەمال نەبوو هەمووی قەدەغە کراو دەستیش کرا بە کوشتاری کوردو قەدەغەکردنی هەموو دەزگاو رێکخراوە ئاینییەکان.

دەربارەی (علمانییەت)ی مستەفا کەمال و تاقمەکەی، (سەبری ئەفەندی) لە کتێبەکەیدا (موقف العقل و العلم و العالم من رب العالمين) گوتوویەتی: " مستەفا کەمال ئەوەندە سەرگەرمی دژایەتی بوو بەرامبەر بە ئیسلام (ئەوەی ئیمرۆ رژێمی تورک پێی دەڵێ علمانی)، ساتێ کۆنگرەی وڵاتە ئیسلامییەکان لە قدس بەسترا، ئەو قایل نەبوو بەوەی حکومەتەکەی تیا بەشدار بێ، چونکە تورکیای بە وڵاتێکی ئیسلامی نەدەزانی و ساتێکیش کۆنگرەی وڵاتانی ئاسیایی لە (دەلهی) بەسترا، دیسان تورکیا بەشداریی نەکرد، چونکە مستەفا کەمال دەوڵەتەکەی بە دەوڵەتێکی ئاسیایی نەدەژمارد".

لە راستیدا ئەوەی (سەبری ئەفەندی) دەربارەی مستەفا کەمال و کەمالیستەکان و میراتگرانی گوتوویەتی، کە چییان کردووەو دەیکەن، بە یەکێ لەو باس و گێرانەوە راستییانە دەژمێررێ کە تورکەکان چەند تەقەللاو کۆشش دەکەن نە بە دان و نە بە نینۆک بۆیان ناسرِێتەوە. کە دەڵێ: رۆژی هەینییان گۆریوە بۆ یەکشەممەو شەفقەیان لەسەر کردووەو دژایەتیی ئیسلامیان کردووەو لەچکی سەری ئافرەتیان قەدەغە کردووەو کچی قاوقچییان بە بیانووی لەچکەکەی لە پەرلەمان دەرکردووەو بەشی (ئەدرنە)یان کردووە بە ئەورووپاو گەلێک هەڵوێست و رەفتاری تری دوور لە



هەولێرنامەی کتێب

رۆشنبیریان نواندووه بۆ خۆنزیککردنەوەیان لە ولاتانی رۆژئاوا، کە کەڵکی نەبووە بۆیان و نەیانتوانیوە بە مەرامی خۆیان بکەن و ببن بە ئەندامێکی ئەورووپای یەککرتووو نە بە ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپی.

(سەبری ئەفەندی) لە هەمان کتێبیدا باسی لە مردنی مستەفا کەمال بەم جۆرە کردووە: " لە کاتی سەرەمەرگ و گیانەلایدا بە ئاشکرا وەسێتی کرێبوو کە مرد نابێ بە پێی داب و نەریتی شەرعی ئیسلام نوێژ لەسەر جەنازەکەی بکرێ . کە برایە ناو گۆڕەوە، بەپێی رێبازی ئایینی ئیسلام تەلقینی دانەدەن".

ئەوجا ساتێ کە مرد، مەلاو پیاوە ئایینیەکان مستەفا کەمال یان وا دانابوو لە ریزی موسوڵمانەتی چووبووە دەرەوە. بۆیە کەسیان رازی نەبوون نوێژ لەسەر جەنازەکەی بکەن و تەلقینی بدەن. بەڵام خوشکەکەی بەدەم کریانەوە لە مەلایەک پاڕاوەتەوەو دەستی ماچ کردووە، ئەویش بەزەیی پیاهاتۆتەوەو خواست و پاڕانەوەکەی بەجێهیناوە".

نموونەیەکی تری دوو روویی مستەفا کەمال، هەر لە کتێبی (پیاوی بت) دا دەردەکەوێ کە نووسەرەکەی ئاماژەی بۆ قسەیەکی (مەحموود ئەسعەد بور قورت)ی شالیاری عەدلی مستەفا کەمال کردووە کە لە رۆژنامەی (تان)ی رۆژی ١٠/١١/١٩٤٠ دا وەکو بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ مستەفا کەمال دا بلاوکردۆتەوە کە دەڵێ: " لە کۆتایی ئەو رۆژانەدا کە هاتوچۆی مزگەوتمان دەکرد، رۆژێ من و چەند کەسانێ لەگەڵ مستەفا کەمال دا بە گۆمەڵ چووین بۆ مزگەوتی (حاجی برایم). کە گەیشتینە بەر دەرگای مزگەوتەکە، مەلایەک رووی کردە مستەفا کەمال و لەبەردەمیا راوەستاو پێی وت: " پاشا، بەر لەوەی بچنە ژوورەوە وا باشە دووعا بخوێنین. مستەفا کەمال لە مەلاکە تووڕەبوو، پالێکی پێوەناو پێی گوت:

- ولات بە هێزی چەکی سەرباز رزگاری بووە، نەک بە دووعاو پاڕانەوە !".

مستەفا کەمال، لە کۆتاییدا، بۆ ئەنجامدانی ئەو دروشمی علمانییەتەی کە هەڵیگرتبوو، لەپێناوی پاراستنی خۆی و رژێمەکەی، یاسایەکی لە رێگەی مەجلیسی میللییەوە دەرکرد. بەپێی ئەو یاسایە رێکخراوێکی دروستکرد لە (١١) کەس بەناوی(ئەنجومەنی ئاسایشی میللی ) بەسەرۆکایەتیی خۆی و بە دەسەڵاتیکی فراوان و بەربلاو بۆ ئەندامەکانی کە زوربەی زۆریان لە جەنەڕاڵەکانی تورک پێکهاتبوون. دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و تێکدانی ئەنجومەنی شالیاران و

# علمانییەتی تورک و ئەتاتورک

پووچەڵکردنەوەی هەموو یاسایەکیان بە بێ سنوور بەدەستەوە گرت، بە ناوی پارێزگاریکردن لە ئاساییش و لە بەشبوونی وڵات و لەناوچوونی جمهوریەت. لە ئەنجامێکدا، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ئەو جەنەراڵانە لە کەمال ئەتاتورکیان وەرگرتبوو، لە دوو شەڕی گەورەدا دژی کورد، لە شەڕی ئاگری داغ (ئارارات) و دەرسیم، ئەوپەڕی دڕندەیەتییان نواند. تەنانەت هەواڵی ئەو شەڕانە گەیشتە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (دەیلی تلگراف)ی ئەوسەردەمە، کە باسێکی کاربەدەستێکی بریتانیـای بڵاوکردۆتەوە کە گوتبووی: " ئیمڕو تورکیا سەرخوشێک و دە کەسی تر دەیبەن بەڕێوە". مستەفا کەمال کە ئەوە دەبیستێتەوە، تلکرافێک بۆ ڕۆژنامەکە دەنێری و پێی دەڵێ: "جەناب ئێوە زۆر یاغنیشن، چونکە تورکیا هەر تاقە سەرخۆشێک دەیبات بەڕێوە — کە مەبەستی خۆیەتی -".

ئەوەی لە (دەیلی تلكراف)دا باسیکردووە، لە یەکێ لەو هیرشانەی تورکەکان بۆ تێکدانی حکومەتی هەریمی باشووری کودستان دەیکەن، لە ساڵی ١٩٩٥ دا ، ڕۆژنامەی (ئولاندو سنیتال)ی ئەمریکی لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٥/٦/٤ دا ئامارەی بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی (دەیلی تلکراف)ە کردووەو وتوویەتی:

" ئیمرۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان زۆر بەختەوەرن چونکە زماندرێژێکی وەکو مستەفا کەمال نەماوە وەکو جاران تاوانەکان دیزە بە دەرخۆنە بکاو پاکانە بکا".

لە ڕاستیدا ئەم ڕۆژنامەیە تەنها ڕاستییەکەی باسکردووەو لام وایە ئەو ڕۆژنامە ئەمریکی یە سوور پێدەزانێ ئیمرۆ ئەو جەنەراڵانەی ئەندامی ئاساییشی میللین زۆر لە مستەفا کەمال دڕندەترن و لە هەموویشی شەرمتر هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکی یە کە خۆی بە پارێزکاری مافی مرۆڤ دەزانێ، کەچی بەرامبەر بەو هەموو تاوانانە گوێی خۆی کەڕ دەکاو پاکانە بۆ ئەو ڕژێمە فاشیستە دەکا، لە کاتێکدا لەگەڵ وڵاتی چیندا لەسەر مافی یەک دوو کەس هەمیشە لە کێشەدایە !.

# هەڵبژاردنی نموونە
# دەستەبەری کاری داهێنەرانەیە !

فوئاد مەجید میسری

کاتێک مۆتەکەی شەڕ دەست دەنێتە بینی هیواو ئاواتی ڕۆمانسییانەی خەڵک و لە گۆڕیان دەنێ. کە خەون و خەیاڵ لەبەردەم واقیعی شەڕو کوشتاری هێزە بەشەڕهاتووەکاندا دەڕەونەوەو شانۆی کارەساتەکان دەبێتە تابلۆیەکی تراژیدی، دەبێ ئەو پرسیارە بکرێ: ئاخۆ ئەدەب وەک بوارێکی گرنگی ڕۆشنبیری چ ڕۆڵێک دەگێڕێ.؟

دیارە مەبەست لە بەدەنگەوەهاتنی ئەم پرسە، هەر ئەوە نییە نووسەران لە دوو توێی کاریکی ئەدەبیدا، تابلۆی خەمگینی شەڕو پێکادانی هێزە بەشەڕهاتووەکان ڕەسم بکەن و بە تێڕوانینێکی میتافیزیکییەوە ئۆباڵی کارەساتەکان؛ یان لە تەم ومژدا نوقوم بکەن؛ یاخود بیخەنە ئەستۆی بەدبەختی کوردو بە قەزاوقەدەری بسپێرن.! ناوەڕۆکی پرسەکە لەو جێیەوە سەرچاوە دەگرێ کە: ئەرکی ئەدەب نەک هەر وێنەکێشانی واقیعە، بەڵکو ئامرازی گۆڕینیشە.

هەر وەک مەبەستیشم ئەوە نییە ئەرکی ئەدەب لە چوارچێوەی ساتەوەختێکی مێژوویی‌دا گیر بدەم، یاخود بمەوێ داهێنانی هونەری بخەمە ئاستی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژییەوە. بیرکردنەوەی لەو چەشنە سەبارەت بە ڕۆڵی ئەدەب، بەڵگەی بە کەمتەماشاکردنی پرۆسەی داهێنانەو تێنەگەیشتنە لە ڕاستیی هونەر بەگشتی. بەڵام دیسانیش بۆمان هەیە بڵێین: ئەدەب شێوەو شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو دەتوانێ بە ئامرازە هونەرییەکانی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پەیوەندییان بە دیاردەو جەوهەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.. ئا لەم ڕوانگەیەوە، هەوڵ ئەدەم تیشکێک بخەمە سەر کەسایەتیی پاڵەوانی چیرۆکی [ ملوانکەی ستیل ]ی [ محەمەد فەریق حەسەن ] وەک پاڵەوانێکی نموونەیی لە کارێکی داهێنەرانەدا. *

ململانەی بێ پسانەوەی ژیان، مرۆڤی کردە ئەم بوونەوەرەی ئێستا هەیە. هەر لە جەرگەی ئەم ململانەیەدا بووە خاوەنی داهێنانی گەورەگەورە. داهێنانیش چییە ئەگەر ئادەمیزاد کەرەسەکەی نەبێ.!؟

نووسەر کەسێکە بە هۆشیارییەوە دێتە مەیدانی داهێنانەوە. بوونەوەرێکە وەک چۆن بریتییە لە " خود "، لە هەمان کاتدا " بابەت "یشە. خودێکی هۆشیارە لە بەرامبەر بابەتیی دنیای دەرەوەدا. ژیان کاری تێ دەکاو لە ڕێگای داهێنانەوە کار لە ژیان دەکا. بابەتی داهێنان هەرچی بێ، هەر وێنەکەی ئادەمیزادەو بۆ خزمەتی ئادەمیزادە. خودی هۆشیار لە بەرامبەر بابەتیی جیهانی دەرەوەدا دەبنە دوو جەمسەری هاوکێشەیەک کە بە ململانە ئاوزەد کراوەو خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی بێ بڕانەوەیە. بەرهەمی ئەدەبی چییە ئەگەر ئەم حەقیقەتە بەرجەستە نەکا؟. چۆن دەبێتە ئاستی داهێنان ئەگەر تیشک نەخاتە سەر هەست و نەست و بیرو ئەندێشەو خولیاو ئاوات و خۆزگەو ئارەزووە پەنگەوەخواردووەکانی مرۆڤ.؟! داهێنان چییە ئەگەر نووسەر بە ناخی پاڵەوانەکەیدا شۆڕنەبێتەوەو نەیشڵەقێنێ و ڕادەی پەیوەندی و کارتێکردنی دنیای دەرەوەی ئاشکرا نەکا.؟

لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیە دەکرێ بگوترێ: سەرکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبی بەندە بەو حەقیقەتەوە: ئاخۆ نووسەرەکەی تا چەند توانیویە لە جیهانی ناوەوەو دەرەوەی پاڵەوانەکەی تێ بگاو بە چ ئەندازەیەک لە بەرجەستەکردنیاندا سەرکەوتوو بووە.؟

کەواتە بەرهەمی ئەدەبی بەرەنجامی چەشنە تێروانینێکی ئێستاتیکییە بۆ دنیای واقیع. بمانەوێ و نەمانەوێ، نووسەر بە خۆی بزانێ یان نا، لە جیهانبینییەکەوە دەڕوانێتە ژیان. ڕاستە داهێنان کۆپی کردنی واقیع نییە، بەڵام هیچ کارێکی ئەدەبیش سەرکەوتنی لە چارە نانووسرێ ئەگەر خۆی لە دنیای واقیع دابڕێ. بەرهەمی ئەدەبی ئەو کاتە دەبێتە داهێنانی ڕاستەقینە کە تیایدا ژیان سەرلەنوێ دروست بکرێتەوەو تێیدا ئادەمیزاد ئەو ئامرازو کەرەسەیەبێ کە لە دنیای واقیعدا بە هەزارو یەک پەیوەندیی تایبەتی و گشتییەوە وەگرێ دراوەو نووسەر لە پانتاییەکی هونەریدا هەڵی دەسوورێنێ. پەردە لەسەر، ڕق و کینە، هیوا و خۆزگەو ئاواتەکانی مرۆڤ لا دەدا. فێرمان دەکا: بەختەوەریی ڕاستەقینە چییە.؟ ماناو مەفهوومی خۆشەویستیی چین و لەکوێوە سەرچاوە دەگرن.؟
ئادەمیزاد لە شوێنی حەقیقی خۆیدا، دادەنێ و کەشە بە چێژی هونەری دەدا. داهێنانی ڕاستەقینە

هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندییە ئینسانییەکان دەخاتە قالّبی هونەرەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین: مەزنیی هەر کارێکی داهێنەرانە لەوەدایە نووسەر تا چەند دەتوانێ هەستی جوانیی لە دەروونی ئادەمیزاددا مشت و ماڵ بکاو بەهۆیەوە هارمۆنیای ژیانمان پێ بناسێنێ. لێرەوە خوڵقاندنی (( نموونەی هونەری )) دەبێتە مەحەکی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبی. بۆچی.؟

چونکە تاکەکەسی نموونەیی کە نووسەر دەیکاتە ئامرازو کەرەسەی بەرهەمەکەی تاکێکی دابڕاو نییە. تاکە کەسێکە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا بەرجەستە دەبێ.

[ مەردان ] ی پاڵەوانی [ ملوانکەی ستیل ] پاڵەوانێکی نموونەییە. نموونەی ئەو سەدان و هەزاران ئادەمیزادەیە لە زێدی خۆی هەڵکەندراوە. کەسێکە کێشەی سیاسی _ کۆمەڵایەتی تووڕی داوەتە گۆشەیەکی نادیارەوە. جووتیارێکی ڕەوکردووەو هەموو دنیا لەو پارچە زەوییەدا دەبینێ کە لێی بێبەش کراوە. نموونەی جەماوەرێکی بەرینە کە ستەمی کۆمەڵایەتی قەناعەتی لا دروستکردن بەگژ چەوسێنەراندا بچنەوە. بۆیە بەبێ چەک و تفاقی شەڕوپێکدادان شان بە شانی زۆرینەی خەڵک بەشداری ڕاپەڕینی جەماوەر دەکا. ئادەمیزادێکە برسێتی پاڵی پێوە دەنێ، بۆ دابینکردنی بژێویی خێزانەکەی پێ لەسەر بوونی خۆی دابگرێ و هەر لەوپێناوەدا ژیانی لەدەست دەدا. [مەردان ] نموونەی شکستی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەو دەلالەت لە مەرگی ڕاپەڕینی خەڵک و زیندەبەچاڵ کردنی خەون و خەیاڵی کۆمەڵگایەک دەکا، پێشتر تەلاری هیواو ئاواتی دێرینەیان لەسەر بنیات نابوو. ئەم نموونەیە کە چیرۆکنووس ڕەنگی ڕشتووە نە لە دنیای واقیعدا کەسێکی دانسقەو دەگمەنەو نە گۆشەگیرو لە جیهان دابڕاوە. نموونەیەکی زیندووەو نووسەر هونەرمەندانە هەڵیبژاردووەو لە زەمان و زەمینێکی گونجاودا هەڵیدەسووڕێنێ.

زەمینەی ڕووداو؛ پانتاییەکی بە [ مین ] چێنراوەو پێشتر گۆڕەپانی شەڕ بووە. بژێویی [مەردان ] هاتۆتە سەر کۆکردنەوەی ئێسک و پروسکی سەربازی کوژراوو لە پاداشتی ئەم کارەیدا دوو کیسە ئاردی ٨٠ کیلۆیی ی وەردەگرێ. دوو کیسە ئارد بۆ [ مەردان ] ێکی برسی، دەهێنێ ژیانی بۆ بخاتە مەترسییەوە. [- سەرەتای هاوین بوو کاتێ بە کوڵەکەتەوە گەشتیتە سەر مەرزەکە. چوارخاکیپۆش بە پیرتەوە هاتن و بە شوێن یەکدا ڕیز بوون. سڵاوێکی سەربازییان داکوتا. هەریەکەو دەستی دایە چمکی گونیەکە. سەرگەورەکەیان فاتیحایەکی داداو هەموو لێویان کەوتە جووڵە. دوای وچانێک گەورەکەیان بە تۆمارێکەوە گەڕایەوە... ]

[ مەردان ] هەڵگرتنەوەی پەیکەرە ئێسکی سەربازی کوژراوی کردۆتە سەرچاوەی ژیان و دەرامەتی و دەبێ ژیانیشی بۆ بخاتە بەر مەترسییەکی حەقیقی.

[ مەردان ] چاری ناچارە دەبێ بۆ هەڵرتنەوەی ئێسکیک پانتاییەکی گەورەی بە [ مین ] چێندراو تەی بکا. ئەمەی [ مەردان ] دەیکا گەمەکردنە بە ژیان. مرۆڤ ئەگەر برسێتی زۆری بۆ نەهێنێ هەرگیز ئامادە نابێ بەو جۆرە ژیانی بخاتە مەترسییەوەو یاری بە چارەنووسی خۆی و ماڵ و منداڵی بکا.. ئەو لە یەکەم هەنگاوەوە دەزانێ ژیانی لە چ مەترسییەکدایە..

[ - زەنگیکی زەبەلاح لە بنا گوێیدا دەزرنگێتەوە. بەری روانینی داگیر کردووە. سەرە رەشەکەیە. ! چاوت وەک دووربین پەرەکەتیژە چەقۆ ئاساکانی دەهێنێتە پێشەوە. سەرە رەشەکەی مەرگی زەردی پێیە بۆ رێبوارێکی هەڵەتەو کۆڵ بەکۆڵی وەک تۆ ... ]

ئەی چی بکا.؟! برسێتی بە سەرێک تانەو تەشەری [ جەیران ] ی ژنی بەسەرێکی تر، ئەم رێگا تووشەی وەبەر دەنێن و بە هیوایە بگاتە جێ..

[ - ماڵەکەت جوانە، هێلەکێک ئارد لە ماڵدا نییە، بزانە ئەتوانی نانەوشکەکەشیان بۆ پەیدا بکەی. ؟ ]

[ مەردان ] پاڵەوانێکی نموونەییە، بەڵام نە ئەفسانەییەو نە سوپەرمان. نموونەیەکە (( .. لە بارودۆخێکی نموونەییدا هەڵس و کەوت دەکا.. )) کەسایەتیی مەردان، کەسایەتییەکی چەقیو نییەو لەگەڵ ژیاندا دەستەویەخەیە. سادەو ساکارەو هەر بەو ساکارییەش لە ژیان دەروانێ. لە هەڵمەتی خەڵکیدا بێ گوێدانە هیچ، هەڵمەت دەبا. چیرۆکنووس بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی کەسایەتیی [ مەردان ] حاڵەتە تایبەتییەکانیشی ناشارێتەوەو مەودای جیاجیای رەنگ دەرێژێ، تا رادەی مارەسەی سێکسیش. [- دەست بۆ دامێنی کراسەکەی دەبەی. کرژ دەبێ. خۆی سێ قەد دەکات و ئەژنۆکانی دەقرسێنێتە سینەیەوە. هێشتا چاوەکانی هەڵنەهێناوە دەڵێ:

- لە هەواو هەوەسی خۆت ناکەوی ...

- ئاخر جەیران ... ]

ئەم پاڵەوانەی چیرۆکنووس نەخشی کێشاوە، نموونەیەکی زیندووە. بەهۆی [مەردان]ەوە خوێنەر بە رووداوی گەورەی سیاسی ئاشنا دەبێ کە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران عێراقە. [ مەردان]ی نموونە حاڵەتە تایبەتییەکەیەو بەهۆیەوە نووسەر دەمانباتە ناو جیهانە گشتییەکە. لەرێگای

تایبەتەوە دەچێتە ناو گشتییەوەو پاشان گشت دەبێتە دنیایەک، تایبەت بە هەزارو یەک پەیوەندیی جۆر بە جۆر پێوەی گرێ دراوە. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە هیچ هەلس و کەوتێکی نامۆی تێدا بەدی ناکرێ. نووسەر هۆشیارانە خولقاندوویەتی و هۆشیارانەش دەیبزوێنێ. بێ ئەوەی راستەوخۆ هیچمان پێ بلێ بیانوو بۆ هەموو کردارو رەفتارێکی دەهێنێتەوە. زەمینە بۆ گەشەکردنی رووداو خۆش دەکاو خوێنەر ناچار دەکا شوێن پێی پاڵەوان هەڵگرێ. جیهانی ناوەوەی پاڵەوان، حاڵەتە دەروونییەکانی، دنیا پڕ لە خەون و خەیاڵەکەی، دنیایەکی سەربەخۆ نین، ئەویش هەر بەرهەمی دنیای دەوروبەرە. بۆیە بە دیارخستنی جیهانە دەروونییەکەی، بە دنیای واقیع ئاشناتر دەبین.

==============================

بەرجەستەکردنی پەیوەندی نێوان تایبەت و گشت، یانی کارکردنی خود لەسەر بابەت. واقیع کە شتێکی بابەتییە بەم یان بەو شێوە کار لە مرۆڤ دەکاو پاشان لە زەینیدا مەفهوومێکی سەربەخۆ وەردەگرێ، ئینجا لە خودی ئادەمیزاددا بەم یان بەو شێوە رەنگ دەداتەوە. بەڵام خودی ئادەمیزادیش بریتییە لە چەندین خۆزگەو هیواو خواستی جۆربەجۆر. کەواتە داهێنان پرۆسەی رەنگدانەوە (( إنعكاس ))ە، بەڵام نەک بە شێوە سەلبیەکەی. واتە ئەو دنیایەی لە دووتوێی بەرهەمێکی سەرکەوتوودا دەیبینین؛ دەوڵەمەندترە لەوەی لە واقیعدا هەیە. داهێنان کۆپیەکردنی واقیع نییە، پرۆسەی چڕکردنەوەی رەگەزەکانی ژیانە، بەڵام بە خودی هۆشیار نەبێ فەراهەم نابێ. جا کە پەیامی ئەدەب سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ژیان بێ دەبێ سروشتی ئەدەب خۆیشی، ئیلتیزامکردن بێ بە واقیعی ژیانەوە. نووسەر لە ئاوێتەکردنی دنیای ناوەوەو دنیای دەرەوەی، پاڵەوانێک دەخولقێنێ، تێیدا ژیان بەرجەستە دەبێ. تەنیاو تەنیا نووسەری داهێنەر دەتوانێ ئادەمیزاد لە حاڵەتی جووڵەو بزووتندا دروست بکا. بە وێنەو ئامرازە هونەرییەکانی کەسایەتییەک دروست دەکا، بەرهەمی ژیانەو لە چەقی ململانەی ژیاندا بەرێوە دەچێ.

(( محەمەد فریق )) لە رێگای پاڵەوانەکەیەوە، پەردە لەسەر چەند پەیوەندیی جیاجیای ئادەمیزادیک هەڵدەماڵێ کە لە زەمان و زەمینێکی دیاریکراودا هەڵدەسووڕێ. بەهۆی ئەم نموونەیەوە حاڵەتە گشتییەکانی مشت و ماڵ کردووەو چڕیان دەکاتەوەو پاشان رۆشنایی دەخاتە سەر دنیای ناوەوە.

نووسەر بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارەکەی ناچار بووە، رەگەزی ریالیزمی لە جەرگەی واقیع

هەڵبژێری و ئاویتەی بەرهەمەکەی بکا. دیارە هەڵبژاردنی ئەو رەگەزانەیش هەر بەندن بە ئاستی تێگەیشتن و شێوەی تێروانینی نووسەرەوە.

لە روانگەی چیرۆکنووسەوە، هێزە کۆمەڵایەتییەکان کار لە پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ دەکەن و جێدەستیشیان بەسەر تێگرای دیاردەکۆمەڵایەتییەکانەوە دیارە. دیاردەکانیش هەر بەروبوومی سیستمێکی کۆمەڵایەتین و هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان لە برەوپێدان و بنبڕکردنیان هەیە. هەر ئەو هێزانەیش، داینەمۆی ژیانن و دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نموونەی جۆربەجۆر لەناو کۆمەڵدا. هەڵبەت مەبەست لەم رایە ئەوە نییە نووسەر بخەینە جێگەی ((مصلح)) ی کۆمەڵایەتی و ئەرکێکی پێ بسپێرین، لە دنیای هونەر و داهێنان دووری بخەینەوە، بە پێچەوانەوە مەبەستمان ئەوەیە کە چیرۆکنووس لە روانگەیەکی ئیستاتیکییەوە، دنیایەکی خوڵقاندووە لە واقیعدا کوت و مت بەو جۆرە نییە. سەرکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبیش لەوەدایە نووسەر تا چەند دەتوانێ تاکەکەس ئاویتەی کات و شوێن بکاو لە تابلۆیەکی هونەریدا بینەخشێنێ.؟ چونکە خوڵقاندنی نموونە بە تایبەتی لای نووسەری ریالیست لەو جێیەوە سەرچاوە دەگرێ تا چ رادەیەک لە جەوهەری مەسەلەکان تێگەیشتووە. گرنگی دان بە جەوهەری کێشەکان جگە لەوەی ئاستی هۆشیاری دەسەلمێنێ، خۆی لەخۆیدا هەڵوێستێکی ئیستاتیکیشە بۆ بەرجەستەکردنی پەیوەندی لەپسان نەهاتووی نێوان ئادەمیزادو دەوروبەرەکەی. [ مەردان ] جۆتیارێکە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی هەڵێدەسوورێنێ و کۆنترۆڵی کارو کردەوەی دەکا. هەر ئەم ئادەمیزادە ئامادەیە بەشداریی پرۆسەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتی - سیاسی بکاو بە شێوەیەکی خۆرسک (( عفوی )) تێکەڵ بە تەوژمی جەماوەر دەبێ. ئەم، نموونەیەکی زیندووی سەدان و بگرە هەزارانی وەک خۆیەتی. ئەوانەی کە لە واقیعدا بەشداریی ئەو پرۆسەیەیان کردو راپەڕینیان بە ئەنجام گەیاند، هەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە بوون بە درێژایی تەمەنی بزووتنەوەی سیاسیی هاوچەرخی کورد، ئامرازو سووتەمەنی و کەرەسەکەی بوون. بەشداریکردنی [ مەردان ] لە کارێکی شۆڕشگێڕانەداو تێکەڵاوکردنی بە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان، دەلالەت لە هەڵوێستی چینێکی کۆمەڵایەی دەکا لە ساتە وەختێکی مێژووییدا. شوناسنامەی چینێکی کۆمەڵایەتییە کە سەرەنجام لە سایەی عەقڵییەتی سیاسیی هەمان چیندا رەنج بە خەسار دەبێ.!

[ مەردان ] ئێسک و پروسکی [ فرامرزی بـزرگمـهری ئەسـفەهانی ] لە کوڵ دەنـێ. ملوانکە ستیلەکەی ئەو دەکاتە ملی خۆی کە ناوو شۆرەت و ناسنامەی ئەوی تێدا تومار کراوە.. پـاش چـەند هەنگاوێک [ مین ] لەژێر پێیدا ناڵە دەکاو ئێسـک و پروسـک دەبنـە ئاردی ناو درک. [مـەردان ] ی جووتیاری کوردو نیشـتەجیی [ دووز ]، مـەردانی ئاوارەی زیدی خـوی، مـەردانی راپـەریو، مـەردانی برسی و برست لیبڕاو، بە مردنی شوناسنامەکەیشی لەدەست دەدا. لیرە بەدواوە [مەردان] نییـە. ئـەو لە داهاتوودا دەبێتەوە بە [ فرامرزی بزرگمهری ئەسفەهانی ].! پـەیکەرە ئێسـکی مـەردان نیشـانەی مردنی خۆیەتی لەپێناو پاراستنی شوناسنامەی یەکێکی تردا. [ مەردان ] ی نموونەی پڕ بـە پێسـتی مەودا کۆمەڵایەتییەکەیەتی. مرۆڤێکی بە گومان، راڕا، دوودڵ. ئادەمیزادێکە هەمیشـە چاوی بڕیوەتـە رابوردووی خۆی. هەموو شتێک لە رابوردوودا دەبینێتەوە. تەنانەت کە هەڵویستێکی شۆڕشگێرانەیش دەنوێنێ، پێی وایە دەبێ هەموو شتەکان بچنەوە دۆخی جارانیان. دنیا لەو بستە زەویەدا دەبینێتەوە کە لەوەوبەر هەیبووەو بەرهەمی هێناوە. دوودڵ و بە گومانە لە هەموو کەس... بۆیە نایـەوێ کەس بـە نـهێنیی کارەکەی بزانـێ نەبا ئـەم سـەرچاوەیەی لـێ وشـک بـکەن.. بـە کورتـی [ مـەردان ] شوناسـنامەی چینێـکی کۆمەڵایەتییـە کە لەسـەر زەمینـەی واقیـع رۆڵـی بنچینـەیی و بزوێنـەری لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی _ سیاسیدا هەبووەو بگرە ئاراستەیشی کردووە.

هـەڵبژردنی [ نموونـە ]، (( شـێوەی هونـەریی ))، (( شـێوازی دەربڕیـن )) کە ئـامرازی هونـەرین و کە چـیرۆکنـووس پەنایـان بـۆ دەبا، لەم بەرهەمـەدا، بـەڵکەی دەسـەڵاتی داهێنەرانـەی چـیرۆکنووسـەو ئاسـتی هۆشـیاری و رادەی تێکەیشـنی دیـاری دەکەن و دەیسـەلمێنێ تـا چـەند توانیویەتی واقیع بە شێوەیەکی هەست پێکراو سەرلە نوێ دروست بکاتەوە. بۆچی؟

چونکە دروسـتکردنەوەی واقیـع، پرۆسـەیەکی چڕوپـڕو تیکئـاڵاوەو تەنـها بـیر (( الفـکر )) دەتوانێ کۆنترۆڵی بکا. راستە مرۆڤ لەرێگای هەستەوە زانیارییە سەرەتاییەکان بەدەست دەهێنێ و لە رێگای ئەوانەوە [ هەستەکان — الحواس] وێنـەو روالـەتی شـتەکانـی لا گەڵاڵـە دەبـێ. بەڵام ئـەو زانیارییانە سنوورێکی دیاریکراویـان هەیـەو نـاتوانن جەوهـەری شـتەکان دەربخـەن. ئـەوە تەنیـا بـیر (( الفکر ))ە کە دەتوانێ لە قۆناغێکی هەڵکشاوتری گەشـەکردنـی هۆشیاریدا، سروشـتی نـاوەوەی دیاردەکان و جۆری پـەیوەندی و رادەی کارتێکردنیـان لەسـەر یـەکتری ئاشـکرا بـکا. لەبـەر ئـەوە دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی دیاردەکان پێکدەهێنن و پاشان شۆڕبوونەوە بە ناخیانداو بەدەستهێنانی

زانیاریی راستەقینە، پێویستیی بە (( بیر )) یک هەیە لە ئاستێکی باڵاترد کەسنووری (( عفویة ))
ببەزێنێ و گەیشتبێتە ئاستی مەفاهیمی جۆربەجۆر.

نووسەر گەر بە حەق و حەقیقەت نووسەر بێ، ناتوانێ پشت بە زانیارییە (( عفوی ))یەکانی ببستێ. ئەو شتانەی نووسەر دەیانبینێ و دەیانبیستێ چەند زانیارییەکی (( خودی ))ن لەمەڕ دنیای دەورووبەر. راستە ئەوانە شتی حەقیقین، بەڵام رواڵەتی شتەکانن. هەرچی نووسەرە پێویستیی بە تێگیشتنی لۆژیکی هەیەو دەبێ سنووری دیاردەکان ببەزێنێ و بگاتە جەوهەری شتەکان.

نووسەر دەبێ ئەوە بزانێ کە بابەتی نووسین و کەرەسەکانی، رەنگدانەوەی واقیعن. ئەشێ دیاردە جیاجیاکان بە رواڵەت سەربەخۆ بن بەڵام لە ناوەڕۆکدا پەیوەندییەکی دیالیکتیکی پێکیانەوە گرێ دەداو کار لە یەکتر دەکەن. هەر ئەمەیشە وا دەکا هەڵبژاردنی نموونە ببێتە سەنگی مەحەک بۆ ئاستی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبی. بە جۆرێکی تر بڵێین: داهێنان بەرەنجامی پەیوەندیی خودی هۆشیارە لەگەڵ بابەتێکی گونجاودا. رەنگە هەموو کەس بتوانێ وێنەی جوتیارێکی رەوکردووی گەرمیان بکاتە بابەتێکی ئەدەبی، بەڵام چۆن ئەو [ مەردان ] ەی لێ دروست دەکا وەک (( محەمەد فەریق )) کردوویەتی.؟ داهێنانی راستەقینە خوێنەر دەباتە دنیایەکەوە هەست دەکا بە نموونەیەکی زیندووی ژیان ئاشناتر بووە. داهێنانی نموونە وەک لەم چیرۆکەدا دیارە، ئەوەیە تاکە کەس بووەتە ئاوێنەی واقیعێکی کۆمەڵایەتی. هەڵس و کەوتی پاڵەوان، رەوتی ژیان، چارەنووسی پابەندی رێکەوت نین و رێکەوت نایانجووڵێنێ. پاڵەوان لەم چیرۆکەدا، پابەندی یاساکانی (( زەروورەت ))ەو نووسەر لە واقیعی ژیان هەڵیبژاردووە، بەڵام کوت و مت ئەوەش نییە لە واقیعدا هەیەو هەڵس و کەوتێکی ئیستاتیکیی لەگەڵدا کردووە. بۆیە دەبینین بۆ سەرخستنی کارەکەی پەنا دەباتە بەر ئامرازە هونەرییەکان و بەهۆیانەوە بە کەسایەتیی [ مەردان ] ئاشنامان دەکا. بە شێوازێکی هونەری بیانوو بۆ هەموو رەفتارو کردارێکی دەدۆزێتەوە. لە رێگای (( مۆنۆلۆژ )) و (( فلاشباک ))ەوە، لە ناخی پاڵەوان و ژیانی ئاگادار ئەبین. چیرۆکنووس کە ئامرازە هونەرییەکانی دەخاتە کار بۆ ئەوە نییە، زنجیرەیەک رووداوی لەوەوپێشی ژیانی (( مەردان ))مان پێ بڵێ، چۆن لە زێدی خۆی هەڵکەندراوە؟ چۆن بەشداریی راپەڕینی کردووە؟ چۆن و لە چ بارو دۆخێکدا بە خاوو خێزانەوە لە ئۆردووگایەکی سەرسنووردا گوزەران دەکەن.؟ چەند جاری تر ئەم رێگای هات و نەهاتەی وەبەر ناوەو زەوی بە مین چێنراوی تەی کردووەو پەیکەرە ئێسکی سەربازی کوژراوی هەڵگرتۆتەوە.؟

چیرۆکنووس هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە مەودای کۆمەلایـەتیی پالەوانـەکەیـەوە هەیە. لەچەند رستەیەکی بروسکەئاسادا بە مۆنۆلۆژ دەریبریوە. لەهەمان کاتیشدا زەمینـە بـۆ چارەنووسی خۆش دەکا.

(( نموونـەیی ))ی مـەردان ئاستی بیرکردنـەوەو تێگەیشتنێتی لە ژیان کە تـەواو لەگەڵ مـەودای کۆمەلایـەتیدا گونجـاوو لەبـارە. مرۆڤێـکی سـادەو سـاکاری گوندنیشـینی کوردسـتان؛ زەحمەتکێش و ستەم دیدە .. نە لە کرداروو نە لە گوفتاریدا هەست بە ئامادەبوونی نووسەر ناکەین و لێمان ونە. هۆشیاریی مەردان، هەلس و کەوتی، شێوەی ئاخاوتنی، هاوکێشەی مەوقیعی کۆمەلایەتیی ئەون و چیرکنووس ماوەی نادا لەو چوارچێوەیە تێپەڕ بکا. کەسایەتیی مەردان لە باری هونەرییەوە، کەسایەتییەکی سادە نییەو لە رەوتـی گەشـەکردنی رووداودا گەشـە دەکاو خوێنـەر وردە وردە پێـی ئاشنا دەبێ.

[ مەردان ] جوتیارێکی کوردە، نموونەیە بۆ چینێکی کۆمەلایەتیی کۆمەلگای کوردستان کە ئـامرازو بزوێنـەری بزووتنـەوە سیاسیەکەی بـوون و رۆڵـی سـەرەکییـان لە برەوپێدانـی پرۆسـەیەکی کۆمەلایەتیدا بینیوەو تا ئێستایش دەیبینێ. خوێنەر دەتوانێ لە رێگای شیکردنەوەی کەسایەتیی ئەم پالەوانەوە کەسایەتیی تیگرای جەماوەری گوندنیشینی کوردستان بخوێنێتەوەو بگاتـە تێگەیشتنێکی نـوێ لە بەرامبـەر حەقیقـەتی رووداوەکانـدا. چونـکە تێگەیشـتن لە پێکهاتـەی کۆمەلایـەتیی بزووتنەوەیەک، دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ تێگەیشتنی تـەواو لە عـەقلی رابەرایـەتیکردنی خـودی بزووتنەوەکە.

لاهای _ هۆلاند ١٥-٠٢-١٩٩٩

* تێبینی: نووسەر بەم چیرۆکەی بەشداریی لە یـەکەم فیستیڤالی رۆشـنبیریی مەلبـەندی گەلاویـژی نوێ دا کرد کە لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ دا لە سلێمانی ساز کرا. بەش بە حالی خۆم بریـارم دا باسێکی لەسەر بنووسـم، بـەلام هـەل و مـەرجی تایبـەتی ئـەو دەرفەتـەی لەدەست دا. سـەرەڕای ئـەوەیش پێـم وا نـەبوو دەستبەرداری گفتـەکەی خـوم بم، بـە سـەرێکی تریش کاری داهێنەرانـە بـە تێپەڕبوونی کاتیش، بایەخ و کرنگیی خۆی لەدەست نادا وەک لەم بەرهەمەی (( محەمەد فەریق ))دا دەردەکەوێ.

محه مه د فه ریق حه سه ن

# ملوانکەی ستیل

ئیستیکی بۆ بکە، کۆڵەکەت هەڵنێ و ئاگاداری بەرپێت بە. هەر سێ کیلۆ دەبێ. بەڵام یەکسانە بە دوو کیسە ئارد. سەدو شەست ئاردی نانەوایی.. پایزەکەی پێ دەگوزەرێنێ .. ئێسک و پروسک یەک و پێنج بە ئارد .. گەلایەکی بازرگانی بێ دەستمایە مەردان.

زمانێک بە لێوە بارهەڵگرتووەکەتا بێنە مەردان. هەوراز کوورپو لێوەکانت وشک هەڵاتوون مەردان. توند بیگرەو لەرەی بۆ مەکە. کەمجار دەتوانێ وەها نچیرێ راو بکەیت .... مێژووی بەجێمانی ئەم ئەمانەتەی وا بە کۆڵتەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەساڵێک بەر لە ئێستا. ئەو حەلە جوتیارێک بووی نیشتەجێی ( دووز ). بەرزترین چیای بە سۆمات ( جەوەڵی ئیمام عەلی ) بوو. کە هێندە لە تەختی زەوی بەرز نەبۆتەوە .. ئێستەش وای بە تەوقەنەی کێوێکی هەرە بەرزەوە .. ئەو حەلەی ئەم کێوە بوو بە شەرگە، ئەم نێچیرەی وا بە کۆڵتەوە بە پێی خۆی گیشتبووە ئێرە ... بە دارو بارەکەیدا دیارە کوڕێکی کۆک بووە. بەچی دەچێ .. ! هەرچۆنێک بووبێ، هەر جۆرە چەکێکی لەشان بووبێ، خاوەنی هەر پلەیەکی سەربازی بووبێ، گرنگ ئەوەیە ئێستە بۆتە کاڵاو بەکۆڵی تۆوە .. تۆی گەرمیانی ئاوارەی ئەم چیایەو ئەوی خەڵکی ( ئیسفەهان )ی سەدان کیلۆمەتر دووری ناو قووڵایی وڵاتێکی دی .. هەر کارەساتی جەنگ دەتوانێ رێکەوتی وەها بخوڵقێنێ ... ئەوی ئالوودەی جەنگ و تۆی ئالوودەی تێهەڵچوونێکی رەوا .. کاتێ بە سنگی رووت و دەستی بەتاڵ و سەری گەرمەوە هێرشتان برد، رک و کینەی تەمەنێک، تووڕەبوونی نەوەیەکتان بە چەند سەعاتێک بەتاڵ کردەوە ... خۆشاوی سەرکەوتن بۆ ماوەی حەفتەیەک بوو بە بزەو نیشتە سەر روومەت و لێوی هەزاران .. هەر هەفتەیەکی خایاند، ئاوارە بووی، نە ساڵێک و نە دوان ، ئەوە چوار ساڵی رەبەقە رەهەندەو کۆڵ بە کۆڵی .. خەونە رەنگاوڕەنگەکانت کاڵبوونەوەو نەگەڕایتەوە ... ئێستەش نازانی چۆن بژێوی شەش سەرخێزان دابین بکەی ئەوا کۆڵەکەت هەڵناو بۆ ئاستی شانت بەرزتکردەوە، لووتت بە هەورازەکەی

پشتەوە نا، بە کوورەکوور، گاشەبەرد لەدوای گاشەبەرد، پنچک پنچک .. قەتارەی دارەبەن، مازووی زەلام زەلام جێ دێلی. ماندوو دەبیت و شەنگت لەبەر دەبڕێ، خشەی مارمێلکەی بۆر، وڕی سەوز، بزنمژەی بۆر، بەڵەک و دان تیژ ... خشەی دوورودرێژی کیسەڵی سست .. چریکەی بازو سیرەی هەڵۆ بە ئاسمانی بان لوتکەکانەوە ... دەنگی (هێ هێ کەرە )ی سامناک، گوێت پڕ دەکەن، قاپاوێژدەکەی، شەق لە بەردو گڵمتک هەڵدەدەی، لە بن پێتا قرچەقچ چیلکەو چەوێل وردو خاش دەبن . تۆی گەرمیانی پەڕیوەی ئەم چیایە وەک سەربازی عارەبی هەڵەتە بووی چیا سەختەکان ڕێ دەکەی .. تەواو وەک ئەو کوردە چیا نشینەی نازانێ لە نێو زۆنگ و قامیشەلانی باشووردا ڕێ بکات .. نابەڵەد .. سەرخۆش ئاسا دەدەی بەتەک بنە بەلالوکی کورتەبنەی لق و پۆپ ئالۆسکاودا دەدەی بەتەک بنەگوێزی سەرکفتی قورس بە گوێز وەک شیلانی سووردا. بنە گوێزی چڕی قورس بە وردە کوی زیڕ .. دەدەی بەپاڵ هەرمێ و هەنجیرە کێویلەدا، گەلاکانیان بێگەردو بە بریقە. خاوێنی ئەم درەختانە نیشانەی چۆڵەوانیی ناوچەکەیە. ساڵەهایە کاروان بەم ناوچەیەدا ڕەت نەبووە، ڕاوچی بەم لاپاڵەدا هەڵنەزناوە. ئەم ڕێگە سەربازییە چووە بەگژ چیاکەدا ئێستا بەشێکی کوێربۆتەوە. لە شوختە دەچێ کە روخساری کچێکی جوان دەلەوتێنێ .. ئەوا لە جەنگەی ئەم چڕە داستانە دەرچوویت، بەری روانینت فراوانتر بوو .. سەرنج بدە مەردان، تانکی زنجیر پساوی ژەنگ هاوردوو، وازو لوریی سووتاو تایە لە زەوی چەقیوو چرچ بوو. تایەی سووتاوی قلیش بردوو .. ئەم چیایە گۆڕی بە کۆمەڵی ئامێرە سەربازییەکانە کە دەڵێی لاشەی ڕەوە هێسترن و داڵ لێیداون. زیاتر لە دەوروبەرت وردبەرەوە تا لە نهێنییەکانی ئەم چیا کۆنە ساڵە شارەزا بی. ئەوەتا ..! ئەوە کۆنە هێلانەیەکی بچکۆلەیە .. چەند باڵندەیەکی گێلە .. ؟ لەسایەی تانک دا هێلانەی هەڵبەستووە ! .

= = =

هێشتا بەیان گزنگی نەدابوو، هێشتا چۆلەکە جریوەی تێنەکەوتبوو، تۆ راستبوویتەوەو لە کەرەڤانەکەت دەرچووی، لە ( جیران )ەوە هەتا ( کۆچەر ) هیچکامیان بەئاگا نەهاتن، ئەوان لە شیرینخەودا بوون کاتێک لووتت بەم چیایەوە نا. کە لە خەو راپەڕیت، نانێکت تەڕ کردو ئاخنیتە گیرفانی شەرواڵەکەت، دەستت دایە گۆنیە کۆنێک و هەبیات لێکرد، ئێستا کەس شوێن و هەتەرت پێ نازانێ، ئەمە چەندەمجارتە پەنا بۆ ئەم کارە دەبەی مەردان ؟..

لێوەکانت وشکتر دەبن، دەکۆکیت لەپڕ کەروێشکێکی زەندەق چوو لەناو بنچکێکەوە حەوا دەکەوێت.

# ملوانکەی ستیل

تو دادەچەڵەکیت و سوورە کەروێشک هەر لەگەڵ چوارپەلی کەوتەوە زەوی ئەو چیایە بە کۆڵەوە دەگرێت، دوای سێوچوار تەپاوتل هەڵدەستێتەوە، لەدوور قنچکەیەک دەکاتو ئاورێکت لێدەداتەوە.

- جاری پێشوو رێوی بە پیرمەوە هات، ئەمجارەیان کەروێشک. !! بەپیر نوقڵانەی شوومەوە مەچۆ مەردان، هەنگاو بنێ و چاو ورد بکەرەوە، لەبان بەردو تاوێرەکان جێ پێ بکەرەوە نەک لەسەر خاکە سووربباوەکە. ئارەقە بناگوێ، چاڵایی سینەو ناوشانی تەڕ کردووی، ئازار هرووژم بۆ ملت دێنێ، هەنگاوت شل دەبێ. دڵی پووزەکانت ئازاریان هەیە. سینەت تەنگ و هەناسەت سوار، پەنجەکانی دەستی راستت وەختە جەمان ببن هێندە زارکی گونیەکەی کۆڵت بگوشی. دڵیشت بەم کۆڵە خۆشە، نیچیرێکی چەور .. یەک و پێنج بە ئارد .. زیاتریش .. سی کیلۆ ئێسک بە سەدو شەست کیلۆ ئارد .. ئەکەر ( فرامرز ) نەبوایە لەکوێ و چۆن ئاردت پەیدا دەکرد؟! .. هەن مس، فافۆن، ئامێر، بگرە مێژووی نەتەوەیەک ئەودیو دەکەن، تۆش ئێسکە پەیکەر، کە هیچ بەم عەردو بوومەوە نابیستیتەوە. دڵ لە دڵ مەدە مەردان، دەزانم ئێستە بیر لەوە دەکەیتەوە رۆحیانەتەکەی بەبان سەرتەوە دەفڕێ و دەخولێتەوە، ئاگاداری هەموو شتێکە، بەڵام ئەم کارەش تەقەللایەکە بۆ ژیان. کاتێ ئێوە خوێن لە دەمارەکانتانا هەڵچوو، کەللەتان گەرم راهات. رووتان کردە قەڵاکانی دەستەڵات لە دوون، دروشتان چی بوو، بیرت ماوە مەردان ؟ .. کەچی ئەو کارەی هاتبوو لەدەست چوو. نانت لێ چۆتە کۆڵی شێرو ( دووز )ی نیشتمانە چکۆلەکەت دوراند.

پشت بە گابەردێکەوە دەدەی و کۆڵەکەت دادەنێی. لەسەر زەوییەکە دادەنیشی. کڵاشە هەرزان بەهاکانت دادەکەنی و پەنجەکانی پێت دەجووڵێنی. پەنجەکانی دەستت دەگلۆفی. ئارەقەی بناگوێی کرم راهاتووت، هی گەردنی بە ئازارت، بە سۆزی شەماڵێکی فێنک کزر دەبێتەوە. تەزوویەکی سارد بە لەشتا رەت دەبێ. دەست لە چۆکان وەردێنی. پەنجەکانت تێک دەئاڵێنی و لە خەیاڵەوە دەچیت: سەرەتای هاوین بوو کاتێ بە کۆڵەکەوە گەیشتیتە سەر مەرزەکە، چوار خاکی پۆش بە پیرتەوە هاتن بەرودوا بە شوێن یەکدا ریز بوون. سڵاوێکی سەربازییان داکوتا، هەریەکەو دەستی دایە چمکێکی گونیەکە. سەرگەورەکەیان فاتیحایەکی داداو هەموو لێیان کەوتە جوولە. دوای وچانێک گەورەکەیان بە تۆمارێکەوە کەرایەوە:

- کوا (قورس )ەکە ی گەردنی؟

دەستت بۆ گیرفانت برد. بە زنجیرەکەوە داتە دەستی، هەتاو لەسەر (قوڕس)ەکە دەبریسکایەوە، لێی ورد بۆوە، سلاوێکی لەوەی یەکەمجار قایمتری داکوتا.

- جێگەی بەهەشت بێ. فەرموو شوێن و ڕۆژی دۆزینەوەیم پێ بڵێ؟

دوو گونیە ئاردەکەت وەرگرت و بەرەو ماڵ بوویتەوە. ئەمجارەش فرامرز بگەیەنی دەبێتە خاوەنی دوو گونیە ئاردی دیکە. ئەگەر چی دوای ڕابوردنی نزیکەی دە ساڵ، جارێکی دی شین و سنگ کوتان لە ماڵی فرامرز دەست پێدەکاتەوە، بەڵام تۆ، فرامرز لە سەربازی و نەوە دەکەیتە شەهید. بۆ ئەو بنەماڵەیەش یەک چاو بوونەوەو دڵنیابوونە لە چارەنووسی جگەر گۆشەکەیان ..

زۆر سەیرە، داروباری مرۆڤێک بدەی بە کۆڵتا خەڵکی وڵاتەکەی خۆت نەبێ .. پێشتر نەتدیبێ و میانەت لەگەڵیدا نەبووە نەیشزانی داخ ڕەشتاڵە بووە، سوورو سپی یان سوورە؟ .. موو ڕەش بوو یان موو زەرد؟ .. چاوکاڵ بووە، چاوشین بووە یان چاو ڕەش .. تووڕە بووە، مەند بووە یان کراوەو نوکتەباز؟ .. بە تۆبزی پێچاویانەتە جەنگەوە یان خۆبەخش بووە؟ .. ئەوەندە هەیە بە تاپۆی ئێسکە پەیکەرەکەیدا باڵایت بۆ مەزەندە دەکرێ .. ئەو ئێستە بۆتە کاڵایەکی بازرگانی .. تۆش ئاوارەی.، منداڵەکانت برسین و ئاردت مەبەستە، ئەوانیش قوربانییەکانی جەنگی هەشت ساڵەیان بە دوو گونیە ئارد دەکڕنەوە. تۆ بۆ ژیان ئەم کارە دەکەی، ئێوە شەش سەر خێزانن، بە چی بەخێویان دەکەی مەردان؟

پێلاوەکانت هەڵدەکێشی، فرامرز دەکەیتەوە کۆڵ، لات مەبەستە بە وریاییەوە جێ بۆ هەنگاوەکانت بدۆزیتەوە، خۆشی لەخۆت وا خەریکی بە چیاکەدا دێیتە خوار! . ئۆردوگای ئاوارەکان. کەرەڤانەکان بە دیار دەکەون .. ماڵە بێ دیوارو پەسارەکان .. ماڵە بێ کۆڵانەکان، لە دوورەوە قارچک ئاسا هەڵتۆقیون .. قارچکی بێ لق و پۆپ و تەمەن کورت ..زرنگ! !..زەنگێکی زەبەللاح لە بنا گوێتدا دەزرنگێتەوە.! بەری ڕوانینی داگیر کردووە، (سەر ڕەشەکەیە! !) ئەمەت لەبەر خۆتەوە ووت و چاوت وەک دووربین پەڕەکە تیژە چەقۆ ئاساکانی دەهێنێتە پێشەوە، سەر ڕەشەکە (١) مەرگی زەردی پێیە بۆ ڕێبوارێکی هەڵەتەو کۆڵ بە کۆڵی وەک تۆ.

- مین جارە !

بە دەنگێکی هەراش ئەمەت وت و خۆت لێ بوارد، ئەگەر بڵێی تەنیا لایەکی بە دەورەوەیە. ئەوە چاوە تیژەکانی تۆیە، دەنا هەرکەسێکی دیکە بووایە ئێستە پێی لێنابوو. تەواویش ببوو، لە شوێنی

# ملوانکەی ستیل

خۆت وشک وەستاوی. پاشەوپاش بە شوێن پێکانتـا دەگەڕێیتـەوە. نیگـەران و هەراسان بەلایـەکی دیکەدا مل دەنێی. چاوەکانت کراوەن .. ئارەقەی مـاندووبوون و هەستێکی نـامۆ ڕوخسارتی بـەلای زەردیدا نەخشاندووە وەک ڕەنگی (vs50) .. گوێت لە تـەپ و کوتـی دڵـی خۆتـە .. پـاڵ بە گاشـە بەردێکەوە دەدەی کۆڵەکەتی لەسەر دادەنێیت، خۆشت لەسەر زەوییە سـووربـاوەکە هەڵتروشکاوی. کڵاشـە بـن لاستیکەکانت دادەکـەنی، هەتـاوی چێشتەنگاو نـاتوانێ تاشـەبەردەکە گـەرم رابێنـێ، بـۆ داوەباریکەکان چاو دەگێڕی، بۆ تەنە مەرکَ چینەکان چاو دەگێڕی، بۆ تەنە لوولەیی و بازرگانییەکان بۆ ژێر پنچک و بن قنگڵاشک و گەڵا پەنجەییە وەریوەکان .. لۆیەکی پشتوێنە ڕەشەکەت دەترازێنیت و ئارەقەی هەنیەو گەردنی پێ دەسڕی. خورپەیەکی لەپڕ بۆ هەناوت دزە دەکات:

- تۆ بڵێی قورسەکەم ون کردبێ؟

لەگەڵ ئـەم خورپـەیـەدا، دەسـت بۆ بـەرکی کراسـەکەت دەبـەیت. ئـاهێکت تـێ دەگـەڕێ .. ملوانکـە ستیلەکە دەردێنی، قورسەکەی پێدا شۆڕبۆتەوە، هێشتا دەچریسکێتەوە. وەک ئەمرۆ فرامرز لە ملی کردبێ سپی و سۆڵ .. دەکەیتە ملی خـۆت و قورسـەکە لەسـەر دەفـەی سینگت لەنگـەر دەگـرێ .. دەورووبەر تاقی دەکەیتەوە پێویستە چاوەکانت وەک چاوی باز دەیان جار دەورووبەر بە گەورەکراوی ببینێ. ئەوانەی دەجوولێنەوە، ئەوانەی خۆیان لێ مـات داوی، هەموویـان لە دوورەوە بناسیتەوە .. زۆری نەماوە تاوێک لەمەوبەر پێ بە مێنێدا بنێی، ورد دەبیتەوە، لە چاوترووکـاندنێکدا دەسـتت دایـە کڵاشـەکەت و خێوانتە ئەو دووپشکە شین باوەی چـزوون نـابووە سـەر نـەڕەی شـانی و بـۆ ناوگـەڵت دەهـات، دوای تەپـەیـەک، تاکـە کڵاشـەکەت بـەرز کـردەوە، بـەڵام دووپشـکەکەی لەبنـدا نـەبوو، بـۆت نەکوژرا. پێڵاوەکانت هەڵکێشاو کۆڵەکەت بە پشتت دادایەوە، لە گاشە بەردەکەی سەرشانی سـیزیف دەچێ، بۆت ناگاتە مەنزڵ، دەبێ ڕێ و ڕێ هەوراز ببیتەوە .. ئەوەندەی دیکە پرزەت لێ دەبڕێ.

منیش، دووپشک ئاسا نازانی لە کوێدا بۆسەی بۆ داناوی و پێتەوە دەدا. دووپشک هەندێ جار لە ناو پێڵاودا خۆی دەشارێتەوە. کێ دەڵێ لە هێکڕا مینێک لەبن کڵاشەکانتا ناتەقێتەوە؟

بە سەد نق و جڕ سەردەکەویتەوە. بەردەکەی سیزیفت بۆ ناگاتـە مـەنزڵ، ئەگـەر چـاوت لە خۆتـەوە بووا؟ .. ڕوخسارێکی ڕەش داگیرساو، هەناسە سوار. کە ڕەوت کرد مووی سپی لەسەرتا نەبوو، کەچی ئێستە سەرت بۆز، لووتت داژەندووە، هەندێ جار دەیدات لە پێچکەکان ..

لەلایەکی دیکەوە بۆ دادەپەڕیت، بە چیاوە بازرە بووی، ماندوو، دەمارەکانی ملت وەک توولەمار

دەرپەڕیون، بەم کۆڵە هاتنە خوارەوەش وەک سەرکەوتن ئەستەمە، چۆکت شل دەبێ، هۆپێکت لە خۆت زانی دوو ریز ( ڤالمارا ) وەک شەیتانی شاخدار هەر یەکەو بە پێنج چوکلەوە لە پێشوازیتایە .. دەوەستی .. چاو ورد دەکەیتەوە، تابزانی داخۆ رایەڵەکان لە کوێوە دەست پێ دەکەن. چاو بۆ سنگە ئاسنینەکان ورد دەکەیتەوە. جارێک دی بە جێی خۆتا سەرەوژوور دەبیتەوە. ئەژنۆت دەلەرزێ .. لە دووری ڤالماراکان پاڵت بە داربەڕوویەکەوەدا، دوێنێ شەوت دێتەوە بیر:

چرا نەوتییەکە لەبان مێزە شڕەکەوە بە شەوقێکی کزەوە زوو وەنەوزی بۆ چاوی منداڵەکان هێنا. ( جەیران )یش لە سەرلا، رووەو چراکە هەڵاژاوە. پێخەفی بەسەر خۆی دانەداوە. جەیران، ئەم رەوو کۆچبارە لە زێدی باپیرانی هەڵی نەکردایە. هەژاریی چۆکی لەبان کۆڵەی سینگی دانەدایە، کچۆڵەیەک بوو بۆ خۆی. ئێستەش بە لەش و لارو ئەندامی رێکی، بە چاوە گەشەکانی. ئەو مەمکانەی کە بەر بەرۆچکە دەچن. بانگی پەنجە تینووەکانت دەکەن. کەپووی کون. ریزە ددانی تیپی بە تەنکە لێوی پەمبە داپۆشراو، پرچی خورمایی بە بریقە، سمتی تورت و رانی گۆشتن، پێی بچووکی بە پاژنەی خڕ. دەستێی ناوەتە ژێر چەنەی و ئەوی دیکەی تا سەر ئەستوورایی رانی درێژ کردووە، پرچی رژاوەتە سەر دۆشەکەڵەکەی ژێری .. شەوقی چراکە نەخشی خۆی لەسەر لەش و لاری وێنە دەکێشێ. کراسە ئەرخەوانییەکەی ناتوانێ شێوەی شیرینی ئەندامەکانی لەشیت لێ بشارێتەوە. تۆی شارەزا لە ودا ئەندامی لەشی جەیران. شوێنە زەقەکان رووناک، گۆشە مردووەکان و چاڵایی نێوان چرچ و لۆچەکان تاریک .. سێبەرو روناکی لەنێوان خۆیاندا سنووریان کێشاوە. لەگەڵ هەناسەداندا جووڵەیەکی ئەفسووناوی بەردەوام لە نێوان چاڵایی کەمەرو بەرزایی سینگیدا شەپۆل دەدا. ناخت دەخرۆشێنێ و ئارەزووە متبووەکانت بە ئاگادێنێ. چاوێکی پێکی پێدا دەگێڕی، لە دەستەکەی ژێر روومەتییەوە تاک بن بە وردە درزو رەش هەڵگەڕاوەکانی .. لە ناوەڕاستی ژووری کەرەڤانەکەدا دەوەستی، چا.وێک بە منداڵە لاوازو لەجەرەمانتدا دەگێڕی، هەموویان کفت، لاڵ و پاڵ درێژ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بە دەنگە گڕەکەت بانگیان دەکەی:

- رەحمەت لەوەی ئەم هێشووە ترێیە دەخوات؟!

کەس سەر هەڵنابڕی، بە دەنگێکی هەراشتر دووبارەی دەکەیتەوە، کەسیان مووشیان پێ نابزوێ، بە لۆقێک دەگەیتە چراکە، کزی دەکەیت و لەپاڵ ( جەیران )دا درێژ دەبی.

هەناسە دەنێی بە هەناسەیەوە، پەنجەکانت بەناو ڤژە خورماییەکەیدا دەگێڕی، کەچی ژنی تاین

# ملوانکەی ستیل

دەستەکانی بەرز دەکاتەوە، زاری دەڕەوێنیتەوە. بەدەم باوێشکێکی قوولەوە دەڵێ:

- وەختی نییە .. وەختی نییە!
- وەختێتی .. هەموویان نوستوون.

دەست بۆ دامێنی کراسەکەی دەبەی، گرژ دەبێ، خۆی سێ قەد دەکات و ئەژنۆکانی دەقرسێنیە سینەیەوە. هێشتا چاوەکانی هەڵهێناوە، دەڵێ:

- لە هەواو هەوەسی خۆت ناکەوی.
- جەیران گیان ئاخر ...

لە دەمت دەسێنێتەوە. بە چپەیەکی توورەوە بیستراو لە سەری دەڕوات:

- ماڵەکەت جوانە .. هێلەکێک ئاردمان لەماڵدا نییە. بزانە دەتوانی نانە وشکەیان بۆ پەیدا بکەی؟!

- - -

دەست بۆ یەخەت دەبەی، هێشتا ملوانکە ستیلەکەت لەملدا ماوە فرامرز دەدەیتەوە بە کوڵتا، لە قۆڵیکی دیکەوە سەرەوخوار دەبیتەوە .. تۆ ئێستە لەسەر پشتی مین شایی دەگێڕیت و بە خۆت نازانی، لۆڵۆژ دادەگەڕێیت و ئەژنۆت شل دەبێ، لە خۆت دەبیتە دووان:

- کۆڵەکەت توور هەڵدەو بەسەڵتی بڕۆ؟
- جا چ جیاوازییەک هەیە؟
- کۆڵەکەت شوومە، تۆ ئێسکی مردووت بەکۆڵەوەیە!
- نە دارایی شوومترە!
- هەتیو مەردان بابایەکی وەک تۆ گەرمیانی، نامۆ بەم چیاو چجوردە. نەدەورەی مین هەڵکرتنەوەت دیوە نە مینڕۆژت (کاشفە) پێیە، ئێستە لە مین جارێکدای لەهەر چوار کەنارەوە مەرگ شالاوت بۆ دێنێ و زمانت لێ دەردەکێشێت، چۆن رزگارت دەبێ؟
- لەسەری مەڕو گەوجە، منیش حەزم لە شوێنی گەرم و نەرمە، حەزم لێیە منداڵەکانم ئاوریشم بپۆشن و لەسەر تووکی قوو بنوون. پێم خۆش بوو بە لیقە لیق و پێکەنین دەرو دراوسێیان بێزار بکردایە، بەڵام خۆت ئاگاداری ژیانم ناڕوات، دە تۆ کارێکم بۆ بدۆزەرەوە با بیکەم.
- بگەڕێوە دوون، بۆ لای باخە سەوزەکەت.

هەواڵنامەی کتێب

- ناگەڕێمەوە. بە سەری شۆڕەوە ناگەڕێمەوە! .. بیرت چووە؟ .. هەفتەیەک کوڕێنیم کرد. هەفتەیەک ژیام، چێژی تەمەنێکی هەبوو، هەفتەیەک خاوەنی خۆم بووم. ئێستەیش چۆن بەسەر شۆڕی بگەڕێمەوە؟ .. من و کاری چرووک؟ بگەڕێمەوە باخێک دەبەمەوە، بەڵام ماندوو بوون و بەردەڵ بەردی چوار ساڵم دەدۆڕێنم.
- ئێستەیش دۆڕاندووتە، هەموو مەردانەکان دۆڕاندیان، کردەی ئێوەو بردەی نامەردان بوو مەردان!
- نانا من ئاواتی گەورەم لەدڵدایە.
- باشە تۆ ئەم کارەی ئێستەت بە ڕەوا دەزانی؟
- ئا .. بە ڕەوای دەزانم، ئەگەر چی ئەم بازرکانییە بۆ یەکەمجار لەم ناوچەیەدا پەیدا بووە ..!
- مەبەستم ژیانی خۆتە. تۆ ئێستە لە نێو مین جاڕدای. دەزانی ئەگەر مینێک لەژێر پێتا تەقییەوە چیت بەسەر دێ؟!
- دەزانم! .. لانی کەم لاقێکم دەپەڕێ و دەبمە مەردانە یەک لاق!
- ئەی ئەگەر بە یەکجاری لینگت لێک ڕەواندەوەو قوونت کردە ڕەشەبا؟
- تۆ خۆش. خۆم داوەتە دەست چارەنووسی نادیار. خۆ لە خۆشیاندا لووتم بەم چیایەوە نەناوە. دەرەتانم نییە.
- ئەدی وردیلەکانت؟ .. ئەدی جەیران؟ .. جەیران هێشتا بەریوە ماوە. خودا خۆی دەزانێ چی بەسەر دێ؟ .. لەوانەیە شوو بکاتەوە!
- بەجارێک پێت لێ هەڵبڕی. نامەوێ چیدی گوێم لەم چەڵتەچەڵتە بێ.
- تۆ لەسەر تیراژی دەمەگویزان سەما دەکەی ها تاوێکی تر مینێک لەژێر پێتا ناڵە دەکات. لەشت توێ توێ دەکات و تۆزت بە ئاسماندا دەبات. هەر بە کەوتنی داڵە برسییەکان، گورک، چەقەڵ و پشیلە کێوی تێت دەوروکێنن و دەتکرێننەوە. ئەوجا بۆ کرم و مێروو جێت دەهێڵن. ڕەنگە ئەو قورسەی ملت، گەردنی دیکەشی بینیبێ، لەوانەیشە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئارامی باڵ بکیشی، ئەم چیایە لە مین پاک بکرێتەوە، ئەو حەلە لەرێ و ڕەسمێکدا وەک فرامرز تۆش بکەنەوە بەودیودا. جا ئەوسا دایکە پیرو باوکە پیری فرامرز ئەگەر لە ژیاندا مابن گەرمەشینت بۆ بگێڕن و ڕۆژانی هەینی لە غەریبستانی گەورەی ( ئەسفەهان ) بێنە سەر گۆڕت. خێرو خێراتیشت بۆ بکەن،

# ملوانکەی ستیل

- مەردان تۆ هیچ پسوولەیەکت لەبەرکدا نییە تاکو بەهۆیەوە بتناسنەوە. ئەوەی تۆی پێ بناسرێتەوە تەنیا ئەو قورسەی ملتە کە بە ملوانکە ستیلەکەوە شۆڕبۆتەوە. ئەو ملوانکەیە بۆتە تەوق و جۆتە گەردنت. دوای سالێکی دی ئێسک و پروسکت تەواو دەپووکێتەوەو وشک هەلدێ. هەر هێندەت دەمێنێتەوە کە ئێستە وا بە کۆلتەوە. وەک هەموو ئێسکە پەیکەرانەی بەم چیایە وەربوون و .. جەیران نازانێ کوێت بۆ بگەڕێ. کە لە مال دەرچووی بە کەست نەوت و ناوونیشانت بەجێ نەهێشت مەردان.
- خۆ من ئێستە بە زیندوویی چی تێدایە ئەگەر ئێسک و پروسکم ئاوارە بێ.
- قیروسیا. کەسەر لەوەدایە مرۆڤ لە مالی خۆیدا ئاوارەبێ. ئەمەیان سەختترین غەریبییە. مرۆڤی وەک من باکی لە دووره ولاتی نییە، جا مردوویش ئەوە هەر هیچ، بەلام پێم نالێی بۆ قسەیەکی خێر بەسەر زارتا نایەت هەی کوندەبووی شووم؟
- راستیت پێ دەلێم مەردان.
- لەوە زێتر لەسەری مەڕۆ مەردان، دلم بە بەرییەوە نەماوە.
- یاخوا بە پێی خۆت و بە دوو گونیە ئاردەوە بگەڕێیتەوە کەرەڤانەکەت. ئەمشەویش لەگەل جەیران تێکخزێن ... ئەوا بێ دەنگ بووم!

- - -

شەنکت لەبەر براوە، شەتلی ئارەقەی، لەگەل ئەوەشدا ملانێ لەگەل مەرگدا دەکەیت.
بە وریاییەوە جێ پێ بۆ خۆت دەدۆزیتەوە. ورد دەبیتەوە. هەست رادەگری. وەک زەلیل چۆن هەتا لە جێ پێ دلنیا نەبێ قورسایی ناخاتە سەر لاقی و هەنگاو هەلناهێنێ.
بەلام مەردان چاو وردکردنەوە جێگەی ( کاشفە ) ناکرێتەوە. تۆ دەتەوێ لووتەپێ و چاو لەبری دەزوو لە شاخی هەستکردنی مێروو بەکاربهێنی و دەورووبەری پێ تاقی بکەیتەوە .. نا، مەردان .. نا .. هەستت چەند زیندوو بێ، تەنیا ئەو مینانە دەبینی کە بەسەر زەمینەوەن.
ئەوانەی ژێر زەوی، ئەوانەی گیا یان لە بان روواوە، نایانبینی. ئەوانیش خاکین مەردان.
دەلێی پێ بە هێلکەدا دەنێی .. تاق تاق کەرە دەنگی دێ. هەلو سیرەی دێ .. دارکونکەرە لێکدا لێکدا دریل ئاسا بە دەنووک قەدی درەختێک کون دەکات و تەق و هورێتی. چولەوانییە چولەوانی .. گێژەلووکەیەک رووی تێکردووی پووش و پەلاش و قنکلاشک بەرەو رووت دێن. خۆلی ئەم چیایە

هەواڵنامەی کتێب

رەنگی خوێنی گرتووەو دەڕژێتە چاوت، بینایت لێڵ دەبێ، لەگەڵ وژە وژی باکەدا فیک و هوڕ دەبیستی. هەبێو نەبێ، ئەم فیکە فیکە لە گزگل و مازووی چەند ساڵەی کون تێبووەوە هەڵدەسێ کاتێ بەرەو رووی تەوژمای باکە دەبنەوە .. سوێسکەیەک سەرەوخوار لە فجووقی دا .. دڵت ختوورەی پێدا دێ و رادەپەڕیت.

باوەڕت بە سینەما نەبێ .. درۆ دەکەن کاتێ کوڕەپاڵەوانی فلیمی جەنگ بەسەر میندا دەکەوێ، لەگەڵ هەوای موسیقایەکی ترسهێنەردا وشک دەوەستێ، مینەکەیش وا لەژێر پێیدایە، دوای ئارەق رشتن و وریاییەکی زۆر کە هەناسەی بینەر دەتاسێنێ، قەمەکەی لە کەمەری دەترازێنێ. مینەکە بنکۆڵ دەکات و بەتاڵی دەکاتەوە. وەک نە بای دیبێ و نە باران رەت دەبێ، درۆیە مەردان گەرمیانی، مین ئەگەر پێت لەسەر دانا دەتەقێت و هیچ چارێکی نییە، تۆیش هەر کە پێت لەسەر دانا دەتەقێت و فیلمی بەسەرهاتەکانت لیرەدا کۆتایی دێ، دەبیت بە تۆزی بانان، باوەڕت بە فرو فێڵی سینەما نەبێ مەردان.

دڵوپێک ئارەقە لەسەری لووتتەوە دەتکێتە زەوی، گوێت لە قوڕەقوڕی زکی خۆتە. لێویشت توێژاڵێکی سپیی لەسەر نیشتووە. مرۆڤی تینوو وشکەجای پێناکرێ، با بگەیتە سەر کانیلەیەک ئەوسا بیر لە ئاشتا بکەرەوە، لە ناکاو کولەفرەیەک بە دەنگی رەقی باڵەکانیوە تووشی راچەنینت دەکات، ئەو بە زەوییەوە دیار نەبوو بۆیە فرینەکەی راپەڕاندی. پێت دەکەوێتە سەر وردە زیخ و لاقت دەردەچێ، بە پشتا رەهێل دەبی، سەرەوخوار دەخزێیت ئێسک لەناو شان و قەبرغەت گیر دەبێ.

قرچ و هوڕی ئێسکەکانی کۆڵت ویژدانت ئازار دەدەن، بە نق و جڕ هەڵدەسیتەوە، پشتت ژانی هەیە، پێدەچێ سهەت توێخێکی چووبێ، چۆن کڵاو کوڕە سەردرخت ناکەوێ تۆی گەرمیانیش رانەهاتووی سواری پشتی چیا ببیت .. ئای دنیای بێ بەینەت. لەوانەیە ئەمجارەیان ئەو سەرە پڕ شۆڕو دڵە پڕ ئاواتەت، ئاواتی گەڕانەوە بۆ دووز نەبەیتە دواوە .. جوان دێتەوە یادت. دەڵێی ئەمڕۆیە، بانگهێشتی شایی کرابوون. کیژێکی سەرتاپا وەنەوشەیی لە گەڕی شاییدا دەهەژا، چاوت لێی نەبووەو نیگاتان تێک دەئاڵقا، وەختابوو کامی بۆ بکەی، کە گەڕایتەوە بە دایکتت وت: "ئیللان و بیللان کچە وەنەوشەییەکەم ویستووەو دەمەوێ!" .. ئەو رۆژە جەیرانی مبلا وەنەوشەیی، پرچە خورماییەکەی دەڕژایە سەر چاوی. وەک گۆمێکی روونی بە درەخت پەرژین چۆن تیشکی خۆری تێدا دەشکێتەوەو لەنێوان قەدی درەختەکانەوە چاوچاوانی لەگەڵ رێبواردا دەکات، ئاوها لە نێوان تاڵ تاڵی قژە

# ملوانکەی ستیل

پەریشانەکەیەوە بریسکەی چاویت دەدی. شەپۆلانی کەمەرو بەرزبوونەوەی سینگ و بەرۆکی کەمێک دیاری، ئەفسوونێکی دەرژاندە هەناوت، ئێستەش بیرت نەچۆتەوە. لە پاپووجی سپیدا پێیەکی بەرزدەکردەوەو ئەوی دیکەی نەرم نەرم دەدایەوە بە زەوییە تەختە ئاورشێنکراوەکەدا.

کرم .. ! ! ئەوە مینە لەبن پیتا نالە دەکات، چی تەیرو توالی ئەو لاپالە هەیە نەترەیان دەچێ و هێلانەی خۆیان جێ دێڵن، ئەوە مینە لەژێرتا دەتەقێتەوە، گیانلەبەرانی چوارپێ هەندێ دەخزێنە کونەوە، هەندێ وەک ئاسکی برابرا دەرەوونەوەو جێ بە خۆیان ناگرن. گورگێکی لەناو بیشەدا خۆ مەلاس داو زیت دەبێتەوەو هەست رادەگرێ، رووەو شوێنی تەقینەوەکە دێ. تەقینەوەکە باڵازەلامێک حەوات دەخات .. مەردان تۆ ئێستە بە حەواوەی. هەر بەو خێراییەی حەوا کەوتی دەگەڕێیتەوە سەردەمی منداڵی و لەوێوە بروسکە ئاسا گەشتێکی دیکە بە سەفەرنامەی ژینتا دەکەیتەوە. " توخوا دایە گیان نوقورچم لێ مەگرە .. ئیتر بەقسەت دەکەم، ئۆف ! ! هیواش، لفکەکە بریندارم دەکات، بێدەنگ بە، بۆنی کەری تۆپیوت لێدێ. مانگێکە ئاو بەر لەشت نەکەوتووە. با بتشوم.

- ئاخر نوقورچم لێ مەگرە .. لەدەورت گەڕێم دایە گیان .. کەف دەچێتە چاوم .. با چاوم بە دەرەوە بێ."

- - -

" - بەخوا بابە گیان خەتای من نەبوو. ئەو لەپێشدا پالاماری دام. شاپێکی لە قوونم دا ئەوجا دەستم لێکردەوە.

- وسبە هەتیوە زوڵە. تۆ سەری ئەوت شکاندووە. وابڕوات هەموو دراوسێکانم لێ دەرەنجێ."

- - -

"- مەینێرەوە بەر خوێندن با کاسبی بکات.

- ناینێرمەوە. بە دوو ساڵ پۆلێک دەبڕێ مەردانە تەمەڵ!"

- - -

"- هەڵسە مەردان درەنگە. دەڵێی سەپانیت بۆ کردووین. هەڵسە نۆرە ئاومانە. پەلە تەماتەکە خەریکە وشک دەبێ.

- نەتانهێشت خەو بچێتە چاوم. هێشتا دنیا تاریکە ئەم پەلەپەلەن لە چییە؟"

- - -



هەواڵنامەی کتێب

پەنجەکانی پێی راستت لێکدەترازێن و شی دەبنەوە. کاوەکاوی برین. بۆکرووزی گۆشت و مووی پووزت تێکەڵ دەبن. هەر بە ئاسمانەوە دەستت لە زارکی گونیەکە بەردەبێ. گونیەو شەروڵەکەت ونجرونجر دەبن. جامانەکەت بە حەواوە رێرێ دەبێ و لەنێو گێژەنی گەردەلوولەکەدا لوول دەخوات و بە چڵوسکی دارگوێژێکەوە دەکیرسێتەوە. وەک تەرازووی پەت پچڕاو لەنگەرت تێک دەچێت و زرم دەکەویتە زەوی. دەنگی دڵت دێ. کەللەی فرامرز، برپراگە، لوولاق و پەراسووەکانی لە تۆ زیاتر بە ئاسماندا دەچن.

هەر پارچەیەک دەکەوێتە کەلەبەرێک و دەبێت بە ئاردی ناو درک. لە دابەزیندا تۆپی سەری بەسەر مینێکی دیکەدا دەکەوێت. ئەویش کڵپە دەکات. کاسەسەر جارێکی دی حەوا دەکەوێت. بەوردوخاشی بە ئاسماندا بڵاودەبێتەوە، پاشان دەبێتە تۆوی ئەو لاپاڵە. ئەم تەقینەوەیە سەرەو خوار تل بەتوی کەلەلا دەدات .. بەردە نووک تیژەکان، کلمتک، چیلکە، درک و دەوەنە سەرگڤنەکان دەتکوتن. دەچەقنە جەستەت.

پارچەی مین و زیخ، سەدان وردە کونیان تێکردووی، شوێن کونەکان شین هەڵدەکەرێن، روخسارت وەک بێژنگی لێ هاتووە، زارو کونە لووتت پڕ خۆڵە سووره بوون، کاسەی چاوت پڕ وردە بەردو خۆڵە سوورە بووە، چاوانت ئاسان و خوێن دەدەڵێنن.

روخسارت بەجورێک شێواوە زەندەقدار زەندەقی لێت دەچێ.

"- ئیللان و بیللان کچە وەنەوشەییەکەم ویستووەو دەموێ. بۆم نەهێنن ئەو رۆیشتنەی رۆیشتم ئیتر چاوتان بە چاوم ناکەوێتەوە."

- - -

"- خەنجەر بەقەد، چەقۆ بەدەست، تفەنگ لە شان، با لە ماڵ بێتەدەر، رۆژێکەو ئەمرو!

- لە مزگەوتەوە بانگەواز دەکەن .. جەیران، کوا خەنجەرەکەی باپیرەم؟ راپەڕین گەیشتە دووز!"

- - -

"- با مەردان بچێتە ژووری و قسەی لەگەڵ بکات.

- خۆم تێیدەگەیینم.

- خۆت دەزانی چ قیامەتێکە. یان دوامانکەوە یان تفەنگەکانمان بدەیە. کورگەل لە دەرەوە چاوەڕوانی وەڵامن.

# ملوانکەی ستیل

- مەردان نابینی، وا خۆم کۆدەکەمەوە. لەگەڵتانم. با کورگەل بێنە ژووریٚ."

"- لە هەواو هەوەسی خۆت ناکەوی.

- جەیران گیان ئاخر ..

- ماڵەکەت جوانە .. هێلەکێک ئاردمان لە ماڵدا نییە. بزانە دەتوانی نانە وشکەمان بۆ پەیدا بکەی؟"

- - -

تل دەخۆی. دەکەوی بەسەر مینێکی دیکەدا. لە گرمەو ناڵەی ئەم ئەشکەوت بۆ ئەو ئەشکەوتی دەسەنێتەوە. ئێستە سێ کێژەڵووکەی سووری تێکەڵ بە دووکەڵ بەو لاپاڵەوە هەڵیانکردووە دەبینرێن. کونجرە دەخزێتە بێخی قژە خۆڵاوییەکەت. تاڵەکانی قژت وەک درکی ژیشک راساون. تیتۆڵی کراس و شەرواڵەکەت بە شەخەڵ و درکزی و پنچکە گفنەکانەوە عاسی دەبن. لە چاڵێکدا کفت جێ بە خۆت بکرە. ئێستە ( جەیران )یش بێتە سەریت ناتناسێتەوە. بۆرە گورگێکی زەلام بستێک زمانە سوورەکەی دەرکێشاوە، لیکی لێ دەچۆڕێ. لێت زیت دەبێتەوە. چاوەڕوانە بە تەواوی سارد ببیتەوەو لمۆزت تێ بژەنێ. چەقەڵ و پشیلەکێوی بە ماتەمات دێنە پێش، تەنوورەی داڵ بە قوبەی شینی ئاسمانی بان چیاوە چەرخەیانە، مایتەوە لاشەیەکی بێ جووڵەی سارد. ملوانکەیەکی ستیلت لە گەردنە قوڕس تۆزاوی. ئەی فرامرزی دەروێشی بزرکمەهر / تیپی ١٤ ی زرێپوش / ئەسفەهان / + ب

ریبەندان ١٩٩٥

---

١- خەڵکی ناوی تایبەتییان لەمینەکان ناوە. بە( VS-50 ) دەڵێن: (سەر رەشەکە ).بە ( V-69 ) دەڵێن (شاخدارەکە بە (PMN) دەڵێن: (دوو کوێچکە ) بە کلایمور دەڵێن: (تەلەفزیونەکە ). بە (VAR-40 ) دەڵێن (مەمکە مژە ) .... تاد ..

تێبینی: ئەم کورتە چیروکە پێش ئەمە، لە گۆڤاری ( رامان )ی ژمارە ١٣، ٥ ی کەلاوێژی ساڵی ١٩٩٧ دا بڵاوبۆتەوە.

## بەرگورد

### ناساندنی کتێب

محمد نورالدین

# ترکیا في الزمن المتحول: قلق الهویه وصراع الخیارات

لندن – بیروت: ریاض الریس للکتب والنشر/١٩٩٧ / ٣١٢ص.

یەکێك لەو کتێبە چاکانەی بۆ تێگەیشتنی تورکیا پێویستە بخوێندرێتەوە، کتێبی " ترکیا فی الزمن المتحول"ە. لەوێدا هێڵە گشتییەکانی پێوەندی عەرەب و تورك، کوردو تورك دیاری دەکرێن، پێوەندییەکانی عەرەب و تورك لە دوو لایەنی سەرەکییەوە راستەوخۆ بەندن بە مەسەلەی کوردەوە کە ئەوانیش مەسەلەی ویلایەتی موسل و مەسەلەی ئاوی کوردستانە کە رووبارانی دیجلەو فورات دەگرنەوە. هەر پێوەندییەك لەنێوان تورك و عەرەبدا هەبێ، بە چاك و خراپییەوە کەم تا زۆر کوردیش دەگرێتەوە، چونکە سەرتاپێی مەسەلەکان لە ئەنجامی داگیرکردنی سێ بەشی کوردستانەوەیە لەلایەن تورکیا، عیراق و سوریاوە.

رۆژێك لە رۆژان کە وای لێهات کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ دروستبێ، ئەوا کێشەکانی نێوان عەرەب و تورك زۆر کەم دەبنەوە، لەبەر ئەوەی دراوسێیەتی و تێکەڵاوی لەنێوانیاندا دوورتر دەکەونەوە. ئەوەی کە لە ئەنجامی دراوسێیەتی جوگرافیدا لە ئێستادا هەن، ئەو دەمی تاوی هێندەیان نامێنێ و لە ئاکامدا پێوەندییەکانیان خۆشتر دەبنەوە.

چۆن دەتوانرێ تورکیا پێناسە بکرێ؟ کارێکی ئاسان نییە! بۆیە محەمەد نوورەدین باسکار لە نێونیشانی لابەلایی کتێبەکەیدا بە " پێناسەو زۆرانبازی هەڵبژاردن" نێوی دەهێنێ. تورکیا چییە؟ تێکەڵییەکی سەختی فرەلایەنەی وایە کە رواڵەتی سەرەکی ئاسان نییە ... " پێناسەی ئەو دەوڵەتە. یەك میللەت نییە، تورك، کورد، عەرەب، ئەرمەن، موسڵمان، عیلمانی، ئەورووپایی، ئاسیایی، رۆژهەلاتی

ناوەراست، ئەتلەسی، تۆرانی، لیبرالی، پارێزگار "موحافیز"، جیهانی ئیسلامی ...لەو ناوانەوە ئەو هەموو رەوت و رێبازانە لە زۆرانبازییەکی توندوتیژدان، هەر تاوە نا تاوێك بەهۆی کاریگەری ناوچەکەو رووداوەکانی جیهانەوە رەوتێك لە سیاسەتی تورکیا هەڵدەتۆقێنێ، بێ ئەوەی بتوانێ هێڵەکانی تاریفێکی تەواو گەڵاڵە بکا.

ئەم کتێبە هەشت بەشە. لە بەشی یەکەمدا لە کاریگەریێتی رووخانی یەکێتی سۆڤیەت باس دەکاو وا دەزانێ کە جێگەو رێگەی تورکیا دوای ئەو هەرەسە زۆر کەم بۆتەوە. بۆیە تورکیا هەولدەدا بە گیانی تۆرانییەت دەورێکی گەورە لە ئاسیای ناوەراستدا ببینێ، لەهەمان کاتدا پتر روو دەکاتە جیهانی ئیسلامی، ئەمە بێ ئەوەی ئەورووپایەتی خۆیان لەبیر بچێتەوە!" هەڵبەت سیاسەتی نێوان خۆیان بە ئاسانی نە لە جیهانی ئیسلامیداو نە لە ئەورووپادا جێگایان بۆ ناکاتەوە. بۆیەکەمیان پێوەندی ستراتیژی تورکیا بە ئیسرائیل و هەڵوێستیان بەرامبەر هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان تەگەرەن. بۆ دووەمیشیان؛ مەسەلەی کوردو مافی مرۆڤ دیسان دوو کۆسپن لەبەردەمی تورکیادا بۆ بوونە ئەندام لە یانەی ئەورووپادا. لەم بەشەدا پێتەیەکی چاکدراو بە رۆڵی بەرچاوی ئۆزال کە چۆن دەیەویست "تورکیای مەزن" دابمەزرێنێ و چاوەڕوانی پاداشتی رۆڵی تورکیای دەکرد لە سەردەمی جەنگی ساردداو هەروەها رۆڵ و خزمەتی تورکیا لە عەمەلیەتی "گەردەلوولی بیاباندا" بۆ رزگارکردنی کوێت لە ١٩٩١دا. مردنی لە ناکاوی ئۆزال، نەخشەو ئەندێشەی گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵی لە مێشکی سیاسەتمەدارانی تورکیادا رەش نەکردۆتەوە، زۆری وەك مەسعوود یەڵماز خەوی پێوە دەبینێ. هەڵبەت جگە لە پەلاماری پارتی کرێکارانی کوردستان، پەلاماری خوارووی کوردستان، هێنانەوە ژێر باری ویلایەتی موسڵ بۆ باوەشی دایکە ستەمکارەکەی! سەرۆکی تورکیا سلێمان دیمیرێل لە ٣/٥/١٩٩٥دا بە راشکاوی ئەوەی راگەیاند کە پێویستە سنووری نێوان تورکیاو عێراق بکێشرێتەوە، چونکە "ویلایەتی موسڵ تا ئێستا سەر بە تورکیایە" هەر وەك چۆن لە میساقی گشتیی نیشتمانیی تورکیا لە ١٩٢١دا، ئەو خەوە بەردەوامە کە ویلایەتی موسڵ و سەرووی قوبروس دوو شابالی تورکیان.

لە بەشی دووەمدا، باس لە دەزگا سەربازییەکان و تافیکردنەوەی دیموکراسی دەکا، سەرگوڵی ئەم بەشە بە تاقیکردنەوەی رۆڵی حیزبی "رەفاه" و حکومەتەکەی دەزانێ کە چۆن عیلمانییەت لە ٧٥ ساڵدا نەیتوانیوە بناغەی موسوڵمانیەتی میللەتانی تورکیا هەڵتەکێنێ، بۆیە هاتنە سەرکاری نەجمەدین ئەربەکان و حیزبی رەفاه بووە هۆی ئەوەی ژەنەراڵەکان، دیموکراسیەت پێشێل بکەن و ئینقیلابیان بە سەردا بکەن.

## بەرگورد

بەشی سێیەم، تەرخانە بۆ گرنگترین کێشەی تورکیا، ئەویش مەسەلەی کوردە، لەگەڵ ئەوەدا کە دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئێسك و پروسکی کوردو بەدزێتی هەوڵی ئەوان سەپێنراوە، فەرمانڕەوایانی تورکیا لە ماوەی هەشتا ساڵەی مێژووی تازەیاندا نکولی لێدەکەن و لە فرمێسك و خوێن و کاولکاریدا کاری شاردنەوەی دەکەن و بۆشیان نەدیو ناکرێ.

مەسەلەی کورد لە باکووری کوردستاندا، بەشێکە لە مەسەلەی کورد بەگشتی و تێروانینێکی پێناسەیی و رووناکبیریی و سیاسی و مێژوویی و جوگرافیایی هەڵدەگرێ. ئەمە چ لای خۆمان و چ لای داگیرکەران پێویستە بە سەرنج وەربگیرێ. کورد ناکرێ بیر لە چارەسەرێکی هەمیشەیی و فراوان و دادپەروەرانە بۆ مەسەلەکەی نەکاتەوە، بەوەی عەقڵ و بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانی بۆ تەرخان بکرێ.

لەم بەشەدا کە نێونیشانی (اكراد باحثون عن خريطة)ی وەرگرتەوە، محەمەد نورەدین سەرەتا بە هەوڵی تورگوت ئۆزال سەرۆکی پێشووی تورکیاو تانسو چیلەری سەرۆك وەزیرانی پێشووتری تورکیا دەست پێدەکا، کە چۆن هەریەکەیان لە سەردەمێکدا بیریان لە چارەسەری مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا کردۆتەوە. لە ئاکامدا هەوڵی یەکەمیان بە مردنی ناکاوی ئۆزال لە ١٧ی نیسانی ١٩٩٣دا کۆتایی هات. هەوڵی ددوەمیان بە رەتکردنەوەی سەرسەختانەی سلێمان دیمیرێل و سەرۆکایەتیی سوپاسالاری سوپای تورکیا پووچەڵ کرایەوە. ئەوجا هێما دەکا بۆ شۆڕشەکانی شێخ سەعید لە ١٩٢٥ و راپەڕینەکانی ئاگری داغ لە ١٩٢٨ و ١٩٣٠ و راپەڕینی ١٩٣٧ کە چۆن هەموویان لەلایەن لەشکری تورکیاوە زۆر بە درندانە تێکشکان و هەزاران کوژراوو بریندارایان لێ خستن. لەگەڵ ئەوەشدا زەبرو زەنگ نەیتوانیوە کوردایەتی لەناو بەرێ، سەرلەنوێ لەسەر دەستی هەندێ کۆمەڵە و رێکخستن و لەلایەن رووناکبیرانی کورد وەك موسا عەنتەر و محەمەد بۆز ئەرسەلان و کەمال بورقای دەنگی (هۆشیارییەکی کوردی) سەرهەڵدایەوە.

دوابەدوای ئەوە دێتە سەر دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ‌ك‌ك). لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ و دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانەیان لە ئابی ١٩٨٤دا، لەو کاتەوە هێرشی لەناوبردن و خاپوورکردنی باکووری کوردستان درندانەتر لە پێشوو درێژەی هەیە. بۆ ئەو مەبەستە تورکیای داگیرکەر هەرچی توانست و هێزی سەربازی و ئابووری هەیە بۆ تێکشکانی خەباتی گەلی کورد لە بەشی سەرەوودا تەرخان کردووە، جگەلەوەی مارەیەکی زۆر لە خەڵکی دێهاتی کوردی لەژێر زەبرو زەنگ و هەڵخەڵەتاندن کە ژمارەیان نزیکەی پەنجا هەزار دێهاتی دەبەن بۆ بەگژداچوونەوەی بزووتنەوە چەکدارییەکە رێکخستوون تا رۆڵەی میللەتەکە بە یەکتری لاوازو نابووت بکا. دیارە دروستکردنی

دەزگای جاشێتی لەناو کورددا لەلایەن هەموو داگیرکەرانی کوردستانەوە تازە نییە، هەرکاتێك بزووتنەوەی چەکداریی کورد دروست بووبێ، لەبەرامبەریدا هێزی چەکداری پێچەوانەی ئاواتی کورد، لەلایەن رەگەزپەرستانەوە هەڵۆقێنراوەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان یەکێك لە گەورەترین کۆسپەکان بووە. بەلای محەمەد نوورەدینەوە سیاسەتە فرەلایەنەکانی دەوڵەتی توورکیا لەرووی کوردەکاندا بەم جۆرەیە:

## سیاسەتی رەگەزپەرستی

لە دروستبوونی دەوڵەتی تازەی تورکیاوە، ئەو وڵاتە سیاسەتی رەگەزپەرستیی کەمالی دژ بە کورد پیادە دەکا، کورد بە نەتەوە نازانن و ددان بە بوون و پێناسەیاندا نانێن. محەمەد نوورەدین کۆمەڵێ قسەو گوتەی گەورە بەرپرسیارانی تورك بە نموونە دەهێنێتەوە کە هەر هەموویان بۆنی دواکەوتن و کەم عەقڵی و نەبوونی شارستانییەت پیشان دەدەن، لەوانە جەمال بەگی وەزیری ناوخۆی تورکیا لە کاتی راپەڕینی دەرسیم لە ١٩٣٧دا کە دەڵێ: "یاخیبووەکان بە زەبری هێز کرانە شارستانی". جەمال کۆرسیلی سەرۆکی کودتاچییەکانی ١٩٦٠ لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا دەڵێ: " ئەگەر تورکە شاخاوییە لادەرەکان چۆك دانەدەن و هێمن نەبنەوە، ئەوا سوپا هۆ ناکاتەوە لە بۆردومانی شارو دێهاتەکانیان و خاپوورکردنیان، ئەو کاتە خۆیان و وڵاتەکەیان لە گۆمی خوێندا نوقووم دەبن". مستەفا کەمال چۆراوگەی خۆ بەزل زانین کۆ دەکاتەوە کە دەڵێ: "ئای چەند کامەرانییە ئەو کەسەی کە دەڵێ من تورکم؟".

## دواکەوتن و جوداخوازی

دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەسەلەی کورد، سیاسەتی بە هەژارکردن و دواکەوتن و نەخوێندەوارێتی کردنیان لەبەرامبەردا جێبەجێ دەکا. هەر لە یەکەم رۆژەوە تورکیا لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کراوە بە دوو بەشی لەیەك دوور. رۆژئاواکەی: پیشەسازی و بازرگانی و میدیای بەبرەوی تێدایە و زۆر بەخۆشی و بەرزەفر دەژین. خوارووی رۆژهەڵاتەکەیشی کە کوردستان دەگرێتەوە لەوپەری دواکەوتنی کشتوکاڵی و رژێمی دەرەبەگیدان و چریی سەرژمێریان لە زۆریدایە.

## سیاسەتی چەك و تۆقاندن

[ چارەسەری سەربازی ] یەكێكە لە هۆكارە گەورەكانی بەدەست توركیاوە بۆ دامركاندنەوەی مەسەلەی كورد ، ئەوان لەلایەكەوە بناغەی ژیان لە كوردستاندا هەڵدەتەكێنن. لەلایەكی دیكەشەوە سامانی توركیا بەبا دەدەن، بەپێی زانیارییەكی لە ١٩٩٣دا بلاوكراوەتەوە، تەنێ لەو ساڵەدا هەشت هەزار ملیۆن دۆلار لە شەری [ دژی چەتەكاندا ] خەرج كراوە. ئەو پارەیە تەرخانە بۆ مانگانەی جاش و پۆلیس و جاسووس و عەمەلیاتی پشتی سنوور [ سەرووی عێراق ] ، هەروەها چەكەمەنی و فرۆكە، كە گشتی لەشەری دژی كورددا بەكار دەهێنرێن. خەرجی رۆژێكی لەشكری توركیا لە كوردستاندا نزیكەی دوو ملیۆن و نیو دۆلارە.

لە ئامارێكدا كە نەتەوەیەكگرتووەكان بلاویكردۆتەوە دەڵێ: " ئەو تانك و زریپۆشانەی توركیا لە ئامریكاو ئەلمانیای كریوە. لەساڵی ١٩٩٣دا بەرامبەر هەموو ئەوە دەبێ كە سوپای بەریتانیا هەیەتی، زووربەشی لە رووبەرووبوونەوەكانی ناوچەكانی خواررووی رۆژهەلاتدا بەكار دەبرێن. " .

خەرجی جەنگ لە ساڵی ١٩٩٣دا كە نزیكەی هەشت هەزار ملیۆن دۆلار دەبێ، نیوەی بودجەی پرۆژەی گاپە، یا نیوەی زیانی توركیایە لە شەری دووەمی كەنداودا ، دوو ئەوەندەی دەسكەوتی گەشت و گوزاری ١٩٩٢ە، بەرامبەر دانەوەی قەرزی دەرەوەیە لە ساڵی ١٩٩٢دا ، چارەكێكی بەرهەمی پیشەسازییە، یا بەقەدەر نیوەی بەرهەمی نێرراوە بۆ دەرەوە.

## كاری مەسەلەی كورد بۆسەر توركیا

### سیاسەتی ناوخۆ

فراوانبوونی مەسەلەی كورد تاوێكی وای كرزدۆتەسەر توركیا كە دەوڵەت لەرووی سەربازیو ئابوورییەوە داوەشاوە، پەردەی لەسەر دیموكراتییەتە رووكەشەكەشی هەڵداوەتەوە، بەوەی كە لە چواردەی تەمووزی ١٩٩٣دا حیزبی كاری گەل كە شانزە ئەندامیان لە پەرلەماندا هەبووهەڵوەشاندەوە، لە ئەنجامیشدا لە دووی ئازاری ١٩٩٤دا پارێزراوێتیی ئەندامێتیی لەسەر ١٦ ئەندامەكەی لابردو بە تاوانی جیاخوازیو چالاكی دژی دەوڵەت فەرمانی گرتنیان درا.

مەسەلەی كورد بۆتە بگرەو بەردەیەكی زۆر بۆگشت حیزب و لایەنەكان و باری ناوخۆی توركیای لای دەرەوە تایبەت ئەورووپا خستۆتە بەرگومان و دڵەشبوون لێی.

## هۆکاری ناوچەیی

رووداوەکانی جەنگی دووەمی کەنداو بوونەتە مایەي نارەحەتی بۆ تورکیا . سووریا لەسەر لیستی دژمنایەتی تورکیاوە دانراوە، بەوەی یارمەتیی ( پ‌ك‌ك ) دەدا ، توندووتیژییەکی وا پەیدا بووبوو مەترسیی شەڕی لە نێوان سوریاو تورکیا پێکهێنابوو .

لەسەردانی حاییم وازمانی سەرۆکی ئیسرائیل بۆ تورکیا لە کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ دا چیلەری سەرۆك وەزیرانی ئەودەمی تورکیا هەولێی وەدەستهێنانی پشتگیریی ئیسرائیل دەدا دژی (پ‌ك‌ك) .

قسە لەسەر دەوڵەتی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆتە یەکێك لە گەورەترین هۆکاری تۆقینی تورکیا ، تایبەت دوای ئەوەی لە چواری تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ دا دەولەتی فیدرالیی کوردی لە سەرووی عێراقدا جاڕ درا .

## رۆلی ئامریکا

هاتنەناوەوەی ئامریکا بۆ خوارووی کوردستان راستەوخۆ دوای رووداوانی جەنگی دووەمی کەنداو دەستپێدەکا ، کاتێك دەوڵەتی رەگەزپەرست و داگیرکەری عێراق ناچار کرا ، بەشێك لە خوارووی کوردستان بەجێ بێلێ و ناوچەی ئارامیان بۆ کوردەکان دروست کرد ، هێزی چەکوش ۆ پارێزگاریی کوردەکان پێکهات. لەو بارەوە لە تورکیا بگرەوبەردەیەکی زۆر لەنێوان لایەنگران و نەیارانی رۆلی ئەمریکادا هەیە . نەجمەدین ئاربەکان و بولید ئاجاڤید سەرۆکی پارتی چەپی دیموکرات دوو سەر سەختی دژی رۆلی ئامریکان و پێیان وایە بەردەوامیی هێزی چەکوش لە هێزی (پ‌ك‌ك) زیاد دەکاو لە ئایندەیەکی دوورا دەبێتە ئۆتۆنۆمی ، ئەوجا فیدرالی بۆکوردەکانی تورکیا ، لەهەمان کاتدا سەرپەرشتیی دەرکەوتنی نیمچە دەولەتی کوردی لەسەرووی عێراقدا دەکا ، بەردەوامیش دەبێتە بیانوو بۆ ئامریکا بۆ ئەوەی دەست وەرداتە کاروباری ناوچەکەوە .

## ئەرمینیاو یۆنان و بولگاریا

لە تەپینی یەکێتیی سۆڤیەتەوە ، سامێکی فراوان تورکیای داگرتووە بەوەی نەبادا پەیمانی سیڤەری ١٩٢٠ کە دروستکردنی دەولەتی ئەرمینیا و ئۆتۆنۆمی کوردەکان لە ناوچەیەکی فراوانی

هەواڵنامەی کتێب

خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیای راگەیاندبوو بگەڕێتەوە مەیدان. ئەو ترسە لەسەر بەرزترین ئاستی رەسمی تورکیا بە ئاشکرا قسەی لەسەر دەکرێ. لەوبارەوە تورکیا پێی وایە کە پێوەندیی ئەرمینیاو (پکک) لەسەر بەرژەوەندیی هەردوولا دروست بووەو بە چاکی و قووڵی بەردەوامیی هەیە.

دژمنایەتیی یۆنان و تورکیا بۆتە هاوکاریی یۆنان و (پکک).

کتێبی (تورکیا فی الزمن المتحول) باسی پێوەندیی (پکک)ەو بولگاریا دەکا، تا ئەوەی سەرۆکی بولگاریا گیلیۆ گیێف داوای چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە تورکیا بکاو بڵێ: "ئێمە دەمانەوێ تورکیا وڵاتێکی دیموکراتی و دامەزراو بێ".

## رۆڵی رووسیا

ئەگەرچی تورکیا هێزی سەرەکی ئەتلەسی بوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی شەڕی سارددا، کەچی پێوەندیی تورکیا لە دروستبوونییەوە لە ١٩٢٣دا لەگەڵ سۆڤیەت هیچ گرژییەکی سەرەکییان لەنێواندا پەیدا نەبووە. بەڵام دوای رووخانی سۆڤیەت، مەسەلەی مونافەسەی روسیاو تورکیا لە ئاسیای ناوەراست و قۆقازو بولقان زۆر بە زەقی سەری هەڵدا، تا ئەوەی سەفیری روسیا لە ئەنقەرە ئەلبێرت چیرنێچیف لە ١٩٩٣دا بڵێ: "بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە تورکیا، چاك وایە نموونەی یەکێتیی رووسیا لەبەرچاو بگیرێ.".

ڤلادیمێر جیرینۆڤسکی پێشەوای دەمارتوندی پارتی راست دوای هەڵبژاردنی بە ئەندام لە پەرلەمانی رووسیادا لە کۆتایی ١٩٩٣دا گوتی: "دەبێ تورکیا لەبەین بچێ و نیشتمانی کوردەکانی لەجێ دروست بێ.". مەترسی زۆری بۆ تورکەکان پەیدا کردووە.

## فەرەنساو بەریتانیا

دوای ئەوە محەمەد نورەدین دێتە سەر هەڵوێستی فەرەنساو بەریتانیا کە چۆن هەردوولایان داوای چارەسەری مەسەلەی کورد دەکەن بە شێوەیەکی ئاشتییانە، لەو بارەوە هێمای بۆ قسەیەکی وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا خاتوو لیندا چۆکەر دەکا کە لە ٢٧/٤/١٩٩٤دا دەڵێ: "تورکیا بە کردەوەکانی لە دژی کوردەکان، نێوبانگی خۆی دەزرێنێ و دیموکراسییەتیش لەوێ بەدناو دەکا.".

ئەوجا دێتە سەر چاوەڕوانکردنی ئایندەو بەرنامەی [رەفاه] بۆ چارەسەری کورد، ئۆزال و کورد، یەشار کەمال و کەشی کوردایەتی دوو لاباسی دیکەن لەسەر مەسەلەی کورد.

هەواڵنامەی کتێب

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library

## له نووسه رانی ژماره‌ی ئاینده

دکتۆر عه باسی وه‌لی

دکتۆر مارف خه زنه دار

عه بوللا په شیو